رووداو
RÛDAW
ژمارە (592) دووشەممە 2020/2/17 – 28ی ڕێبەندان 2719 (750) دینار

# حەمکۆ دەستگیرکرایەوە

**رووداو– هەولێر**

بە فەرمانی دادوەر دووبارە ئەکتەری کۆمێدی حەمکۆ لەسەر دۆسیەی دەستدرێژی بۆ سەر کچێکی 30 ساڵان بۆ جاری دووەم دەستگیرکرایەوە. دوای ئەوەی حەمکۆ لە 2019/9/19 بە تۆمەتی هەڵخەڵەتاندن، دەستگیرکرا، دوای سێ مانگ بە کەفالەتی 10 ملیۆن دینار ئازاد کرا، بەڵام لەلایەن پارێزەرەری کچەکەوە بەتۆمەتی ناوزڕاندنی بنەماڵەکەیان سکاڵا لەدژی حەمکۆ تۆمارکرایەوە و لە رۆژی 2020/2/16 دووبارە دەستگیرکرایەوە.

یاسین وەلی، پارێزەری (س. م)ی 30 ساڵ، ئەو کچەی حەمکۆ بەوە تۆمەتبار دەکات دەستدرێژی کردووەتە سەری، بە (رووداو)ی راگەیاند: "جێگەی نیگەرانیمان بوو کە دادگا پێشتر حەمکۆی ئازاد کرد، لە کاتێکدا لیژنەیەکی پزیشکی، پشتڕاستیان کردبووەوە کە حەمکۆ دەستدرێژی کردووەتە سەر (س.م) و کچێنی بردبوو، حەمکۆ لە وتەکانیشیدا بۆ پۆلیس ئەمانەی باسکردبوو، بەڵام ئازاد کرا".

ئەو پارێزەرە دەشڵێ: "حەمکۆ دوای ئازادکردنی، لە روونکردنەوەیەکدا کە لە پەیجی خۆشی دابنابوو بە بڵاوکردنەوەی ناوی سیانی (س.م) ناوی کچەکەی زڕاندبوو، ئەمەش مەترسی لەسەر ژیانی کچەکە و بنەماڵەکەی دروستکرد، بۆیە سکاڵامان لەدژی تۆمارکرد و بە فەرمانی دادوەر دەستگیرکرایەوە".

بەگوتەی کەسێکی نزیک لە (س. م)، ئەو کچە دوو جار هەوڵی خۆکوشتنی داوە. ئەو سەرچاوەیە کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت بە (رووداو)ی راگەیاند: "رۆژانە ئاگاداری (س)ین ئەو لەڕووی دەروونییەوە بەتەواوی رووخاوە، بەجۆرێک ژیانی تێکچووە کە توانای قسەکردنیشی نییە، بەردەوامیش دەگری و دەقیژێنێت". گوتیشی "ئەو کچە لە ترسی کوشتن، لە شوێنێکی پارێزراو دانراوە".

## سەرپەرشتی میلیشیاکانی عێراق دەدرێتە حیزبوڵڵای لوبنانی

5

## شیعە و سوننە لە 20 مادەی دەستوور لەگەڵ کورد ناکۆکن

4



رێبوار کەریم وەلی:

## یەکەم مانۆڕی هاوسەرۆکەکان

19

# ململانێی نەوەی کۆن و نوێی یەکێتی بە کوێ دەگات؟

«4



# پارتی دوو وەزیرەکەی بەغدا ناگۆڕێ

**رووداو – هەولێر**

محەممەد تۆفیق عەللاوی، راسپێردراو بۆ پێکهێنانی حکومەتی کاتی رایگەیاندووە ئەم هەفتەیە کابینەی حکومەتەکەی رادەگەیەنێ، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ گفتوگۆیەکی لەگەڵ کورد نەکردووە، بەرپرسێکی کوردیش دەڵێت ئەگەر راوێژمان پێنەکرێ، بەشداریی حکومەت ناکەین.

رۆژی 2020/2/15 محەممەد تۆفیق عەللاوی لە تویتێکدا رایگەیاند "نزیکین لە بەدیهێنانی دەستکەوتێکی مێژوویی کە بریتییە لە پێکهێنانی کابینەی حکومەتێکی سەربەخۆ لە خەڵکی بەتوانا و دەستپاک، بەبێ دەستوەردانی هیچ لایەنێکی سیاسی، ئەم هەفتەیەش بەپشتیوانیی خودا ناوی ئەندامانی کابینەکەم دوور لە دەنگۆ و دزەپێکردن رادەگەیێنم".

ئەگەرچی پێشتر بەرپرسانی کورد و عێراقی رایانگەیاندبوو کە عەللاوی بۆ پێکهێنانی کابینەکەی سەردانی هەرێمی کوردستان دەکات و لەگەڵ لایەنە کوردییەکان گفتوگۆ دەکات، بەڵام تا ئێستا هیچ سەردانێکی نەکردووە، لە کاتێکدا ئەگەری زۆرە رۆژی سێشەممەی داهاتوو کابینەکەی رابگەیەنێ.

عەرەفات کەرەم، بەرپرسی مەلەفی بەغد لە بارەگای بارزانی، بە (رووداو)ی راگەیاند: "لە راگەیاندنەوە بیستوومانە محەممەد تۆفیق عەللاوی دێتە هەرێمی کوردستان، بەڵام کاتەکەی دیار نییە". عەرەفات کەرەم هۆشداری دا لە پێکهێنانی حکومەت بەبێ پرسی کورد و گوتی "ئەگەر راوێژمان پێ نەکرێ، بەشداری لەو حکومەتەدا ناکەین".

کورد بە سێ وەزارەت لە حکومەتی عێراقدا بەشدارە، ئەوانیش وەزارەتی دارایی و ئاوەدانکردنەوە کە پشکی پارتین، هەروەها وەزارەتی داد کە پشکی یەکێتییە. عەللاوی پێشتر رایگەیاندبوو کە هیچکام لە وەزیرەکانی ئەو کابینەیە دانانێتەوە.

جەعفەر ئیمینکی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی بە (رووداو)ی گوت: "پرسی گۆڕینی وەزیرەکانمان لە ئارادا نییە". بەڵام ئەحمەد حاجی رەشید، ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە فراکسیۆنی کۆمەڵ بە (رووداو)ی راگەیاند: "پارتی دەیەوێ هەردوو وەزیرەکەی وەک خۆی بمێنێتەوە، ئەگەر محەممەد تۆفیق عەللاوی بەمە رازی بێ، ئەوە ئێمە دەنگ بە کابینەکەی نادەین".

«3

# حکومەت مۆڵەتی سێ مانگ دەداتە کۆمپانیا قەرزدارەکان

**رووداو – هەولێر**

حکومەتی هەرێمی کوردستان مۆڵەتی سێ مانگ دەداتە ئەو کۆمپانیایانەی قەرزیان لەلایە و ئەگەر لەو ماوەیە قەرزەکە نەدەنەوە، ئەوە دەست بەسەر ئەو ماڵ و موڵکەیاندا دەگرێ کە لە بەرامبەر قەرزەکە لە رەهنیان داناوە.

بەپێی نووسراوێکی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی بانکە بازرگانییەکان کە بە ژمارە (س/290) لە رۆژی 2020/2/10 دەرچووە و ئاراستەی گشت بانکە بازرگانییەکانی هەرێمی کوردستان کراوە، حکومەت مۆڵەتی تەنیا 3 مانگ دەداتە ئەوانەی قەرزی بازرگانییان لە حکومەت کردووە و دەبێ لە ماوەی ئەو سێ مانگەدا قەرزەکانیان بدەنەوە.

لە نووسراوەکەدا هاتووە: "گەڕانەوەی قەرزەکان بە چەکی بانکی یاخود بە کاش بە مەرجێک کڕین و فرۆشتن بە چەکی بانکییەکە نەکرابێ و چەکی بانکیی حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت". هەروەها "چەکە بانکییەکان بەناوی قەرزدارەکەوە بێ، چەکی بانکی هەمان پارێزگا بێ، بەهیچ شێوەیەکیش چەکەکە چەکی بانکی ئەهلی نەبێت".

بەپێی نووسراوەکەی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی بانکە بازرگانییەکان، ماوەی وەرگرتنەوەی قەرزەکان لە 2020/2/10 دەستپێدەکات، دوایین وادەش بۆ دانەوەی قەرزەکان 2020/5/10 دەبێت، واتە سێ مانگ. ئەگەر خاوەن قەرزەکانیش لەو ماوەیەدا قەرزەکانیان نەدەنەوە، رێکاری یاسایی بەرامبەریان دەگیرێتەبەر.

کازم نامیق، بەڕێوەبەری گشتیی بانکە بازرگانییەکان بەوەکالەت بە (رووداو)ی راگەیاند: "بڕی ئەو قەرزە لەنێوان 770 بۆ 800 ملیار دینارە، پێشتر چەند جارێک رێنمایی دەرکراوە و داوای گەڕاندنەوەی قەرزەکان کراوە، بەڵام بەهۆی قەیرانی داراییەوە نەیانتوانیوە بیگەڕێننەوە، حکومەتیش ماوەکەی بۆ درێژ کردنەوە".

وەزارەتی دارایی دوایین دەرفەت دەداتە قەرزدارەکان. بەڕێوەبەری گشتیی بانکە بازرگانییەکان گوتی: "ئێستا بەپێی رێنمایی ژمارە چواری وەزارەتی دارایی بۆ ساڵی 2020، ماوەی سێ مانگ مۆڵەت دراوە بە کۆمپانیا و بازرگانان و هاووڵاتیان بۆ گەڕاندنەوەی ئەو قەرزانەی لەلایانە، ئەمەش دوایین دەرفەتە و ئەگەر لەو ماوەیەدا نەیانگەڕاندەوە، دەست بەسەر ئەو موڵکانەدا دەگیرێت کە لەبری قەرزەکە لە رەهن دایانناوە".

«3

# گۆڕان داوا لە پارتی دەکات پۆستەکانی لە یەکێتی بۆ وەرگرێتەوە

**رووداو – هەولێر**

ژمارەیەکی زۆر لەو پۆستانەی کە بەرکەوتەی گۆڕانن لە کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دەستی یەکێتیدان، گۆڕان گازەندە دەکات لەوەی یەکێتی ئامادە نییە ئەو پۆستانەی رادەست بکات، داواش دەکات پارتی ئەو پۆستانەی بۆ لە یەکێتی وەربگرێتەوە.

شەماڵ عەبدولوەفا، ئەندامی خانەی راپەڕاندنی بزووتنەوەی گۆڕان بە (رووداو)ی گوت: "بەپێی ئەو رێککەوتنەی لەگەڵ پارتی کردوومانە، گۆڕان 12%ی پۆستەکانی حکومەتی بەردەکەوێ. 8%ی ئەو پۆستانەی بەرکەوتەی گۆڕانن ئێستای لای یەکێتین".

یەکێک لەو پۆستانەی کە گۆڕان داوای دەکات و یەکێتی دەستبەرداری نابێ، پۆستی ئەمینداری گشتیی وەزارەتی پێشمەرگەیە. ئێستا گۆڕان دەیەوێ لە رێگەی پارتییەوە قەناعەت بە یەکێتی بهێنێ دەستبەرداری ئەو پۆستانە بێ کە گۆڕان بە بەرکەوتەی خۆی دەزانێت. شەماڵ عەبدولوەفا دەڵێ: "ئێمە داوامان لە پارتی کرد قسە لەگەڵ یەکێتی بکات، دوای ئەوەش کۆبوونەوەی سێ قۆڵی بکەین".

بزووتنەوەی گۆڕان کە چوار وەزارەتی لە حکومەت هەیە، داوای چوار بریکاری وەزیر و 23 بەڕێوەبەری گشتی و 23 راوێژکار دەکات.

دانا عەبدولکەریم، وەزیری ئاوەدانکردنەوە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کە ئەندامی شاندی دانوستاندنکاری گۆڕانە بۆ گفتوگۆ لەگەڵ سەرۆکی حکومەت، بە (رووداو)ی راگەیاند: "چوار بریکاری وەزیرمان هەیە، لە دوایین کۆبوونەوەماندا لەگەڵ پارتی بەڵێنیان پێدایین کە فەرمانی دەستبەکاربوون بۆ بریکاری وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی پەروەردە دەربکەن، بە حیساب فەرمانەکە دەرچووە، بەڵام هێشتا بەدەستی ئێمە نەگەیشتووە، جگە لەوەش هەردوو بریکاری وەزارەتی شارەوانی و کارەبا کە گۆڕان داوای کردووە، لەلای یەکێتییە و پارتی دەبێ قسە لەگەڵ یەکێتی بکات بۆ ئەوەی رادەستمان بکەن".

«3

2 راپۆرتە هەواڵ

## بازرگانێکی کورد لە دەروازەی پەروێزخان بێسەروشوێن دەبێت



12 ژنان

## ژنێکی کورد چەکدارانی داعش دادگایی دەکات

8 ئابووری

## هەولێر پێویستی بە هێلکەی تورکی نەماوە



11 تاراوگە

## وەسیەتی کچە کوردێک دەبێتە جێی سەرنجی سویدییەکان



راپۆرتە هەواڵ
ڕووداو
ژمارە (592) - دووشەممە 2020/2/17



## قائیمقامی هەولێر: ڕۆژانە 400 تۆن غاز دەگاتە هەولێر

ڕووداو- هەولێر

قایمقامی هەولێر ڕایگەیاند، ڕۆژانە 400 تۆن غاز دەگاتە سنووری پارێزگای هەولێر و بەشی پێداویستی هاووڵاتیان دەکات. نەبەز عەبدولحەمید، قائیمقامی هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ماوەی دوو ڕۆژە 400 تۆن غاز دەگاتە سنووری پارێزگای هەولێر و ئەو بڕەش بەشی هەموو پێداویستییەکانی سنوورەکە دەکات. ناوبراو گوتیشی "هەموو کارگەکانی سنووری هەولێر غازیان پێگەیشتووە و کاردەکەن، هەموو بریکارەکانیش غازیان وەرگرتووە و بۆ هەموو گەڕەکەکانیان بردووە، بەڵام نەگەیشتنی غاز بە هەولێر بۆ ماوەی چەندین ڕۆژ لە ڕۆژانی پێشوودا بۆشایی زۆری دروستکردووە و هاووڵاتیان لە ترسی دووبارەبوونەوەی کێشەکە زیاد لە پێویست غاز دەکڕن".



# بازرگانێکی کورد لە دەروازەی پەروێزخان بێسەروشوێن دەبێت

شکار ئەحمەد
ڕووداو – هەولێر

زیاتر لە سێ ساڵە بازرگانێکی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەروازەی سنووریی پەروێزخان دیار نەماوە، کەسوکارەکەی دەڵێن لە دەروازەکە مۆری دەرچوونیان لە پاسپۆرتەکەی داوە، بەڵام دواتر گەڕاندوویانەتەوە و تائێستا بێسەروشوێنە.

بەهمەن حوسێنی، دانیشتووی شاری جوانڕۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بازرگانی قوماشە. لە ساڵی 2017ـەوە بێسەروشوێنە. عەبدوڵڵا حوسێنی، باوکی بەهمەن بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "بەهمەن لە 2017/2/4 بە ئۆتۆمبێلی خۆی هاتووەتە نێو خاکی هەرێمی کوردستان، لە 2017/2/9 لە کاتی گەڕانەوەی بۆ ئێران لە کەلار پەیوەندی پێوەکردین، گوتی دوای دوو سەعاتی دیکە دەگەڕێتەوە، بەڵام لەوکاتەوە مۆبایلەکەی داخراوە و بێسەروشوێنە".

بەهمەن تەمەنی 33 ساڵ بووە و خێزاندارە و کوڕێکی 5 ساڵانی بەناوی بڕیار هەیە، خۆی و براکانی بۆ کڕینی قوماش زوو زوو سەردانی هەولێریان دەکرد. ئەیوب حوسێنی، برای بەهمەن بە (ڕووداو)ی گوت: "براکەم بەتەنیا چووبوو بۆ هەولێر و هەر بە تەنیاش گەڕاوەتەوە. لە هەولێر کوتاڵی کڕیوە، لەکاتی گەڕانەوەی لە دەروازەی سنووریی پەروێزخان مۆری دەرچوونیان لە پاسپۆرتەکەی داوە و هەروەها نووسراوی دەرچوونی ئۆتۆمبێلەکەشیان بۆ کردووە کە بەرەو ئێران گەڕاوەتەوە".

کەسوکاری بەهمەن پێیانوایە لە دەروازە سنوورییەکە گەڕاندوویانەتەوە. ئەیوبی براشی دەڵێ: "سەردانی بەڕێوەبەرایەتی پاسپۆرتی سلێمانیمان کرد، ئەوان دەڵێن گەڕاوەتەوە ئێران، بەڵام لە دامودەزگا پەیوەندیدارەکانی ئێران بەدواداچوونمان کردووە دەڵێن نە خۆی و نە ئۆتۆمبێلەکەشی نەهاتوونەوە نێو خاکی ئێران".

کەسوکاری بەهمەن سکاڵایان لەدژی

> **برای بازرگانەکە:**
>
> سکاڵامان لەدژی دەزگای زانیاری و بەرپرسانی دەروازەکە تۆمار کردووە

بەرپرسانی دەروازە سنوورییەکە و لایەنە ئەمنییەکان تۆمار کردووە، براکەی دەڵێت: "داوامان لە بەرپرسانی دەروازەی سنووریی پەروێزخان کرد کامێرای چاودێرییەکانمان پێشان بدەن، ئەوان گوتیان دەبێت لە خانەقین سکاڵا تۆمار بکەن و ئێمەش کردمان، بەپێی ئەوەی لە کامێرای چاودێری دەردەکەوێت، براکەم دوای ئەوەی نزیکی سەعات 9ی شەو دەچێتە نێو مەرزەکە، دوای 20 خولەک دیارنامێنێ".

ئەیوب گوتیشی: "ڤیدیۆکەمان داوەتە کونسوڵگەریی ئێران لە سلێمانی و هەولێر و نوێنەری یەکێتیش، بەڵام هیچ وەڵامیان نەبوو، تەنیا کونسوڵگەریی ئێران لە سلێمانی پێیانگوتین نامەمان بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان ناردووە، بەڵام وەڵامیان نەداوەتەوە".

کەسوکاری بەهمەن سکاڵایان لەدژی بەرپرسانی دەروازە سنوورییەکە و دەزگای زانیاری تۆمار کردووە. ئەیوب عەبدوڵڵا گوتی: "سەرەتا لە خانەقین سکاڵامان تۆمار کرد، دواتر لە دادگای سلێمانی و داواکاری گشتیش سکاڵامان لە دژی دەزگای زانیاری و بەرپرسانی دەروازەی سنووریی پەروێزخان تۆمار کرد، چونکە لەڕێگەی چەند خزمێکی خۆمانەوە بەدواداچوونمان کردووە، ئەوان دەڵێن لە دەزگای زانیاری لە قەڵاچوالان گیراوە".

ئەیوب نازانێ بەهمەنی برای لەسەر چی گیراوە و دەڵێت: "ئێمە بە بنەماڵە کۆتاڵفرۆشین و هیچ پەیوەندییەکمان بە سیاسەت و کاری تاوانکارییەوە نییە، بۆیە نازانین براکەم ئەگەر دەستگیر کرابێت لەسەر چی گیراوە و چ تاوانێکی کردووە، دەزگا ئەمنییەکانیش نە دەڵێن گرتوومانە نە دەشڵێن لەنێو خاکی هەرێمی کوردستاندا ماوە".

لەبارەی دۆسیەی بەهمەن و هەموو ئەو کەسانەی لەنێو خاکی هەرێمی کوردستان بێسەروشوێنن، محەممەد گۆمەشینی، گوتەبێژی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئێمە پێشتریش ڕامانگەیاندووە کە هەر حاڵەتێکی بێسەروشوێنبوون هەبێت، بەتایبەت ئەگەر پێیانوابێت ون بووە، کەسوکاری ونبووەکە دەتوانن لەلای ئێمە سکاڵا تۆمار بکەن، ئێمەش بەدواداچوون بۆ دۆسیەکەیان دەکەین".

# شەش کەناڵی ئایینی سزا دەدرێن و پەخشیان رادەگیرێت

شکار ئەحمەد
ڕووداو – هەولێر

وەزارەتی رۆشنبیری بەهۆی پابەندنەبوون بە ڕێنماییەکان و پەخشکردنی بەرنامەی خێرخوازی بەشێوەیەکی نایاسایی، شەش کەناڵی لۆکاڵی داخست کە بەشێکیان سەر بە حیزبە ئیسلامییەکانن. دوو کەناڵیش بەهۆی بڵاوکردنەوەی بیری توندئاژۆیی و دوو کەناڵیش بەهۆی بەرنامەی خێرخوازییەوە داخراون.

بەپێی نووسراوێکی وەزارەتی رۆشنبیری کە لە 2020/2/5 دەرچووە، هەریەک لە کەناڵەکانی (داهێن، سرووشت، تەسەوف، کۆمەڵ، ئاسمان و U2 بۆ ماوەی یەک هەفتە داخران، لەکاتی دووبارەکردنەوەی سەرپێچیشدا کەناڵەکە بە بەیەکجاری دادەخرێ و مۆڵەتەکەی هەڵدەوەشێتەوە.

هۆکاری داخستنی ئەو کەناڵانە بەهۆی "بەرنامەی خێرخوازی"یە. سیروان عوسمان، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوەی هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئەو کەناڵانە کە بەشێکیان سەر بە حیزبە ئیسلامییەکانن، پابەند نەبوون بە ڕێنماییەکانی تایبەت بە پەخشکردنی بەرنامەی خێرخوازی".

یەکێک لە مەرجەکانی پەخشکردنی ئەو جۆرە بەرنامانە ئەوەیە کە کەناڵەکە حیسابێکی بانکی هەبێت و داهاتی بەرنامە خێرخوازییەکان بخرێنە سەر ئەو حیسابە بانکییە، سێ مانگ جارێکیش داهاتەکانی بۆ وەزارەت ئاشکرا بکات. بەڵام سیروان عوسمان دەڵێت: "زۆربەی کەناڵەکان ئەم حیسابە بانکییەیان نییە".

> **بەرپرسێک لە وەزارەتی رۆشنبیری:**
>
> هەشت کەناڵ بەبێ مۆڵەت کاردەکەن و لە وەزارەت واستەیان کردووە

خاڵێکی دیکەی ڕێنماییەکان ئەوەیە کە نابێت ڕوخساری کەسە کەمدەرامەتەکە پیشان بدرێت، بەڵام سیروان عوسمان دەڵێت: "پابەندی ئەوەش نابن، پێشتریش دوو کەناڵمان لەسەر ئەو بەرنامە خێرخوازییانە داخستووە".

بەپێی قسەی ئەو بەرپرسەی وەزارەتی رۆشنبیری، بەشێک لە کەناڵەکان مامەڵە بە خەڵکی کەمدەرامەت دەکەن: "ئێمە زانیاریمان هەیە %40ی ئەو داهاتە نەگەیشتووەتە دەستی کەمدەرامەتان و مامەڵەی نایاسایی پێوەکراوە".

تاوەکو ئێستا 19 کەناڵی ئاسمانی و 86 کەناڵی لۆکاڵی مۆڵەتی پەخشیان لە وەزارەتی رۆشنبیری وەرگرتووە، ساڵانەش رسوماتیان لێوەردەگیرێ. پێشتر چەند کەناڵێک لەسەر نەدانی رسومات سزادراون.

سیروان عوسمان دەڵێ: "پێشتر بەشێک لە کەناڵەکان رسوماتی چەند ساڵێکیان نەدابوو، بەپێی تایبەتمەندیش کاریان نەدەکرد، کەناڵی وەرزشی هەبوو وتاری ئاینی و کەناڵی ئاینیش هەبوو یاریی تۆپی پێی پەخش دەکرد، کەناڵیش هەبوو تایبەت بە منداڵان، بەڵام تا بەرەبەیان پەخشی هەبوو، ڕیکلامەکانیشیان بۆ کەسانی گەورە بوو نەک منداڵ، بۆیە ڕێکخستنێکی گشتیمان کرد و پۆلێنمان کردن و سزاشمان دان، ئێستا زۆر لە جاران باشترە و زۆربەی کەناڵەکان رسوماتیان داوە، بەڵام بەشێکیان نایدەن".

بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکراوەکانی هەولێر دەڵێ: "ئێستا 8 کەناڵ کە چواریان حیزبین و چواریشیان ئەهلین بەبێ مۆڵەتی وەزارەتی رۆشنبیری کاردەکەن، ئەوانە واستەیان هەیە و واستەکەشیان هەر لەنێو وەزارەتی رۆشنبیری بۆ کراوە".

ژمارەیەکی زۆر کەناڵی ئیسلامی لە هەرێمی کوردستان هەن کە بە گوتەی سیروان عوسمان تێیاندایە بیری توندئاژۆیی بڵاودەکەنەوە. سیروان عوسمان دەڵێ: "لەو بابەتە کەناڵە ئیسلامییەکان زۆر باش پابەندی ڕێنماییەکانی ئێمە دەبن، بەڵام دوو کەناڵی دیکەمان لەسەر بڵاوکردنەوەی بیری توندئاژۆیی داخستووە، ئێستا پەنایان بردووەتە بەر ماڵپەرە نافەرمییەکان و سۆشیاڵ میدیا، هەمان ئەو بەرنامانە بڵاودەکەنەوە، بەهۆی نەبوونی یاسایەکیش بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ماڵپەرەکان، ناتوانین لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکەین، بۆیە پێویستە یاسایەکی تازەیان بۆ دەربکرێت".

## مەسیحییەک لە شوێنی دادەنرێت

# دوای 28 ساڵ جێگری پارێزگاری دهۆک دەگۆڕدرێ

ناسر عەلی
ڕووداو- دهۆک

بەهزاد عەلی ئادەم، کە ماوەی 28 ساڵ جێگری پارێزگاری دهۆک بوو، حەفتەی ڕابردوو بڕیاری خانەنشینییەکەی دەرچوو. بە گوێرەی زانیارییەکان کەسێکی مەسیحی لە شوێنی ئەو دادەنرێ و دوو کەسیش کاندیدی بەهێزن بۆ ئەو پۆستە. جگە لە پۆستی جێگری پارێزگاری دهۆک، کۆمەڵێک گۆڕانکاری دیکەش لە بەڕێوەبەرە گشتی و قایمقامەکانی پارێزگاکە دەکرێن.

گۆڕینی جێگری پارێزگاری دهۆک پرسێکی نوێ نییە، ماوەی دوو ساڵ بوو باسوخواسی زۆر لەسەر گۆڕانکاری لەو پۆستە دەکرا. ساڵی ڕابردوو باسەکە گوڕوتینی تێکەوت، کاتێک بڕیار بوو کەسێکی زاخۆیی لەو پۆستە دەستبەکار بێ، بەڵام بەگوێرەی زانیارییەکانی (ڕووداو) بەهۆی ڕێکنەکەوتن لەسەر بەربژێرێک، ئەو بابەتە هەر یەکلایی نەبووەوە.

سەرچاوەیەکی ئاگادار بە مەرجی ئاشکرانەکردنی ناوی بۆ (ڕووداو)ی ئاشکرا کرد کە بڕیارە هەتا پێش نەورۆز گۆڕانکاری دیکەش بکرێن و گوتی: "بەهزاد عەلی ئادەم، جێگری پارێزگاری دهۆک خۆی خانەنشین بووە، ئێستا بابەتی هەرە گەرم پڕکردنەوەی ئەو پۆستە و چەند پۆستێکی دیکە لە بەڕێوەبەری گشتی، قایمقامەکان و بەڕێوەبەری ناحیەکانە".

بەهزاد عەلی بڕیارەکەی پشتڕاستکردەوە و گوتی: "بڕیاری خانەنشینم دەرچووە و لەم چەند ڕۆژەدا واز لە پۆستەکەم دێنم".

بەپێی زانیارییەکان، چەند مانگێک لەمەوبەر شاندێکی بزافی ئاشووری کە ئەندامێکیان لە ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک هەیە، سەردانی مەسروور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان کردبوو، شاندەکە لەو کۆبوونەوەیەدا داوای پۆستی جێگری پارێزگاری دهۆکیان کردبوو، بەشێوەی زارەکیش بەڵێنیان وەرگرتبوو کە ئەو پۆستە بۆ ئەوان دەبێ.

سەرچاوەکە ناوی دوو بەربژێرە بەهێزەکەی ئەو پۆستەشی ئاشکرا کرد کە هەریەک لە لینوس عەودیشۆ، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک لەسەر لیستی بزافی ئاشووری و ئاشوور سەرگۆن، فەرمانبەری شارەوانیی دهۆکن.

لینوس عەودیشۆ بۆ (ڕووداو)ی پشتڕاستکردەوە کە بە زارەکی ئاگادار کراونەتەوە پۆستی جێگری پارێزگاری دهۆک بۆ بزافی ئاشوور دەبێ، بەڵام هێشتا هیچ ڕێککەوتنێکی لەسەر نەکراوە. سەرچاوەکەی (ڕووداو) دەڵێ: "ئەگەر کەسێکی مەسیحی زاخۆیی هەبێ، ئەوە چانسی لە هەموان بەهێزتر دەبێ بۆ وەرگرتنی پۆستی جێگری پارێزگاری دهۆک".

لە کاتی دەستبەکاربوونی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە کۆمەڵێک گۆڕانکاری لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی پارێزگای دهۆکدا کراون، بەپێی زانیارییەکان، بڕیارە هەتا پێش نەورۆزی ئەمساڵ جێگری پارێزگار، شەش بەڕێوەبەری گشتی و پێنج قایمقامی سنووری پارێزگای دهۆک بگۆڕدرێن، دوای نەورۆزیش گۆڕانکاری لە پۆستی بەڕێوەبەری ناحیە و پۆستەکانی دیکە بکرێ.

ئیدریس هەرکی، سەرۆکی لیژنەی یاسایی لە ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک، لەبارەی گۆڕانکارییەکە دەڵێ: "بەپێی یاسای پەرلەمانی کوردستان، ژمارە سێی ساڵی 2009، پارێزگار دەبێ سێ ناو بۆ ئەنجوومەن بنێرێ، تاوەکو لەلایەن ئەنجوومەنەوە پەسەند بکرێ. ئێمە چاوەڕێی ناوەکانین بۆ پەسەندکردن. دواتر ناوەکە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران دەنێرین، بۆ ئەوەی بڕیاری دەستبەکاربوونیان بۆ دەربچێ".

بەهزاد عەلی ئادەم، کە هەتا کۆتایی ئەم هەفتەیە لە پۆستەکەی دەبێ، لە ساڵی 1992 لەسەر حیسابی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان بووە جێگری پارێزگاری دهۆک، لە ساڵی 1994 لەبەر سەرهەڵدانی شەڕی نێوخۆ ڕووی لە دەرەوەی وڵات کرد بێ ئەوەی لە پۆستەکەی دووربخرێتەوە، لە ساڵی 2005 هاتە ناو پارتی دیموکراتی کوردستان و لە ئەوروپاوە گەڕاوە کوردستان و لە پۆستی جێگری پارێزگاری دهۆک بەردەوام بوو.

## دادگای نەینەوا بڕیارەکەی دەرکردووە

# بڕیاری لەسێدارەدانی گەنجێکی ئێزدی نارەزایەتی لێدەکەوێتەوە

ناسر عەلی
ڕووداو- دهۆک

دەرچوونی بڕیاری لەسێدارەدان بۆ گەنجێکی کوردی ئێزدی لەلایەن دادگای نەینەوا کاردانەوەی توندی ئێزدییەکانی لێکەوتووەتەوە. باوکی گەنجە ئێزدییەکە دەڵێ کوڕەکەی لە ڕۆژی ئەو تاوانەی لەسەری سزا دراوە لە شوێنی ڕووداوەکە نەبووە، کەسوکاری گەنجە کوژراوەکەش داوا دەکەن دادگاییەکە لە هەرێمی کوردستان بەڕێوەبچێ.

لە ڕۆژی سێی ئابی 2017 گەنجێکی کوردی خەڵکی زوممار بە ناوی فارس نەواب محەممەد، 25 ساڵ، لە ڕووداوێکی تەقەکردن لە کۆمەڵگای خانەسۆری سەر بە ناحیەی سنوونێ لە سنووری قەزای شنگال کوژرا، هاوڕێیەکیشی بریندار بوو. 15 ڕۆژ دواتر چەند گەنجێکی کوردی ئێزدیی خەڵکی شنگال لەسەر ئەو ڕووداوە دەستگیرکران. ڕۆژی چواری شوبات، دادگای تاوانی نەینەوا بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ خالد شەمۆ، تەمەن 21 ساڵ و دانیشتووی سەنتەری شنگال دەرکرد.

شەمۆ قەیرانی، باوکی خالد، بە (ڕووداو)ی گوت: "ڕۆژی ڕووداوەکە کوڕەکەم لە کەمپی قادیا لە زاخۆ بوو. نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە ئێمە نانی خێرمان دابەش دەکرد و دەیان کەسی گوند لە ماڵی ئێمە بوون و کوڕەکەی منیان بینیوە. بۆیە بڕیارەکەی دادگا دادپەروەرانە نییە، داوا لە هەموو لایەک دەکەم بەرامبەر ئەو بڕیارە بێدەنگ نەبن".

لە دوای دەرکردنی داعش لە شنگال، بۆشاییەکی گەورەی ئەمنی لەو ناوچەیە دروستبووە کە بووەتە هۆی ئەوەی ناوچەی شنگال ببێتە گۆڕەپانی ململانێی هێز و لایەنە جیاجیاکان. ئێستا حەوت هێز لە شنگال هەن کە هەرکامیان فەرمان و ڕاسپاردە لە لایەنی سەرەوەی خۆی وەردەگرێ. ئەو دۆخە وایکردووە لە چەند ساڵی ڕابردوودا 85 کەس بکوژرێن و هیچ کەسێکیش لەسەر ئەو کوشتنانە دەستگیر نەکرێ.

نەواب محەممەد، باوکی فارس، دەڵێ: "کوڕەکەم پێشمەرگە بوو، لە ڕیزی پێشەوەی شەڕی دژی داعش بوو. ڕۆژی دووی ئاب لەگەڵ ئامۆزایەکی خۆمان سەردانی شنگالیان کرد، ئێوارە گەڕایەوە و گوتی چەند تۆنێک پیازی لە شنگال کڕیوە. ڕۆژێک دواتر لەگەڵ خزمێکی دیکەمان چوونە شنگال، پاشنیوەڕۆکەی کوژرا".

> **باوکی گەنجە ئێزدییەکە:**
>
> کوڕەکەم بێتاوانە

خزمەکەی فارس لە ڕووداوەکەدا ڕزگاری بوو، هەر ئەویش دواتر بۆ باوکی فارسی گێڕابووەوە کە چوار کەسی چەکدار ڕێگەیان لێ گرتوون و تەقەیان لێکردوون. نەواب دەڵێ "بە قسەی خزمەکەمان ئەو گەنجە ئێزدییەش لەگەڵ ئەوان بووە، بەڵام نازانین کێ تاوانبارە".

باوکی فارس بە دووری دەزانێ خالد بکوژی سەرەکی بێ و دەڵێ: "ئەوەی زانیاری بەو گەنجانە داوە و پلانی بۆ داڕشتوون، دەستگیر نەکراوە. ئێمە نازانین کێ تاوانەکەی کردووە، بەڵام دەڵێین تاوانباری دیکەش هەن".

شەمۆ بڕیارەکەی دادگا بە "سیاسی" وەسف دەکات و دەپرسێ: "بۆچی بڕیاری لەسێدارەدان بۆ دەیان عەرەبی داعش دەرناکەن کە سەدان کچ و کوڕی ئێمەیان کوشت و کڕین و فرۆشتنیان پێوەکردن".



فارس نەواب لە سێی ئابی 2017 لە کۆمەڵگەی خانەسۆر کوژرا

باوکی کوژراوەکە نایەوێ ڕووداوەکە ببێتە تایفی و دەڵێ: "تەنیا دەمەوێ مافی کوڕەکەم ون نەبێ، ئەگەر ئەوان بە بڕیارەکە قایل نین، ئەوە ئێمە ڕازین لە هەرێمی کوردستان دادگایی بکرێن، بۆ ئەوەی تاوانباری ڕاستەقینە بە سزای خۆی بگات".

> **باوکی کوژراوەکە:**
>
> ئەگەر بە بڕیارەکە قایل نین، ئەوە ئێمە ڕازین لە هەرێمی کوردستان دادگایی بکرێن

# پارتی دوو وەزیرەکەی بەغدا ناگۆڕێ

زریان حاجی
ڕووداو- هەولێر

محەممەد تۆفیق عەلاوی، ڕاسپێردراو بۆ پێکهێنانی حکومەتی کاتی وا چاوەڕوان دەکرێ ئەم هەفتەیە کابینەی حکومەتەکەی ڕابگەیەنێ، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ گفتوگۆیەکی لەگەڵ کورد نەکردووە، بەرپرسێکی کورد دەڵێت ئەگەر ڕاوێژمان پێنەکرێ، بەشداریی حکومەت ناکەین.

بەپێی مادە 76ـی دەستووری عێراق، محەممەد تۆفیق عەلاوی، سەرۆکوەزیرانی ڕاسپێردراوی عێراق تا سەرەتای مانگی ئاداری داهاتوو کاتی لەبەردەستە بۆ ڕاگەیاندنی کابینەکەی لە پەرلەمان و بەدەستهێنانی متمانە، بەڵام بەنیازە بەر لە تەواوبوونی ئەو وادەیە کابینەکەی ڕابگەیەنێ.

ڕۆژی 2020/2/15 محەممەد تۆفیق عەللاوی لە تویتێکدا ڕایگەیاند "نزیکین لە بەدیهێنانی دەستکەوتێکی مێژوویی کە بریتییە لە پێکهێنانی کابینەی حکومەتێکی سەربەخۆ لە خەڵکی بەتوانا و دەستپاک، بەبێ دەستوەردانی هیچ لایەنێکی سیاسی، ئەم هەفتەیەش بەپشتیوانیی خودا ناوی ئەندامانی کابینەکەم دوور لە دەنگۆ و دزەپێکردن ڕادەگەیێنم".

سەرۆکوەزیرانی ڕاسپێردراوی عێراق دەشڵێت هیوادارە ئەندامانی پەرلەمان دەنگ بە کابینەکەی بدەن: "بۆ دەستکردن بە جێبەجێکردنی داواکارییەکانی گەل".

ئەگەرچی پێشتر بەرپرسانی کورد و عێراقی ڕایانگەیاندبوو کە عەللاوی بۆ پێکهێنانی کابینەکەی سەردانی هەرێمی کوردستان دەکات و لەگەڵ لایەنە کوردییەکان گفتوگۆ دەکات، بەڵام تا ئێستا هیچ سەردانێکی نەکردووە، لە کاتێکدا ئەگەری زۆرە ڕۆژی سێشەممەی داهاتوو کابینەکەی ڕابگەیەنێ.

> ئەگەر ڕاوێژمان پێنەکرێ، بەشداری لە حکومەتەکەی عەللاویدا ناکەین
>
> عەرەفات کەرەم

عەرەفات کەرەم، کە لە خولی ڕابردوو ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران بووە و ئێستا بەرپرسی مەلەفی بەغدایە لە بارەگای بارزانی، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لە ڕاگەیاندنەوە بیستوومانە محەممەد تۆفیق عەللاوی دێتە هەرێمی کوردستان، بەڵام کاتەکەی دیار نییە".

عەرەفات کەرەم هۆشداری دا لە پێکهێنانی حکومەت بەبێ پرسی کورد و گوتی "ئەگەر ڕاوێژمان پێ نەکرێ، بەشداری لەو حکومەتەدا ناکەین، ناکرێ حیسابی پارتی وەک عەسائیب بکرێ".

هاوکات مستەفا چاوڕەش، ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی یەکێتی، سەبارەت بە پێکهێنانی حکومەتی عێراق بەبێ پرسی کورد دەڵێت: "ئەوەی ئەو دەیکات لای هیچ کەس قبووڵ نییە، دانانی وەزیر بێ پرسی کورد و بەبێ ئەوەی کورد نوێنەری ڕاستەقینەی خۆی هەبێ، وەک خەڵکە کارتۆنییەکانی ڕابردووی لێدێ".

هەوڵەکانی سەرۆکوەزیرانی ڕاسپێردراوی عێراق بۆ دەستنیشانکردنی وەزیرەکانی کابینەکەی لە دەرەوەی حزب، کوردی لە بەغدا کردووەتە دوو


محەممەد تۆفیق عەللاوی، ڕاسپێردراو بۆ پێکهێنانی حکومەتی کاتی

بەرە، بەرەیەک پێی ڕازی نییە و دەڵێ ناکرێ کەسێکی دیکە لە بری حیزبە بەشدارەکانی حکومەت بڕیار بدات، بەرەی دووەمیش لەگەڵ عەللاویدایە و پشتگیری لە دانانی وەزیرەکان لە دەرەوەی حیزب دەکات.

کورد بە سێ وەزارەت لە حکومەتی عێراقدا بەشدارە، ئەوانیش وەزارەتی دارایی و ئاوەدانکردنەوە کە پشکی پارتین، هەروەها وەزارەتی داد کە پشکی یەکێتییە. عەللاوی پێشتر ڕایگەیاندبوو کە هیچکام لە وەزیرەکانی ئەو کابینەیە دانانێتەوە.

جەعفەر ئیمینکی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی بە (ڕووداو)ی گوت: "پرسی گۆڕینی وەزیرەکانمان لە ئارادا نییە". بەڵام د.بەشیر حەداد، جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق دەڵێت: "پارتی گرفتی لە گۆڕینی کەسەکانی نییە و هەر ئەو کەسانەشی نییە، ئەگەر زانی بەرژەوەندی لەوەدایە و ڕێککەوتن کرا بۆ ئەوەی کەسەکان بگۆڕن، دەیانگۆڕێ".

گرووپی 15 کە لە پەرلەمانتارانی (گۆڕان، نەوەی نوێ، یەکگرتوو و کۆمەڵی ئیسلامی) پێکدێن، پشتگیری لە عەلاوی دەکەن کە وەزیرەکانی کابینەکەی لە کەسانی دەرەوەی حیزبەکان بن.

ئەحمەد حاجی ڕەشید، ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە فراکسیۆنی کۆمەڵ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "پارتی دەیەوێ هەردوو وەزیرەکەی وەک خۆی بمێنێتەوە، ئەگەر محەممەد تۆفیق عەللاوی بەمە ڕازی بێ، ئەوە ئێمە دەنگ بە کابینەکەی نادەین".

هەفتەی ڕابردوو عەلاوی لەگەڵ گرووپی 15 کۆبووەوە، ئەحمەد حاجی ڕەشید کە یەکێک بوو لە بەشداربووانی کۆبوونەوەکە، کاتی ڕاگەیاندنی کابینەکەی عەللاوی ئاشکرا کرد و گوتی: "عەللاوی گوتوویەتی هەفتەی داهاتوو کابینەکەم بە 13 وەزیرەوە ڕادەگەیەنم". گوتیشی: "شیعەکان 13 وەزیریان بەردەکەوێ و هەر هەموویان یەکلایی کراونەتەوە، بەڵام ناوەکانیان نازانم".

وا بڕیارە لەو کابینەیەدا سوننە پێنج وەزارەتی بەربکەوێ و کوردیش سێ وەزیر.

ڕۆژی 2020/2/15 ئەیاد عەلاوی، سەرۆکی هاوپەیمانی نیشتیمانی کە ئامۆزای محەممەد تۆفیق عەللاوییە، سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد و لەگەڵ مەسعود بارزانی، سەرۆکی پێشووی هەرێمی کوردستان کۆبووەوە.

> وەزیرەکانی پارتی دابنرێنەوە دەنگ بە کابینەکەی عەللاوی نادەین
>
> پەرلەمانتارێکی گرووپی 15:

بەگوێرەی ڕاگەیەنراوی کۆبوونەوەکە، بارزانی و عەللاوی لەسەر سێ خاڵ ڕێککەوتوون، خاڵی سێیەم باس لەوە دەکات کە "پێویستە پێکهاتەی حکومەتی داهاتوو نوێنەرایەتی هەمووان بکات و هەموو پێکهاتەکانی عێراق بەشداریی تێدا بکەن تا یەکانگیریی نیشتمانی و خواستە ئاشتیخوازانەکانی خۆپێشاندەران و بزاڤی جەماوەری بگرێتە خۆی".

عەرەفات کەرەم دەڵێت هەوڵەکانی محەممەد عەلاوی بۆ پێکهێنانی حکومەت بە دڵی هەموو لایەنەکان نییە "هەریەک لە نووری مالیکی، ئەیاد عەلاوی، عەمار حەکیم، محەممەد حەلبووسی و زۆر حیزبی شیعە و سوننە ڕازی نین بەم جۆرە مامەڵە لەگەڵ حیزبەکان بکرێ، بۆیە پێمانوایە ئەگەر محەممەد تۆفیق عەللاوی گوێ بە حیزبەکان نەدات، حکومەتەکەی سەرکەوتوو نابێت".

# گۆڕان داوا لە پارتی دەکات بەرکەوتەی پۆستەکانی لە یەکێتی بۆ وەرگرێتەوە

زریان حاجی
ڕووداو- هەولێر

ژمارەیەکی زۆر لەو پۆستانەی کە بەرکەوتەی گۆڕانن لە کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دەستی یەکێتیدان، گۆڕان گازەندە دەکات لەوەی یەکێتی ئامادە نییە ئەو پۆستانەی ڕادەست بکات کە دیارترینیان پۆستی ئەمینداری گشتیی وەزارەتی پێشمەرگەیە.

ئەندامێکی خانەی ڕاپەڕاندنی بزووتنەوەی گۆڕان ژمارەی ئەو پۆستانە ئاشکرا دەکات کە گۆڕان لە حکومەت داوای دەکات و ئێستا بە دەست یەکێتییەوەن.

شەماڵ عەبدولوەفا، لەوبارەوە بە (ڕووداو)ی گوت: "بەپێی ئەو ڕێککەوتنەی لەگەڵ پارتی کردوومانە، گۆڕان 12%ی پۆستەکانی حکومەتی بەردەکەوێ. 8%ی ئەو پۆستانەی بەرکەوتەی گۆڕانن ئێستای لای یەکێتین".

یەکێک لەو پۆستانەی کە گۆڕان داوای دەکات و یەکێتی دەستبەرداری نابێ، پۆستی ئەمینداری گشتیی وەزارەتی پێشمەرگەیە. ئێستا گۆڕان دەیەوێ لە ڕێگەی پارتییەوە قەناعەت بە یەکێتی بهێنێ دەستبەرداری ئەو پۆستانە بێ کە گۆڕان بە بەرکەوتەی خۆی دەزانێت.

شەماڵ عەبدولوەفا دەڵێ: "ئێمە داوامان لە پارتی کرد قسە لەگەڵ یەکێتی بکات، دوای ئەوەش کۆبوونەوەی سێ قۆڵی بکەین".

ڕۆژی پێنجشەممە 2020\2\6 پارتی و بزووتنەوەی گۆڕان دوور لە چاوی کامێراکان کۆبوونەوە، ئەمەش دوای ناڕەزایەتی و گلەییەکانی گۆڕان هات کە گازەندەیان لە پڕنەکردنەوەی پۆستەکانیان لە حکومەتدا کرد.

شەماڵ عەبدولوەفا گوتی: "ئەوان ئامادەییان دەربڕی ئەو پۆستانەی پشکی گۆڕانە و لەلای خۆیانە بماندەنێ، بەڵام هێشتا ئەو بڕیارەیان جێبەجێ نەکردووە".

بزووتنەوەی گۆڕان کە چوار وەزارەتی لە حکومەت هەیە، داوای چوار بریکاری وەزیر و 23 بەڕێوەبەری گشتی و 23 ڕاوێژکار دەکات.

دانا عەبدولکەریم، وەزیری ئاوەدانکردنەوە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کە ئەندامی شاندی دانوستاندنکاری گۆڕانە بۆ گفتوگۆ لەگەڵ سەرۆکی حکومەت، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "چوار بریکاری وەزیرمان هەیە، لە دوایین کۆبوونەوەماندا لەگەڵ پارتی بەڵێنیان

> 8%ی ئەو پۆستانەی بەر بزووتنەوەی گۆڕان دەکەون لەلای یەکێتین
>
> ئەندامێکی خانەی ڕاپەڕاندنی بزووتنەوەی گۆڕان:

پێدایـن کە فەرمانی دەستبەکاربوون بۆ بریکاری وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی پەروەردە دەربکەن، بە حیساب فەرمانەکە دەرچووە، بەڵام هێشتا بەدەستی ئێمە نەگەیشتووە، جگە لەوەش هەردوو بریکاری وەزارەتی شارەوانی و کارەبا کە گۆڕان داوای کردووە، لەلای یەکێتییە و پارتی دەبێ قسە لەگەڵ یەکێتی بکات بۆ ئەوەی ڕادەستمان بکەن".

دانا عەبدولکەریم ئاشکرای کرد کە جگە لەو چوار بریکارەی وەزیر، داوای سێ نوێنەرایەتیی حکومەتیشیان لە دەرەوە کردووە و لەسەر دوویان ڕێککەوتوون، بەڵام هێشتا ئەوەیان یەکلایی نەکردووەتەوە کە نوێنەری کام وڵاتانە وەردەگرن. هەروەها داوای ئەمینداری وەزارەتی پێشمەرگە و بەڕێوەبەرێکی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەیان کردووە.

بە گوتەی بەرپرسانی گۆڕان، ئەو ڕێککەوتنە سیاسییەی لەگەڵ پارتی کردوویانە، جێبەجێکردنەکەی بە دڵی ئەوان ناچێتە پێش، بۆیە ڕۆژی 2020/2/14 یاداشتنامەیەکیان ئامادە کردووە و بەنیازن لەم هەفتەیە بیدەنە پارتی.

دەرباز محەممەد، ئەندامی خانەی ڕاپەڕاندنی بزووتنەوەی گۆڕان لە بەرنامەی (ڕووداوی ئەمڕۆ)ی تەلەڤزیۆنی (ڕووداو)دا ڕایگەیاند "کۆمەڵێک تێبینیمان هەیە، گرنگترینیان کۆمەڵێک مەلەفی گەورەی چاکسازییە کە هەنگاوی بۆ نەهاوێژراوە".

ئەندامێکی جڤاتی نیشتیمانی بزووتنەوەی گۆڕان پێیوایە جەمسەرەکانی ناو یەکێتی هۆکار بوون لەوەی تاوەکو ئێستا یەکێتی و بزووتنەوەی گۆڕان تەواوی پشکەکانیان لە حکومەت وەرنەگرتووە.

خەلیل سەرکانی ئەندامی جڤاتی گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "بەشێک لەو هۆکارانەی کە تا ئێستا کابینەی حکومەت بەتەواوی پێکنەهێنراوە و لایەنەکان نەیانتوانیوە شوێنەکانیان پڕبکەنەوە، ئەو ئاریشە و ئاڵۆزی و یەکتر قبوڵنەکردنەی ناو جەمسەرەکانی یەکێتییە، جگە لەوەش پارتی خاوەخاو دەکات و گۆڕانیش بۆ ئەو بابەتە زۆر جددی نەبووە".

بەڵام سەمیر هەورامی کە گوتەبێژی جێگری سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستانە، ڕەتیکردەوە یەکێتی هۆکاری دواکەوتنی پڕکردنەوەی پۆستەکان بووبێ و بە (ڕووداو) گوت: "دەبێ گۆڕان چاوەڕێ بکات تا هەرسێ لایەن ڕێکبکەون لەسەر ژمارە و جۆری پشکەکان، بۆیە ئەو بابەتە سیاسییە و دەبێ لە ڕووی سیاسیەوە وەڵامی بدرێتەوە".

هەورامی ئاماژەی بەوەدا "یەکێتی داواکاری خۆی پێشکەش کردووە و چاوەڕێی وەڵامی یەکلاکەرەوەی پارتییە، ئیدی هیچ کێشەیەک لەو بابەتەدا نییە و تا ئێستاش دوو بۆ سێ کۆبوونەوە لەسەر جۆر و ژمارەی پشکەکان کراوە و لە ڕێککەوتنیش نزیکن".

بزووتنەوەی گۆڕان داوای هەریەک لە لێپرسراوی سندووقی داهاتە نەوتییەکان و یاریدەدەری سەرۆکی حکومەت بۆ چاکسازیشی کردووە. شەماڵ عەبدولوەفا دەڵێت بۆ پۆستی یەکەم چەند بەربژێرێکیان هەیە. بۆ پۆستەکەی دیکەش تا ئێستا ناوی جەلال جەوهەر دێت، بەڵام ئەو پۆستە پێویستی بە یاسا هەیە و دەبێ یاسای بۆ دەربچێ.

سەبارەت بە کاتی وەرگرتنی ئەو پۆستانەی کە ماون، شەماڵ عەبدولوەفا گوتی: "ئەوەی من ئاگادارم کۆتایی ئەم مانگە فەرمانی دەستبەکاربوون بۆ هەموو ڕاوێژکارەکان و بەڕێوەبەرە گشتییەکان و سەرۆکی دەستەکانی گۆڕان دەردەچێ کە 23 ڕاوێژکار و 23 بەڕێوەبەری گشتین، ئەوانەی لەلای پارتین کێشەمان نییە و پارتی ڕازی بووە بیانداتە گۆڕان، بەڵام ئەوانەی لەلای یەکێتین، یەکێتی دەڵێت تا هاوسەرۆکەکانی یەکێتی دانەنرێن، دەستبەرداریان نابن".

## دەڵێت ئەوە دوایین دەرفەتە

# حکومەت مۆڵەتی سێ مانگ دەداتە کۆمپانیا قەرزدارەکان

ڕووداو- هەولێر

حکومەتی هەرێمی کوردستان مۆڵەتی سێ مانگ دەداتە ئەو کۆمپانیایانەی قەرزیان لەلایە و ئەگەر لەو ماوەیە قەرزەکە نەدەنەوە، ئەوە دەست بەسەر ئەو ماڵ و موڵکەیاندا دەگرێ کە لە بەرامبەر قەرزەکە لە ڕەهنیان داناوە. کۆمپانیاکانیش سەرپشک کراون لەوەی قەرزەکانیان بە کاش یان چەکی بانکی بدەنەوە.

بەپێی نووسراوێکی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی بانکە بازرگانییەکان کە بە ژمارە (س/290) لە ڕۆژی 2020/2/10 ئاراستەی گشت بانکە بازرگانییەکانی هەرێمی کوردستان کراوە، حکومەت مۆڵەتی تەنیا 3 مانگ دەداتە ئەوانەی قەرزی بازرگانییان لە حکومەت کردووە و دەبێ لە ماوەی ئەو سێ مانگەدا قەرزەکانیان بدەنەوە.

لە نووسراوەکەدا هاتووە: "گەڕانەوەی قەرزەکان بە چەکی بانکی یاخود بە کاش بە مەرجێک کڕین و فرۆشتن بە چەکی بانکییەکە نەکرابێ و چەکی بانکیی حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت". هەروەها "چەکە بانکییەکان بەناوی قەرزدارەکەوە بێ، چەکی بانکی هەمان پارێزگا بێ، بەهیچ شێوەیەکیش چەکەکە چەکی بانکی ئەهلی نەبێت".

کازم نامیق، بەڕێوەبەری گشتیی بانکە بازرگانییەکان بەوەکالەت بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "لەدوای ساڵی 2003 و 2004 بەپێی ڕێنماییەکانی حکومەت و بانکەکان قەرزی ئاسانکاری دراوە بە کۆمپانیا و بازرگانان و هاووڵاتیان، بڕی قەرزەکەش لەنێوان 770 بۆ 800 ملیار دینارە، پێشتر چەند جارێک ڕێنمایی دەرکراوە و داوای گەڕاندنەوەی قەرزەکان کراوە، بەڵام بەهۆی قەیرانی داراییەوە نەیانتوانیوە بیگەڕێننەوە، حکومەتیش ماوەکەی بۆ درێژ کردنەوە".

وەزارەتی دارایی دوایین دەرفەت دەداتە قەرزدارەکان. بەڕێوەبەری گشتیی بانکە بازرگانییەکان گوتی: "ئێستا بەپێی ڕێنمایی ژمارە چواری وەزارەتی دارایی بۆ ساڵی 2020، ماوەی سێ مانگ مۆڵەت دراوە بە کۆمپانیا و بازرگانان و هاووڵاتیان بۆ گەڕاندنەوەی ئەو قەرزانەی لەلایانە، ئەمەش دوایین دەرفەتە و ئەگەر لەو ماوەیەدا نەیانگەڕاندەوە، دەست بەسەر ئەو موڵکانەدا دەگیرێت کە لەبری قەرزەکە لە ڕەهن دایانناوە".

ڕێباز حەملان، یاریدەدەری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کاروباری وەبەرهێنان و ئەنجوومەنی ڕاژەی گشتی، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ هەفتەنامەی (ڕووداو) کە هەفتەی ڕابردوو بڵاکرایەوە، ئاشکرای کرد کە 700 ملیار دیناری حکومەت لەلای کۆمپانیاکانە و حکومەت بەنیازە بەمنزیکانە لێیان وەربگرێتەوە.

ڕێباز حەملان دەڵێت: "ئەو ماوەیەی کە دەبوو قەرزەکە بگەڕێننەوە بەسەرچووە، بۆیە دەبێ ئێستا بە یەکجار قەرزەکە بگەڕێننەوە. حکومەت لێژنەیەکی لە نێوان وەزارەتی دارایی و سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران و فەرمانگەی بەدواداچوون و چاودێریی دارایی داناوە، بۆ ئەوەی ئەو قەرزەی لەلای ئەو کۆمپانیا و سەرمایەدارانەیە لێیان وەربگیرێتەوە".

گوتیشی: "وەرگرتنەوەی قەرزەکە لەمساڵەوە دەستپێدەکات و لە نزیکترین کاتیشدایە".

بەپێی نووسراوێکی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی بانکە بازرگانییەکان، ماوەی وەرگرتنەوەی قەرزەکان لە 2020/2/10 دەستپێدەکات، دوایین وادەش بۆ دانەوەی قەرزەکان 2020/5/10 دەبێت، واتە سێ مانگ.

بەگوێرەی نووسراوەکە، ئەگەر خاوەن قەرزەکان لەو ماوەیەدا قەرزەکانیان نەدەنەوە، ئەوە ئیجرائاتی یاساییان بەرامبەر دەگیرێتەبەر "دوای تەواوبوونی ئەو سێ مانگە، ڕێکاری یاسایی بەرامبەریان دەگیرێتەبەر".

بەڵام ڕێباز حەملان دەڵێت هەندێک لەو کۆمپانیایانە فێڵیان لە حکومەت کردووە "ئەو موڵکەی لە جیاتی قەرز دایانناوە، یان وجوودی نییە، یان نرخەکەیان زۆر کەمترە لە قەرزەکە، ئەمەش کێشەی بۆ حکومەت دروستکردووە".

تا ئێستا حکومەت چەند جارێک ڕێنمایی و بڕیاری بۆ گەڕاندنەوەی ئەو قەرزانە دەرکردووە، لەوانەش بڕیاری ژمارە دووی ساڵی 2019ی بەڕێوەبەرایەتیی گشتی بانکە بازرگانییەکان. بەڕێوەبەرایەتیی ناوبراو لە ڕۆژی 2019/2/17 پاڵپشت بە نووسراوێکی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان داوای گەڕانەوەی ئەو قەرزانەی کردووە. لە ڕێنماییەکەدا ماوەی شەش مانگ (2019/2/20 تاوەکو 2019/8/20) بۆ خاوەن قەرزەکان دانرابوو کە قەرزەکانیان بگەڕێننەوە، بەڵام زۆربەی کۆمپانیاکان لەو وادەیە قەرزەکانیان نەگەڕاندووەتەوە.

پێشتر سۆران عومەر، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی لە پەرلەمانی کوردستان لە ڕێگەی جێگری سەرۆکی پەرلەمانەوە داوای ڕوونکردنەوەی لە حکومەت کردبوو لەبارەی نەگەڕاندنەوەی ئەو 700 ملیار دینارەی لەلای کۆمپانیاکانە.

جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانیش لە ڕۆژی 2019/12/4 نووسراوەکەی ئەو پەرلەمانتارەی ئاراستەی حکومەت کردووە، وەزیری داراییش لە وەڵامی ئەو نووسراوەدا گوتوویەتی کە کۆمپانیاکان و هاووڵاتیان 700 ملیار دیناری حکومەت قەرزدارن و بە بیانووی جۆراوجۆر نایدەنەوە. لەو ماوەیەشدا چەندین ڕێنمایی دەرچوون بۆ گەڕاندنەوەی ئەو قەرزانە کە دوایینیان ڕێنمایی ژمارە دوو بووە.

# ململانێی نەوەی کۆن و نوێی یەکێتی بە کوێ دەگات؟


زریان حاجی
رووداو — هەولێر


ئەو هۆشدارییەی کە هەفتەی رابردوو کۆسرەت رەسوڵ بە ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی یەکێتی دا، جێگەی خۆی گرت و کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی لەبارەی هەموارکردنی پەیڕەوی ناوخۆ راگیران، ئێستاش کۆسرەت رەسوڵ بە سەفەرێک لە دەرەوەیە و دیار نییە کەی دەگەڕێتەوە.

رۆژی 2020/2/11 کۆسرەت رەسوڵ، سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای سیاسی و بەرژەوەندیی یەکێتی نامەیەکی ئاراستەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی حیزبەکەی کرد و داوای هەڵپەساردنی کۆبوونەوەکانی کرد، لە نامەکەدا هاتبوو: "کۆبوونەوەکانتان بۆ ماوەیەک هەڵپەسێرن.. تەواوی ئەو بڕیارانەی داوتانن بۆ دەسەڵات و ئۆرگانەکان مەترسی لەسەر هاوسەنگیی ریزەکانمان هەیە.. پێویستە کۆبوونەوەی تایبەتی و بەرپرسیارانە بۆ چارەسەرکردنی گرفت و کێشەکان و بۆچوونە جیاوازەکان بکەین".

دوایین کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی یەکێتی لە رۆژی 2020/2/15 بە سەرپەرشتی کۆسرەت رەسوڵ بەڕێوەچوو، کۆبوونەوەکە زۆری نەخایاند و لەسەر داوای کۆسرەت رەسوڵ کۆبوونەوەکانی هەموارکردنی پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی هەڵپەسێردران، تا ئەو کاتەی ناوبراو لە ئوردن دەگەڕێتەوە کە بە گوتەی بەرپرسانی یەکێتی بە سەفەرێکی کورت سەردانی دەرەوەی وڵاتی کردووە.

لە کۆبوونەوەی 8ی شوباتی 2020دا ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی یەکێتی سیستمی هاوسەرۆکی پەسەندکرد و بڕیارە دوو هاوسەرۆک بۆ یەکێتی هەڵبژێردرێن، هەرچەندە زیاتر ناوی لاهوور شێخ جەنگی و بافڵ تاڵەبانی وەک هاوسەرۆک دەهێنرێت، بەڵام تاوەکو ئێستا بە فەرمی رانەگەیێنراوە.

سەرەڕای نامەکەی کۆسرەت رەسوڵ، بەڵام کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی یەکێتی بۆ هەموارکردنی پەیڕەوی ناوخۆ بەردەوام بوون، لە کۆبوونەوەی رۆژی 13ی مانگیش گفتوگۆ لەبارەی پەیڕەوەکە تەواو بوو. دوای کۆبوونەوەکە، مستەفا چاوڕەش سەرپەرشتیاری کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی یەکێتی بە (رووداو)ی راگەیاند:

"لە کۆبوونەوەکەدا تەواوی ماددەکانی پەیڕەوی نێوخۆی یەکێتی گفتوگۆیان لەبارەوە کرا، زۆربەی ماددەکانیش پەسەندکران، تەنیا ئەو ماددانە نەبن کە پەیوەندییان بە ئەنجوومەنی باڵای سیاسیی یەکێتییەوە هەیە". مستەفا چاوڕەش گوتیشی: "دەمانەوێ دوای راوێژ لەگەڵ برادەرانی ئەنجوومەنی باڵای سیاسی، ماددەکانی دیکە پەسەند بکەین، چونکە ئەوانیش هەڤاڵی ئێمەن و دەمانەوێ گفتوگۆ لەگەڵ ئەوان بکەین و دواتر تەواوی ماددەکان پەسەند بکەین".

ناکۆکییەکانی نێوان نەوەی کۆنی یەکێتی (ئەنجوومەنی باڵای سیاسی) لەگەڵ نەوەی نوێ (ئەنجوومەنی سەرکردایەتی) لە هەفتەی رابردوودا بە ئاشکرا دەرکەوتن. دوای هۆشدارییەکەی کۆسرەت رەسوڵ، هەریەک لە بافڵ تاڵەبانی و لاهوور شێخ جەنگی کە زۆرترین دەنگی کۆنگرەیان هێنا، سەردانی کۆسرەت رەسوڵیان کرد.

مەریوان عەبدوڵڵا، کە رۆژنامەڤانێکی یەکێتییە، باسی رێککەوتنی هەردوو نەوەکە دەکات و دەڵێت "بە ئەگەرێکی زۆرەوە پەیکەری یەکێتی بە جۆرێک دەبێ کە یەکێتی دوو هاوسەرۆکی دەبێ، ئەگەری بەهێز ئەوەیە بافڵ تاڵەبانی و لاهوور شێخ جەنگی ببنە هاوسەرۆک، بەو پێیەی زۆرترین دەنگی کۆنگرەیان هێناوە. هاوسەرۆکەکان دوو جێگریان دەبێت، بەهێزترین بەربژێرەکانیش شاڵاو کۆسرەت رەسوڵ و رەفعەت عەبدوڵڵا دەبن".

بەڵام مستەفا چاوڕەش، سەرپەرشتیاری کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی گشتیی سەرکردایەتیی یەکێتی دەڵێت: "هێشتا ناوی هیچ کەسێک بۆ هاوسەرۆکانی یەکێتی یەکلایی نەکراوەتەوە، ئەوە دوای تەواوبوونی گفتوگۆکان لەگەڵ ئەنجوومەنی باڵای سیاسی و پەسەندکردنی تەواوی ماددەکان دەبێت".

پێشتر ئەنجوومەنی باڵای سیاسی لە کۆبوونەوەیەکدا لە رۆژی 2020/1/16 لیژنەیەکی لە هەریەک لە (مەلا بەختیار، حاکم قادر، دلێری سەید مەجید) پێکهێنا بۆ ئامادەکردنی پرۆژەیەک سەبارەت بە دیاریکردنی دەسەڵاتەکانی ئەنجوومەنەکە لە پەیڕەوی ناوخۆدا.

رۆژنامەنووسەکەی یەکێتی دەڵێت: "دەسەڵاتەکانی ئەنجوومەنی باڵای سیاسی و بەرژەوەندی یەکێتی بەجۆرێک دەبێت کە لە ئاست پێگە و خەباتی سەرۆک و ئەندامانی ئەنجوومەنەکە بێت، واتا بەشێک لە دەسەڵاتەکانی بەڕێوەبردنی یەکێتییان لا دەبێت بە هەماهەنگی لەگەڵ هاوسەرۆکان و جێگرەکانیان و مەکتەبی سیاسی یەکێتی".



به بڕیاری کۆسرەت رەسوڵ عەلی، کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی یەکێتی هەڵپەسێردراون

ئەگەرچی لە پەیڕەوی ناوخۆدا مەکتەبی سیاسی نەمابوو، بەڵام لە هەموارەکەدا مەکتەبی سیاسی دانراوەتەوە کە بە گوتەی رۆژنامەنووسەکەی یەکێتی، ئەگەری زۆرە ژمارەی ئەندامانی 20 کەس بێ. سەعدی ئەحمەد پیرە پشتڕاستی کردەوە کە مەکتەبی سیاسی یەکێتی دەمێنێ و گوتی "مەکتەبی سیاسیمان دەبێ و ژمارەی ئەندامەکانیشی لەوانەیە تا 15 کەس بڕوات".

بەگوتەی هەرێم کەمال ئاغا، ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی یەکێتی: "بەرپرسی مەکتەبەکانی یەکێتی کە بریتین لە پەیوەندییەکان، رێکخستن، هەڵبژاردن، کۆمەڵایەتی، شەهیدان، بیر و هۆشیاری، دارایی، ناوەندی دەرەوە، رێکخراوە دیموکراتەکان هەموویان دەبنە ئەندامی مەکتەبی سیاسی و پێدەچێ ژمارەی مەکتەبەکانیش زیاتربن، هەروەها سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیش، ئەگەری هەیە ببێتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی".

> **کاک کۆسرەت گوتی سێ رۆژم پێدەچێت، ئەگەر نەهاتەوە رەنگە قسەیەکی دیکە بکەین**
>
> مستەفا چاوڕەش

مستەفا چاوڕەش لەبارەی وادەی کۆبوونەوەی داهاتووی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی دەڵێت: "رەنگە رۆژی شەممەی داهاتوو کۆببینەوە، بەڵام لەوانەشە کاتی کۆبوونەوەکە بەپێی پێشهاتەکان گۆڕانکاریی بەسەردا بێت".

نیگەرانییەکانی ئەنجوومەنی باڵای سیاسی، دوای پەسەندکردنی سیستمی هاوسەرۆکی بۆ یەکێتی سەریانهەڵدا کە بەگوێرەی پەیڕەوی ناوخۆ هاوسەرۆکەکانی یەکێتی دەسەڵاتێکی زۆریان دەبێ.

سەعدی ئەحمەد پیرە، ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی یەکێتی دەڵێت: "هەموو بڕیارەکان لەلایەن ئەنجوومەنی سەرکردایەتییەوە دەردەچن و سەرچاوەی بڕیار لای ئەوە، هەموو مەکتەبەکان دەگەڕێنەوە بۆ ئەنجوومەنی سەرکردایەتییە 124 کەسییەکە، هەروەها ئەنجوومەنی سەرکردایەتی بڕیار لەسەر دەسەڵاتی هەموو ئۆرگانەکان دەدات، لەگەڵ ئەوەشدا هەموو رێککەوتننامەیەکی سیاسی دەبێ ئەنجوومەنی سەرکردایەتی موسادەقەی بکات".

سەبارەت بە دەسەڵاتەکانی ئەنجوومەنی باڵای سیاسیش، دەڵێت: "ئەنجوومەنی باڵای سیاسی دەسەڵاتی لە پرسە ستراتیژی و گرنگەکان و ئەو بابەتانەدا دەبێت کە پەیوەندییان بە بەرژەوەندیی یەکێتی و کوردەوە هەیە. ئەگەر هەست بە کەموکوڕی بکات، ئەوا دێتە جواب و رایاندەگرێ. یان جاری وا هەیە بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای سیاسی بانگێشت دەکرێ و بۆ هەندێک بڕیار و گفتوگۆ، ئەوکات بڕیارەکان دەبنە بڕیاری هاوبەش".

ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی یەکێتی هەموارکردنی پەیڕەوەکەی تەواو کردووە، ماوەتەوە گفتوگۆ لەسەر دەسەڵاتی ئەنجوومەنی باڵای سیاسی بکات کە ئۆرگانێکی نوێی یەکێتییە و لە کۆنگرەی چوارەمدا دامەزرا.

پۆڵا سیروان تاڵەبانی، ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی یەکێتی بە (رووداو)ی راگەیاند: "رۆژی 2020\2\15 دەبووایە قسە لەسەر ئەو بابەتە بکەین، بەڵام بەهۆی سەفەری کاک کۆسرەتەوە بۆ چەند رۆژێک بابەتەکەمان دواخست".

بەگوتەی سەرپەرشتیاری کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی یەکێتی، کۆبوونەوەکانیان بە بڕیاری کۆسرەت رەسوڵ وەستاون و چاوەڕوانی گەڕانەوەی دەکەن. مستەفا چاوڕەش گوتی: "کاک کۆسرەت گوتی سێ رۆژم پێدەچێت، تا سێشەممە کۆبوونەوەکانتان دوابخەن و بوەستن دێمەوە، ئێمەش لەسەر قسەی ئەو کۆبوونەوەکانمان وەستاندووە، ئەگەر نەهاتەوە ئەو کاتە رەنگە قسەیەکی دیکە بکەین".

### کۆسرەت رەسوڵ عەلی دەگەڕێتەوە؟

کۆسرەت رەسوڵ ساڵانێکە باری تەندروستی باش نییە، پێشتریش چەند نەشتەرگەرییەکی بۆ کراوە. بەرپرسانی یەکێتی قسەی جیاواز لەبارەی سەفەری ئەمجارەی بۆ دەرەوە دەکەن.

سەعدی ئەحمەد پیرە، لە بارەی تەندروستیی کۆسرەت رەسوڵ عەلی دەڵێ: "تەندروستیی باشە و خراپ نییە، مەوعیدێکی دکتۆری هەبوو بۆ قاچی، بۆیە سەفەری ئوردنی کردووە".

هەر لەوبارەوە د.دارا رەشید، وەزیری پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە پزیشکی تایبەتی کۆسرەت رەسوڵە، بە (رووداو)ی راگەیاند: "هەرکات من لەگەڵ کاک کۆسرەت بم بزانن نەخۆشە، بەڵام بابەتی چوونی بۆ ئوردن سەرپێییە و شتێکی گشتییە لەگەڵ چەند هەڤاڵێکی رۆیشتووە". مەسعود مەلا هەمزە، سکرتێری رۆژنامەوانیی کۆسرەت رەسوڵیش لەبارەی سەردانەکەی بۆ ئوردن گوتی: "باری تەندروستی زۆر باشە و هیچ نەشتەرگەرییەکی بۆ ناکرێ".

# شیعە و سوننە لە 20 مادەی دەستوور لەگەڵ کورد ناکۆکن


رووداو- هەولێر


لیژنەی هەمواری دەستووری عێراق پێداچوونەوەی بە زۆربەی مادەکاندا کردووە، ئەندامە کوردەکانی لیژنەکە دەڵێن لەسەر 20 مادەی دەستوور ناکۆکی هەیە کە بەشێکیان پەیوەندیی راستەوخۆیان بە دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستانەوە هەیە.

ڤیان سەبری، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی و یەکێک لە ئەندامانی لیژنە 30 کەسییەکەی هەمواری دەستووری هەمیشەیی عێراق ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە هیچ مادەیەکی دیاریکراو نییە "ناکۆکیمان لەسەری هەبێ" و گوتی "ئەو خاڵانەی لە کاتی کۆبوونەوەکاندا تێبینییان لەسەرە، لە دوای پێداچوونەوە بە مادەکانی دەستوور کۆبوونەوەیان لەسەر دەکەین و هەوڵ دەدەین بگەینە رێککەوتن، ئەو خاڵانەش کە رێککەوتنیان لەسەر نەکراوە دەبردرێنە پەرلەمان و دەخرێنە دەنگدانەوە".

بەڵام ئەندامێکی دیکەی کورد لە لیژنەکە دەڵێت ناکۆکی لەسەر زۆر خاڵ هەن. د.جەمال کۆچەر، پەرلەمانتاری عێراق لە فراکسیۆنی یەکگرتوو لەوبارەوە بە (رووداو)ی راگەیاند "نزیکەی 20 مادە هەن کە ناکۆکییان لەسەرە"، لەوانەش مادەکانی "1، 49، 65 و 76".

بەگوتەی پەرلەمانتارەکەی یەکگرتوو، کێشە لەسەر مادەکانی 110 هەتا 120یش هەن کە دەکەونە بەندی چوارەمی دەستوور و بوارەکانی دەسەڵاتی فیدراڵی و دەسەڵاتی هەرێمەکان دەگرنەوە، جیا لەمە مادەکانی 140 و 141 و 142یش ناکۆکییان لەسەرە.

لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی 2019 وە خۆپیشاندان بەغدا و شارەکانی خوارووی عێراقی گرتەوە. پەرلەمانی عێراق بۆ هێورکردنەوەی خۆپیشاندەران، لە رۆژی 28ی تشرینی یەکەمی 2019 لیژنەیەکی کاتی بۆ هەموارکردنی دەستوور پێکهێنا کە شەش ئەندامی کوردن. ئەو هەنگاوە لە کاتێکدا بوو کە زۆرینەی هەرەزۆری داخوازییەکانی خۆپیشاندەران تایبەت بوون بە خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان.

ڤیان سەبری لەبارەی کارەکانی لیژنەکە دەڵێ: "تەنیا چوار مانگمان بۆ دانرابوو، دەبووایە لە 28ی شوباتی ئەمساڵ کارەکانمان تەواو کردبا، بەڵام پشووی یاسادانان هاتەپێش، بۆیە مانگێک دوای پشووەکەمان دەوێ هەتا کارەکانمان تەواو بکەین".

> **دەیانەوێ دەسەڵاتە هاوبەشەکان بکەنە دەسەڵاتی ئیتیحادی**
>
> سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی:

مادەی 140 پەیوەندی بە یەکلاکردنەوەی چارەنووسی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکانەوە هەیە لەنێوان هەولێر و بەغدا. کۆی ئەو پرۆسانەی کە پەیوەندییان بە جێبەجێکردنی ئەو مادەیەوە هەیە دەبوو هەتا مانگی کانوونی یەکەمی 2007 تەواو بکرێن، بەڵام چارەنووسی ئەو ناوچانە هەتا ئێستاش یەکلانەبوونەتەوە، وەک دیارە پەرلەمانتارە شیعەکان دەیانەوێ بەسەر مادەی 140دا باز بدەن.

پەرلەمانتارەکەی فراکسیۆنی یەکگرتوو دەڵێت: "شیعەکان فۆکەسێکی زۆریان لەسەر کێشەی کەرکووکە و دەڵێن کێشەی کەرکووک چارەسەر بووە، یاسای هەیە و تەعدیلی دەکەین، مەبەستیان یاسای پۆڵ بریمەرە کە کاتی خۆی دایناببوو، لە یاساکەدا هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک لە پارێزگاکانی دیکە جیاکراوەتەوە".

کۆتایی ساڵی رابردوو پرسی گۆڕینی سیستەمی حوکمڕانیی عێراق لە پەرلەمانییەوە بۆ سەرۆکایەتی هاتە بەرباس. لە مادەی یەکەمی دەستووردا، عێراق بەو جۆرە پێناسە کراوە کە "رژێمی حوکمڕانی تێیدا کۆماری، نوێنەرایەتی (پەرلەمانی) و دیموکراسییە".

د.جەمال دەڵێ: "مادەی یەکەم خیلافی لەسەر بوو کە سیستەمەکە ببێتە سەرۆکایەتی یان پەرلەمانی، ئەمە دەبێ لە پەرلەمان یەکلایی ببێتەوە".

مادەی 65ی دەستووری عێراق یەکێک لەو مادانەیە کە مشتومڕی نێوان نوێنەرانی هەرێم و نوێنەرانی بەشەکانی دیکەی عێراقی لەسەرە. ئەو مادەیە پەیوەندی بە دامەزراندنی ئەنجوومەنی فیدراڵییەوە هەیە کە بە لقی دووەمی پەرلەمان لەقەڵەم دەدرێ و دوای پێکهێنانی دەتوانێ لە پاڵ ئەنجوومەنی نوێنەران کار بکات.

بەپێی مادەی 65 ئەنجوومەنی فیدراڵی (ئیتیحادی) نوێنەرانی هەرێمەکان و ئەو پارێزگایانە لەخۆدەگرێ کە لە چوارچێوەی هەرێمێکدا رێکنەخراون. یاساکانی پێکهێنانی ئەنجوومەنەکە بەپێی 2 لەسەر 3ی دەنگی ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق رێکدەخرێ کە تێیدا مەرجەکانی ئەندامبوون و دەسەڵاتەکانی دەخرێنەڕوو. بەو پێیەش کە هەتا ئێستا رەشنووسی یاسای پێکهێنانی ئەنجوومەنەکە نەخراوەتەڕوو، بۆیە لێڵییەکی زۆر لەبارەی جێبەجێکردنی ئەو مادەیە هەیە. جێبەجێکردنی ئەو مادەیە مەترسی ئەوەی دروستکردووە کە مافی هەرێمی کوردستان وەک قەوارەیەکی دەستووری پێشێل بکرێ.

دەسەڵاتی جێبەجێکار، یاسادانان و دادوەریی عێراق لەسەر سێ ئاست دابەشکراون کە دەسەڵاتە ئیتیحادییەکان، دەسەڵاتە هاوبەشەکان و دەسەڵاتەکانی هەرێم و پارێزگاکان لەخۆدەگرێ. بە گوتەی ئەندامە کوردەکانی لیژنەی هەمواری دەستوور، چەند گروپێکی سەرەکیی شیعە دەیانەوێ دەسەڵاتە هاوبەشەکان بۆ دەسەڵاتی ئیتیحادی بگۆڕن.

ڤیان سەبری لەوبارەوە گوتی: "چەند لایەنێک هەوڵ دەدەن دەسەڵاتە هاوبەشەکان بەرز بکەنەوە و بیانکەن بە دەسەڵاتی ئیتیحادی، ئێمە بەرامبەر ئەوە وەستاوین و رێگریمان لێکردووە". پەرلەمانتارەکەی پارتی ناوی ئەو گروپانەی بۆ (رووداو) ئاشکرا نەکرد.

بەڵام د.جەمال کۆچەر لەوبارەوە زانیاری زیاتری دا و گوتی زۆربەیان ئەو گروپانەن کە میلیشیا و چەکداریان هەیە و "حەزیان لێیە کۆنترۆڵی دەوڵەتی عێراق بکەن، ئەوان دەڵێن دەبێ حکومەتێکی مەرکەزی بەهێز دابنێن، ئەوانە خەڵکانی سەر بە قەیس خەزعەلی، سەدرییەکان و عەممار حەکیمن کە لە هەموو شتێکدا بەرامبەر کورد توندیان کردووە و جەماعەتی حیزبی دەعوە (بە هەردوو باڵی مالیکی و عەبادییەوە) و فەتح حەزیان لێیە حکومەتی عێراق ببێتە مەرکەزی و سیستەمەکە ببێتە سیستەمی سەرۆکایەتی و دەسەڵاتەکانی حەسری بینەوە".

پرسی دابەشکردنی داهاتی نەوت و غاز یەکێکە لەو کێشانەی لە دوای پەسەندکردنی دەستوور لە ساڵی 2005 بەرۆکی پەیوەندییەکانی هەرێم و بەغدای گرتووە. ئەو کێشەیە لە هەردوو مادەی 111 و 112ی دەستووری عێراقدا باسکراوە، بەڵام کورد و بەغدا خوێندنەوەی جیاوازیان بۆی هەیە.




> **شیعەکان بەرامبەر هەموو شتێکی کورد کێشەیان هەیە**
>
> ئەندامێکی لیژنەی هەمواری دەستوور

مادەی 111 باس لەوە دەکات کە "نەوت و غازی هەموو هەرێمەکان و پارێزگاکان هی هەموو خەڵکی عێراقە". کێشەکە لە مادەی 112دا دروست دەبێ کە تێیدا هاتووە: "حکومەتی فیدراڵی لەگەڵ پارێزگا و هەرێمە بەرهەمهێنەرەکانی نەوت ئیدارەی هەموو ئەو نەوت و غازانە دەکەن کە لە کێڵگەکانی ئێستا دەردەهێنرێن" بەبێ ئەوەی ئاماژە بۆ ئەو کێڵگانە بکات کە دوای دەرچوونی ئەو مادەیە دەدۆزرێنەوە. هەرێمی کوردستان جەخت دەکاتەوە لەوەی ئەو مادەیە تەنیا باسی ئەو کێڵگانە دەکات کە لە کاتی دەرچوونی دەستووری عێراقدا هەبوون.

نوێنەرەکەی یەکگرتوو دەڵێ: "ئەوان (نوێنەرانی شیعە) دەڵێن هەرێم نابێ بە ئارەزووی خۆی نەوتەکەی بفرۆشێ، چونکە ئەمە سامانی هەموو عێراقە، جگە لەوە باسی گومرگەکان، باج و ئامرازەکانی پەیوەندیش دەکەن".

ئەجێندای نوێنەرە کوردەکان لە لیژنەی هەمواری دەستووردا پاراستنی ماف و دەسەڵاتەکانی ئێستای هەرێمی کوردستانە لە دەستووردا، دکتۆر جەمال کۆچەر دەڵێ: "نەخێر، ئێمە هیچمان نییە زیادی بکەین، بەڵام ئەو سەڵاحیاتانەی ئێستا هەیە دەبێ بمێننەوە".

ئەرکەکەی قاسم سولەیمانی لە عێراق بە شێخ محەممەد کەوسەرانی دەسپێردرێ

# سەرپەرشتی میلیشیاکانی عێراق دەدرێتە حیزبوڵڵای لوبنانی

ڕووداو- هەولێر

ماوەیەکی کەم دوای کوژرانی قاسم سولەیمانی، ڕێکخراوی حیزبوڵڵای لوبنان کۆبوونەوەیەکی بەپەلەی لەگەڵ سەرکردەی میلیشیا عێراقییەکان ڕێکخست، ئامانج لە کۆبوونەوەکە یەکخستنەوەی ریزەکانی حەشدی شەعبی و پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە بوو کە بەهۆی کوژرانی سولەیمانییەوە دروستبوو. ئەم هەوڵەی گرووپەکانی سەر بە ئێران لە کاتێکدا بوو کە گرژیی نێوان ئەمریکا و عێراق گەیشتە لێواری جەنگێکی ڕاستەوخۆ.

کوژرانی قاسم سولەیمانی، فەرماندەی پێشووی هێزەکانی قودس و ئەبومەهدی موهەندیس، فەرماندەی کەتایبی حیزبوڵڵای عێراق لە نزیک فڕۆکەخانەی بەغدا لە ڕۆژی سێی کانوونی دووەمی 2020 ، کەلێنێکی گەورەی لە هەوڵەکانی ئێران بۆ فراوانکردنی هەژموونی وڵاتەکەی لە عێراق دروستکرد. ژمارەیەک سەرچاوەی ئاگادار، بە مەرجی ئاشکرانەکردنی ناویان بۆ ئاژانسی (ڕۆیتەرز)ی بەریتانییان ئاشکرا کردووە کە حیزبوڵڵا ئەرکی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی پێ سپێردراوە.

بەرپرسی یەکێک لە هێزەکانی نزیک لە ئێران ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە هەوڵەکانی حیزبوڵڵا بەردەوام دەبن هەتا ئەو کاتەی فەرماندەیی نوێی سوپای قودس دەتوانن قەیرانی سیاسیی عێراق هەڵسووڕێنن. سوپای قودس باڵی چالاکییە دەرەکییەکانی سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێرانە و سولەیمانی لە ساڵی 1998ەوە فەرماندەیی ئەو هێزەی دەکرد.

بە گوتەی دوو سەرچاوەی عێراقی، کۆبوونەوەکان لە کانوونی دووەمدا و چەند ڕۆژێکی کەم دوای کوژرانی سولەیمانی بوون، یەکێک لە سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە کۆبوونەوەکان لە بەیروت بوون و سەرچاوەکەی دیکەیان دەڵێ لە لوبنان یان لە ئێران بوون.

مانگی ڕابردوو، ماڵپەڕی (میدڵئیست ئای)ی قەتەری لەسەر زاری کەسایەتییە سیاسییە باڵاکانی شیعە ئاشکرای کرد کە شەش ڕۆژ دوای ڕووداوەکەی نزیک فڕۆکەخانەی بەغدا، سەرکردە دیارەکانی حەشدی شەعبی لە بەیروت کۆبببوونەوە و بەڵێنیان دابوو ناکۆکییەکانی نێوانیان بەلاوە بنێن و بەرەیەکی خۆڕاگریی یەکگرتوو دروست بکەن.

دوای ئەو کۆبوونەوەیە، سەرکردەکان سەردانی تاران و قومیان کردبوو، لەوێ لەگەڵ موقتەدا سەدر، سەرۆکی ڕەوتی سەدر کۆبببوونەوە کە پێش کوژرانی سولەیمانی داوای کردبوو "دەستتێوەردانی دەرەکی" لە کاروباری بەغدا سنووردار بکرێ.

سەرچاوە عێراقییەکان بە ئاژانسە بەریتانییەکەیان گوتووە کە شێخ محەممەد ئەلکەوسەرانی، نوێنەری حیزبوڵڵا لە عێراق میوانداری کۆبوونەوەکانی کردووە. کەوسەرانی ساڵانێکی زۆر لەگەڵ سولەیمانی سەرکردایەتیی ڕێکخستن و هاوئاهەنگیی نێوان میلیشیا عێراقییەکانی کردبوو.

لە سەرەتای تشرینی یەکەمەوە، خۆپیشاندان بەغدا و شارەکانی باشووری عێراقی گرتەوە. سولەیمانی لە چەند کۆبوونەوەیەک لەگەڵ فەرماندەکانی حەشد لێیان تووڕە ببوو، داوای لێکردبوون پلانێک بۆ کپکردنەوەی نارەزایەتییەکان دابنێن. سەرچاوە عێراقییەکان دەڵێن کەوسەرانیش لە سەرکردەکانی حەشد تووڕە بووە کە نەیانتوانیوە خۆپیشاندانەکان کۆنترۆڵ بکەن و داواشی لێکردبوون لە دەستنیشانکردنی سەرۆکوەزیرانی نوێی عێراقدا یەکڕیز بن.

سەرچاوەیەکی عێراقی:

**گرووپەکانی حەشد خۆیان زۆر لەوە بەگەورەتر دەزانن کە فەرمان وەربگرن**

سەرەتای مانگی شوبات، محەممەد تۆفیق عەلاوی، وەزیری پێشووی گواستنەوە و گەیاندن، بۆ پۆستی سەرۆکوەزیرانی کاتیی عێراق ڕاسپێردرا.

## ئەرکێکی قورس

قاسم سولەیمانی لە سێ دەیەی ڕابردوودا پەیوەندیی قووڵی لەگەڵ شیعەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دامەزراندووە، یارمەتی ڕێکخستنی هێزەکانی داوە و ناکۆکییەکانی نێوانیانی چارەسەر کردووە، هەموو ئەوانەش وەک بەشێک لە ستراتیژی "بەرگری پێشڕەو"ی ئێران کە تێیدا تاران هەوڵدەدات لە گروپەکانی دەرەوەی وڵاتەکەی ئەگەری جەنگێکی دیکەی هاوشێوەی جەنگی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق لە خۆی دووربخاتەوە.

عێراقییەکان بۆچوونی جیاوازیان لەبارەی کەوسەرانی هەیە. سەرکردەیەکی باڵای شیعە بە ئاژانسی (ڕۆیتەرز) دەڵێ: "کەوسەرانی پەیوەندیی لەگەڵ گروپە میلیشیاییەکاندا زۆرە، جێی متمانەی سولەیمانی بوو، پشتی پێدەبەست و لە قەیرانەکان و کۆبوونەوەکانی بەغدا داوای یارمەتی لێدەکرد".

بەڵام کۆنترۆڵکردنی زیاتر لە 40 میلیشیای عێراقی کارێکی ئاسان نابێ، بە تایبەتی لەبەر ئەوەی موهەندیسیش لەئارادا نەماوە. سەرچاوەیەکی عێراقی دەڵێ: "ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردەی گرووپەکان خۆیان زۆر لەوە بە گەورەتر و گرنگتر دەزانن کە فەرمان وەربگرن. ئێستا لەبەر گوشاری ئێران هاوکاریی کەوسەرانی دەکەن، بەڵام گومانم هەیە لەوەی بەردەوام بن و ئێرانییەکانیش ئەوە دەزانن".

میلیشیاکانی عێراق لە چەند ساڵی ڕابردوودا شوێنی خۆیان لە جومگە سیاسی و ئابوورییەکانی عێراقدا قایم کردووە، ئەوە ئەگەر لە سەرێکەوە سەرچاوەی هەژموونی ئەو هێزانە بەسەر دامەزراوە سیاسییەکان و کەرتی ئابووری عێراقدا بووبێ، لە سەرێکی دیکەوە سەرچاوەی ململانێی قووڵی نێوان گروپەکان بووە لەسەر پۆستە سیاسییەکان و دەستکەوتە ئابوورییەکان.

مانگی ڕابردوو فەرماندەیەکی حەشد کە بەشداری کۆبوونەوەکان بووە، بە ماڵپەڕە قەتەرییەکەی ڕاگەیاندبوو کە ئامانجی نەسروڵڵا ئەوەیە "ڕێککەوتنێک لە نێوان ئەو گرووپانەدا بکات، چونکە ئێران داوای لە نەسروڵڵا کردووە هەتا ئەوان بڕیارێک دەدەن، ئەو هەمان ئەو ڕۆڵە بگێڕێ کە سولەیمانی لە عێراق دەیگێڕا. ئێران بە لایەنی کەمەوە سێ مانگی دەوێ هەتا بڕیار بدات چۆن ئیدارەی ئەو گروپانە بکات کە بە بەرەی خۆڕاگری ناسراون".

بەرپرسێکی باڵای ئەمریکی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و سەرکردەیەکی سیاسی عێراق لە لێدوانیان بۆ ئاژانسە بەریتانییەکە جەخت لەوە دەکەنەوە کە میلیشیاکانی حەشد هێندەی حیزبوڵڵا بە دیسیپلین نین. بەرپرسە ئەمریکییەکە پێیوایە نەسروڵڵا لای میلیشیاکانی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ڕێزێکی زۆری لێدەگیرێ و "لای زۆر لە میلیشیا شیعە عێراقییەکان وەک کەسایەتییەکی کاریزمی سەیر دەکرێ".

## ئەمریکا و عێراق لەسەر لێوار

لە دوای کوژرانی سولەیمانی و موهەندیس لەسەر خاکی عێراق، زۆرینەی گرووپە شیعەکانی عێراق داوای دەرچوونی هێزە بیانییەکان لە

**ئێران سێ مانگی پێویستە هەتا بڕیار لە چارەنووسی میلیشیاکانی حەشد بدات**

عێراقیان کرد، بە تایبەتیش هێزە ئەمریکییەکان. هەرچەند لە ڕواڵەتدا دۆخەکە ئەو گرژییەی سەرەتای مانگی ڕابردووی پێوە دیار نەماوە، بەڵام لە پشتی پەردەوە پەیوەندییەکانی نێوان واشنتن و بەغدا ڕووی لە لاوازی ناوە، هەرچەند فەرماندەکانی سوپای عێراق دژی دەرچوونی هاوپەیمانانن.

دوو بەرپرسی سەربازیی عێراق و فەرماندەی یەکێک لە میلیشیاکان بە ئاژانسی (ئەسۆشێتید پرێس)ی ئەمریکییان ڕاگەیاندووە کە حکومەت

بەرپرسێکی باڵای هەواڵگریی عێراقی:

**بۆ شەڕی داعش پشت بەخۆمان دەبەستین و هاوکاری هاوپەیمانان شتێکی شکڵییە**

پێیگوتوون لە ئۆپەراسیۆنەکانی دژی داعش داوای هاریکاری لە هێزەکانی هاوپەیمانان نەکەن و هاوکارییەکانیان لەگەڵ هاوپەیمانان کەم بکەنەوە.

بەرپرسێکی باڵای هەواڵگریی سەربازیی عێراق دەڵێ: "هەتا ئێستا داوامان لە ئەمریکییەکان نەکردووە هاریکارمان بکەن، ئێمە بۆ دۆزینەوەی چەکدارانی داعش پشت بە تواناکانی خۆمان دەبەستین. بەشداریی ئەمریکییەکان لە ئۆپەراسیۆنەکان تەنیا شتێکی شکڵییە". کاربەدەستێکی دژەتیرۆری عێراقیش ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە سەرەڕای بەردەوامیی هەندێک لە مەشقە سەربازییەکان "لە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکاندا هیچ پشتگیرییەک نییە".

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، هاوپەیمانان لە دوای کوژرانی سولەیمانییەوە هیچ هێرشێکی ئاسمانییان لەدژی چەکدارانی داعش نەکردووە. لە کاتێکدا تەنیا لە دوو مانگی تشرینی یەکەم و دووەمی پارساڵدا 45 هێرشی ئاسمانییان کردبووە سەر چەکدارانی ئەو ڕێکخراوە. میلیس کاگینز، گوتەبێژی هاوپەیمانان، لەو بارەوە دەڵێ: "عێراقییەکان لە چەند هەفتەی ڕابردوودا داوای هێرشی ئاسمانییان نەکردووە، لە کاتێکدا ئۆپەراسیۆنەکانمان وەستاون". گوتەبێژەکە لە هەفتەی یەکەمی شوبات قسەی بۆ ئاژانسە ئەمریکییەکە کردووە.

تێکچوونی هاوئاهەنگی و هاوکارییەکانی نێوان هێزە عێراقییەکان و هاوپەیمانان لە کاتێکدایە کە بە گوێرەی زۆربەی سەرچاوەکان داعش قۆناغی خۆڕێکخستنەوەی تەواو کردووە.

مەسرور بارزانی، سەرۆکوەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە لێدوانێکدا بۆ گۆڤاری (ئەتڵەنتیک)ی ئەمریکی دەڵێ: "ئەم ململانێیە (لە نێوان ئەمریکا و ئێران) کاریگەریی نەرێنی لەسەر شەڕی دژی تیرۆر و داعش دەبێ، لە کاتێکدا ئەوە دەبێ ئەولەویەتی هەموومان بێ"، بارزانی جەختی لەوەش کردەوە کە "هەتا ئێستاش داعش وەک خۆی ماوە".

سەرکەوتنە خێرا و بەرفراوانەکانی داعش لە 2014 بەرهەمی ناکارامەیی هێزە عێراقییەکان بوو. ئەمریکییەکان و عێراقییەکانیش پێیانوایە ساڵانێکی زۆری ماوە هەتا عێراق بتوانێ لەڕووی سەربازی، تەکنەلۆژی و هەواڵگرییەوە پشت بە خۆی ببەستێ.

بەرپرسەکەی دژەتیرۆری عێراق دەڵێ: "هێزە

بەرپرسێکی دژە تیرۆری عێراقی:

**هێزەکانی هاوپەیمانان نەبن، ئیفلیج دەبین**

عێراقییەکان پێویستیان بە پشتیوانیی هێزی ئاسمانی و هاوکاریی لۆجستیکییە، ئەو هاوکارییانەش لەلایەن هاوپەیمانانەوە پێشکەش دەکرێن، بە تایبەتیش ئەمریکییەکان، ئەگەر ئەو هێزانە دەربکرێن، ئێمە ئیفلیج دەبین".

سەرەتای ئەم مانگە، نوێنەرێکی هێزەکانی ئەمریکا لەگەڵ بەرپرسانی ئەمنیی عێراق کۆبووەتەوە و پێشنیازی ئەوەی کردووە کە وڵاتەکەی لەبری دەرچوون لە عێراق، بەشێک لە هێزەکانی بکشێنێتەوە. کۆبوونەوەکە "لە بنەمادا" بۆ باسکردن لە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا بووە. لە کۆبوونەوەکەدا نوێنەرێکی سەربازیی ئەمریکا، بەرپرسێکی ناتۆ و ڕاوێژکارێکی ئەمنیی باڵای عێراق ئامادە بوون.

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی (میدڵئیست ئای)، نوێنەرە ئەمریکییەکە بە عێراقییەکانی ڕاگەیاندووە "ئێمە ئامادەین هەندێک ناوچەی زۆرینە شیعە جێبهێڵین، وەک بنکەی بەلەد. ڕەنگە بتوانین وجوودمان لە بەغداش کەم بکەینەوە". بنکەی ئاسمانیی بەلەد لە پارێزگای سەلاحەددینە و 80 کیلۆمەترێک لە بەغداوە دوورە.

کۆبوونەوەکە ئەوەندە هەستیار بووە کە تەنانەت لە عێراق نەکراوە، بەڵکو بەرپرسەکان لە باڵیۆزخانەی کەنەدا لە عەممانی پایتەختی ئوردن کۆبوونەتەوە. لەو کۆبوونەوەیەدا لایەنی ئەمریکی جەختی لەوە کردووەتەوە کە بنکەی ئاسمانیی عەین ئەلئەسەد لە پارێزگای ئەنبار "هێڵی سوور"ە و "ئێمە تەنانەت ناتوانین باسی کشانەوە (لەو بنکەیە)ش بکەین. لەبارەی کشانەوە لەوێ هەر پرسیاریشمان لێمەکەن".

سەرکردەیەکی سوننە کە نەیویستووە ناوی ئاشکرا بکرێ، بە ماڵپەڕە قەتەرییەکە دەڵێ: "هیچ کەس چیدی متمانەی بە ئەمریکییەکان نەماوە، بە بارزانیشەوە کە لە کۆبوونەوەیەکدا گوتبووی ئەمریکییەکان پشت لە هەرێمی کوردستان و عێراق دەکەن. وەک خۆم هەست دەکەم ئەمریکییەکان هێز کەم دەکەنەوە، بەڵام ناکشێنەوە".

## ئەمریکا کارتە ئابوورییەکانی بەکاردەهێنێ

هەفتەی ڕابردوو، ئەمریکا ماوەی ڕێگەدانی بە عێراق بۆ کڕینی غاز لە ئێران درێژ کردەوە، بەڵام ماوەی درێژکردنەوەکە نیگەرانیی لای عێراقییەکان دروستکردووە. پێشتر ئەمریکا ماوەکەی لە نێوان 90 بۆ 120 ڕۆژ بۆ عێراق درێژدەکردەوە، بەڵام ئەمجارەیان تەنیا 45 ڕۆژی بۆ درێژکردووەتەوە.

ئەگەر ماوەی ئەو ڕێگەپێدانە بۆ عێراق درێژ نەکراباوە، ئەوە عێراق دوو ڕێگای لە پێش دەبوو: یان هاوردەی غاز و کارەبا لە ئێرانەوە بوەستێنێ و چاوەڕێی خۆپیشاندانی گەورە لەسەر کارەبا بکات، یان درێژە بە کڕینی غاز و کارەبا لە ئێران بدات و چاوەڕێی سزای ئەمریکا بکات.

بەرپرسێکی ئەمریکی:

**حەسەن نەسروڵڵا لەلای حەشدی شەعبی وەکو کاریزمایەک سەیر دەکرێ**

بەرپرسێکی عێراقی بۆ ئاژانسی (فرانس پرێس)ی ئاشکرا دەکات کە مایک پۆمپیۆ، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەی مانگی ڕابردووی لەگەڵ عادل عەبدولمەهدی، سەرۆکوەزیرانی کاربەڕێکەری عێراق، هاواری کردووە بەسەریدا و گوتوویەتی: "ئەگەر هێرشەکان بەردەوام بن، ئەوە بیر لە درێژکردنەوەی ڕێگەپێدانەکە مەکەنەوە".

عێراق هەموو مانگێک 1 بۆ 2 ملیار دۆلار لە داهاتی نەوتی وڵاتەکەی لە بانکی یەدەکی فیدراڵیی نیویۆرک دەردەهێنێ بۆ ئەوەی بەهای دراوەکەی بەرز ڕابگرێ. سەرچاوەیەکی باڵای عێراقی و سەرچاوەیەک لە پیشەسازی نەوت بۆ ئاژانسە فەرەنسییەکەی ئاشکرا کردووە کە مانگی ڕابردوو گواستنەوەی ئەو پارەیە بۆ ماوەی هەفتەیەک دواکەوت و هۆکارەکەشی سیاسی بووە.

پارەکەی مانگی شوبات لە کاتی خۆیدا گەیشتووە، بەڵام بەرپرسانی عێراق چاوەڕێ دەکەن واشنتن سنوورێک بۆ ئەو بڕە پارەیە دابنێ کە عێراق لە سندووقەکە وەریدەگرێ. سەرچاوە عێراقییەکە دەڵێ "ئێمە لەسەر لێواری چەقۆین".

بەشێک لە کێشەکانی نێوان ئەمریکا و عێراق پەیوەندییان بە گرێبەستی نێوان کۆمپانیا ئەمریکییەکان و عێراقەوە هەیە، لەوانەش جەنەراڵ ئەلەکتریک و ئیکسۆن مۆبیل. پێشتر بڕیار وابوو کۆمپانیای جەنەراڵ ئەلەکتریک کەرتی کارەبای عێراق بنیات بنێتەوە، بەڵام گرێبەستەکە رادەستی سیمنسی ئەڵمانی کرا. کۆمپانیای ئیکسۆن مۆبیلیش لەسەر گرێبەستێکی 50 ملیار دۆلاری بۆ کارکردن لە کێڵگەی قورنەی ڕۆژئاوا لە بەسرە لەگەڵ حکومەتی عێراق نەگەیشتووەتە هیچ ڕێککەوتنێک.

لە کۆشکی سپیدا هەندێک دەیانەوێ گوشارەکان لەسەر حکومەتی بەغدا زیاد بکرێن، لە کاتێکدا هەندێکی دیکە پێیانوایە دەبێ نەرمی بنوێنرێ. لوئەی خەتیب، وەزیری کارەبای عێراق، دوای درێژکردنەوەی ڕێگەدانەکە بە کڕینی غاز و کارەبا لە ئێران، بە (فرانس پرێس)ی ڕاگەیاندبوو: "دڵنیام ئەمریکا ڕێگەدانەکە وەک چەک بەکارناهێنێ"، ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە کۆمەڵێک پێشکەوتن بەدیهاتوون، لەوانەش ڕێککەوتنێک لەگەڵ ئوردن و وڵاتانی کەنداو بۆ دروستکردنی بۆڕی و کڕینی غازی سروشتی لە هەرێمی کوردستان.



گرووپەکانی حەشدی شەعبی لە ساڵی 2014 بە فتوای عەلی سیستانی، مەرجەعی باڵای شیعەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داعش دامەزران. (فۆتۆ: AFP)

# کورد بۆ سەرکەوتنی گفتوگۆ لەگەڵ ئەسەد چاوی لە ڕۆڵی ڕووسیایە

**هێمن خۆشناو**
**ڕووداو- هەولێر**

وا مەزەندە دەکرێت، دیمەشق لە دانوستاندنیدا لەگەڵ ئەنجوومەنی سووریای دیموکرات (مەسەدە) نەرمی بنوێنێ لە گۆڕینی هەندێک یاسا و دەرکردنی هەندێک یاسای نوێ. چاودێرێک دەڵێت: "ئەگەر لە دەستووردا ئیعتراف بە کورد نەکرێ، دانوستاندن هیچ ئەنجامێکی نابێ".

لە 15ی تەممووزی 2018 شاندێکی (مەسەدە) لە دیمەشق لەگەڵ بەرپرسانی سووری کۆبووەوە، بەڵام کۆبوونەوەکە هیچ ئەنجامی نەبوو. پاشان چەند کۆبوونەوەیەکی دیکەی بێ ئەنجامی بەدوادا هات. مەسەدە بێئەنجامیی ئەو دانیشتنانەی بۆ پێداگریی ڕژێم لەسەر گەڕانەوە بۆ بارودۆخی بەر لە ساڵی 2011 گەڕاندەوە.

بەڵام پێدەچێت کۆبوونەوەکەی دووی شوبات کە لە بنکەی سەربازیی حمێمیم (بنکەی سەرەکیی سوپای ڕووسیا)، لە نێوان شاندێکی (مەسەدە) و چەند پارتێکی دیکەی کوردی لەگەڵ بەرپرسانی ڕووسی و دواتریش لەگەڵ عەلی مەملوک جێگری سەرکۆماری سووریا بەڕێوەچوو، وەکو کۆبوونەوەکانی ڕابردوو نەبێ.

شاندی کوردی پێکهاتبوو لە ئیلهام ئەحمەد، سەرۆکی جێبەجێکاری مەسەدە، مستەفا مەشایخ نوێنەری (هاڤبەندی کوردی) کە پێنج پارتی سیاسی لەخۆ دەگرێت، ئەحمەد سلێمان ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی پێشڤەڕۆ، سەنحاریب بەرسوم، سەرۆکی پارتی یەکێتی سریانی و چەند بەرپرسێکی باڵای عەرەب لەناو بەڕێوەبەرایەتی خۆسەر، لەگەڵ شاندی ڕووسیا گفتوگۆیان لەسەر (ڕەشنووسی لێکتێگەیشتن) کرد. بە گوێرەی ڕۆژنامەی (شەرقەولئەوسەت) شاندی ناوبراو جەختیان لەوە کردووەتەوە کە سووریای ئەمڕۆ سووریای پێش ساڵی 2011 نییە.

مستەفا مەشایخ، جێگری سکرتێری پارتی وەحدەی کورد، کەشی ناو کۆبوونەوەکە بە "ئەرێنی" وەسفکرد و بە (ڕووداو)ی گوت: "لەو کۆبوونەوەیە هەستمان بە جدیبوونی لایەنی ڕووسی کرد بۆ سەرپەرشتیکردنی دیالۆگ لە ڕێگای ئەم شاندە پایەبەرزەی هاتبووە حمێمیم کە چەندین پێشنیازیان خستەڕوو بۆ سەرکەوتنی دانوستاندن".

بەر لە چوونی شاندی کوردی بۆ حمێمیم، شاندی ڕووسی سەردانی دیمەشقیان کرد و لەگەڵ بەشار ئەسەد سەرکۆماری سووریا کۆبوونەوە. مەشایخ کۆبوونەوەی ڕووسەکان لەگەڵ ئەسەد وەکو ئاماژەی جدیبوونیان دەبینێ بۆ سەرپەرشتیکردن و سەرکەوتنی دانوستاندن. هەروەها دەڵێت: "کۆبوونەوە لەگەڵ عەلی مەملوک لە جارانی پێشوو نەرمتر و بەسوودتر بوو، ڕژێم هیچ لارییەکی لە ئامادەبوونی نوێنەری لایەن و ئەتنیکەکانی دیکە نیشان نەدا".

> **بەرپرسێکی کورد:**
> گۆڕینی دەستوور هێشتا لای دیمەشق هێڵی سوورە

لە 19ی کانوونی دووەمی 2019دا سیپان حەمۆ فەرماندەی گشتی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) سەردانی حمێمیم و مۆسکۆی کرد و یاداشتێکی چەند خاڵی ڕادەستی ڕووسەکان کرد. سیپان حەمۆ داوای لێکردن سەرپەرشتی دانوستاندنی نێوان دیمەشق و قامیشلۆ بکەن. یاداشتەکە ئەم خاڵانەی لەخۆ دەگرت:

- یەکێتیی خاکی سووریا
- سووریا وڵاتێکی کۆماری دیموکراتی بێت، بەڕێوەبەرایەتی خۆسەر بەشێکە لەم وڵاتە.
- خۆسەری لە ڕێگای نوێنەرەکانییەوە نوێنەرایەتی لە پەرلەمانی دیمەشق دەبێت.
- جگە لە ئاڵای سووریا دەبێت ئاڵای بەڕێوەبەریی خۆسەریش هەبێت.
- دیپلۆماسیەتی ناوچەکانی بەڕێوەبەری خۆسەر دەبێت بەشێوەیەک بێت ناکۆک نەبێت لەگەڵ بەرژەوەندی گەلی سووریا و دەستوور.
- هەسەدە بەشێکە لە سوپای سووریا و بەرپرسە لە پاراستنی سنوورەکانی.
- زمانی عەرەبی زمانی فەرمی هەموو سووریایە، بەڵام لەناوچەکانی خۆسەر پەروەردە بە زمانە لۆکاڵییەکان دەبێت.
- سامانی سووریا بە یەکسانی بەسەر ناوچەکاندا دابەش دەکرێت.


دانیشتووانی گوندی ئەبوو ڕاسین لەنزیک سەرێ کانیێ پێشوازی لە گەڕانەوەی سوپای سووریا دەکەن

نەسرەدین ئیبراهیم، سکرتێری ئەلپارتی کە یەکێکە لە پێنج پارتەکەی ناو (هاڤبەندی)، کۆبوونەوەی حمێمیم و دیمەشقی وەکو زەمینەخۆشکردن بۆ دانوستاندن وەسف کرد و بە (ڕووداو)ی گوت: "لە کۆبوونەوەی دیمەشق لایەنی کوردی و حکومەت لەسەر میکانیزمی دانوستاندن ڕێککەوتوون. چەند لیژنەیەکی تایبەت بە دۆسیە جیاوازەکان دروست دەکەن".

لەبارەی شێواز و چۆنیەتی دانوستاندن، ئەو سیاسەتوانە کوردە دەڵێت: "ئەوەندەی بزانم دانوستان سەرەتا لەسەر دۆسیە ئاسانەکان دەبێت. لای حکومەت ئەولەویەت بۆ دۆسیەی پەروەردە و ئابوورییە. واتە بە تێڕوانینی دیمەشق ئەم دوو دۆسیەیە ئاسانترە لە ئەوانەی دیکە".

بەگوێرەی پێشبینییەکانی نەسرەدین ئیبراهیم: "حکومەتی سووریا ئامادەیە گۆڕانکاری لە چەند یاسایەکی بنەڕەتیی دەوڵەتدا بکات و هەندێک یاسای دیکەش دەربکات، بەڵام گۆڕانکاری لە دەستووردا هێشتا لەلای حکومەت هێڵی سوورە".

سەرکەوتنی دانوستاندن لە نێوان بەڕێوەبەرایەتی خۆسەر و ڕژێمی سووریا بە سەرپەرشتی ڕووسیا، دەرفەتێکی مێژووییە بۆ دیمەشق. چونکە لە سایەی ئەم ڕێککەوتنە دەسەڵاتی بۆ ناوچەیەکی زۆر دەگەڕێتەوە کە ساڵانێکە لەدەستی داوە، لەوانەش ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی فورات کە دەوڵەمەنترین ناوچەیە بە سامانی ژێر زەوی و سەر زەوی.

بەڵام سەرکەوتنی دانوستاندن بەندە بە تێگەیشتنی دەوڵەت لە چەمکی سەروەری. ئەگەر دەوڵەت بە گوێرەی سیستەمی سەروەریی پێشوو بخوازێ دانوستاندن بکات و خۆبەدەستەوەدانی کورد بکاتە ئامانج، دانوستاندن هیچ ئەنجامێکی نابێت. پێشبینیش ناکرێت بەڕێوەبەرایەتی خۆسەر مەرج قەبوڵ بکات، لەکاتێکدا هێشتا چەندین دەریچە و کارتی گوشاری لەبەردەستە.

پێشبینی دەکرێت، زەحمەتترین دۆسیەی دانوستاندن مانەوەی بەڕێوەبەرایەتی خۆسەر بێت. چونکە ڕژێم هێشتا سوورە لەسەر چارەسەرکردنی ئەم مەسەلەیە بەگوێرەی یاسای ژمارە (107)، واتە یاسای ئیدارەی لۆکاڵی.

ئەم یاسایە کە تایبەتە بە ئیدارەکردنی ناوچە جیاوازەکان، دەرکردنی بڕیار دەداتە دەست ناوەند و وەزارەتی ئیدارەی خۆجێیی سەرپەرشتی دەکات کە ڕاستەوخۆ سەر بە دەسەڵاتی حیزبی بەعسە.

کورد پێیوایە بەڕێوەبەرایەتی خۆسەر ئەڵتەرناتیڤی هەرە باشە بۆ یاسای ژمارەی 107، بە گوێرەی مانیفێستۆی کۆمەڵایەتی بەڕێوەبەرایەتی خۆسەر: "یاسای ژمارە 107 چوارچێوەیەکی گەندەڵ و ناوەڕۆکێکی بەتاڵی هەیە. لۆژیکێکی تەندروست لەخۆ ناگرێت لەبارەی یەکخستنی کۆمەڵگاکان لە چوارچێوەی یەک جوگرافیادا".

هەر بە گوێرەی ئەم مانیفێستۆیە: "لامەرکەزیی ئیداری دەوڵەتی سووریا لە پارچەبوون و لێکترازان دەپارێزێت، ئازادییەکان دەکاتە بنەما، بەرگری لە دەستکەوتەکانی گەلانی سووریا و

> **نوێنەری هاڤبەندی:**
> کەشوهەوای کۆبوونەوەکەی حمێمیم ئەرێنی بوو

هەموو پێکهاتەکان دەکات لە هەموو بوارەکاندا".

نەواف خەلیل، سەرۆکی ئینستتیوتی توێژینەوەی کورد، لەبارەی ئەگەری سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی دانوستاندن لە نێوان دیمەشق – قامیشلۆ پێیوایە ئەگەر ڕووسیا گەرەنتی بدات ئەوە پێشکەوتن بەدی دێت "بەڵام تا ئێستا ڕووسیا ئەو ڕۆڵەی نەبینیوە".

بەگوێرەی قسەکانی نەواف خەلیل، بارودۆخەکە ئەرێنی دەبێت ئەگەر ڕووسیا سەرپەرشتی دانوستاندن بکات و دەڵێت: "پەیماننامەی سۆچی و ئاستانە بە دڵی ڕژێم نەبوو، ڕژێم نەیدەویست تورکیا عەزاز و ئەلباب داگیر بکات. بەڵام کاتێک ڕووسیا دەستی خستە ناو کاروباری سووریا، ڕژێم نەیتوانی بڵێ نەخێر".

نەواف هەوڵەکانی کورد و بەڕێوەبەرایەتی خۆسەر بۆ دانوستاندن لەگەڵ دیمەشق بەم شێوەیە پوخت دەکاتەوە: "چەند مانگێک بەر لە تویتە بەناوبانگەکەی ترەمپ سەبارەت بە کشاندنەوەی سوپای ئەمریکا لە ڕۆژئاوا، شاندی مەسەدە چووە دیمەشق. دوای ئەوەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە بانگەشەی ڕووخانی ڕژێم پاشگەز کرایەوە، هەسەدە داوای دانوستاندنی لە ڕژێم کرد. کاتێک ڕژێم بمێنێتەوە و گۆشەگیریش کرابێ، ئەگەر ئەم ڕژێمە دیموکراتیش نەبێ باشترە دانوستاندنی لەگەڵ بکەیت".

سەبارەت بە ئەنجامی دانوستاندنەکانیش نەواف دەڵێت: "کاتێک ڕژێم سوور بێ لەسەر دەستکارینەکردنی دەستوور، ڕەوشی تایبەتی کورد لەبەرچاو نەگرێت، دانوستاندن هیچی لێ شین نابێ".

## تۆمەتبارەکان بەهۆی ڕاپۆرتێکی بەریتانی ئاشکرا بوون

# تیرۆری تاهیر ئەلچی دەبێتەوە ڕۆژەڤ

**ڕووداو – هەولێر**

لە دۆسیەی لێکۆڵینەوە لە تیرۆرکردنی پارێزەر (تاهیر ئەلچی) سەرۆکی پێشووی بارۆی ئامەد، سێ پۆلیس وەکو گومانلێکراو ئیفادەیان لێوەردەگیرێ کە هەرسێکیان کوردن و یەکێکیان بە تۆمەتی پەیوەندی لەگەڵ گرووپی فەتحوڵڵا گولەن لە کارەکەی دوورخراوەتەوە.

تاهیر ئەلچی، سەرۆکی پێشووی ژووری پارێزەرانی ئامەد، ڕۆژی 2015/11/28 لە سەنتەری شاری ئامەد تیرۆر کرا. لەو کاتەی دوو کەسی چەکبەدەست بە جلی مەدەنییەوە لە ناوچەکە هەڵدەهاتن، کەوتنە بەر ڕێژنەی تەقەی هێزەکانی پۆلیس و لە ئەنجامدا گوللەیەک بەر سەری ئەلچی کەوت و مرد.

لە مەراسیمی چوارەمین ساڵیادی تیرۆرکردنی ئەلچی لە ئامەد، ئەحمەد یاوز داواکاری گشتی ئامەد کە کار لە دۆسیەکەدا دەکات، لە لێدوانێکدا ڕایگەیاند: "درێژە بە کارەکانمان دەدەین بۆ ئەوەی دۆسیەی تاهیر ئەلچی لە ماوەیەکی کورتدا ئامادە بکەین".

ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو ماڵپەڕی (ئۆرتەدۆغو نیوز) کە ماڵپەڕێکی لۆکاڵییە لە ئامەد، لە هەواڵێکدا بڵاوی کردەوە کە داواکاری گشتیی ئامەد بۆ یەکەم جار لە کەیسی تیرۆرکردنی ئەلچیدا بە سیفەتی گومانلێکراو ئیفادەی لە سێ پۆلیس وەرگرتووە. بەم شێوەیە بۆ یەکەمجار ناوی سێ گومانلێکراو لە دۆسیەکە تۆمار دەکرێ.

(ڕووداو) زانیویەتی سێ پۆلیسە گومانلێکراوەکە کوردن. (س.ت) خەڵکی ئەلعەزیزە و لەکاتی تیرۆرکردنی ئەلچیدا دەستی چەپی بریندار بووە. (ف.ت) خەڵکی چەولیکە و (م.س)یش خەڵکی شەرنەخە. ئەوەی دواییان بەتۆمەتی پەیوەندی لەگەڵ گرووپی گولەن لە کارەکەی دوورخراوەتەوە. هەروەها خزمی حامید یلدرمە کە تاوانباری سەرەکی دۆسیەی تیرۆرکردنی نووسەر و سیاسەتوانی کورد موسا عەنتەر بوو لە ساڵی 1992.

### ڕاپۆرتێکی بەریتانی ئاشکرای کردن

ئەو سێ پۆلیسەی بە سیفەتی گومانلێکراو ئیفادەیان لێ وەرگیراوە، بەهۆی ڕاپۆرتی لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە لەلایەن بەشی دادوەریی زانکۆی لەندەن دۆزراونەتەوە کە لەسەر ڕاسپاردەی بارۆی ئامەد دەستیان بە لێکۆڵینەوە کردبوو. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، ئەگەری زۆرە ئەلچی بە گوللەی یەکێک لەو سێ پۆلیسە تیرۆر کرابێت.

بەڵام هەرسێکیان تۆمەتی کوشتنی ئەلچی ڕەتدەکەنەوە. (س.ت) لە ئیفادەکەیدا دەڵێت: "لەکاتی تەقەکردندا کەس لەو شوێنە نەبووە. خولەکێک دواتر کەسێک بە بەردەممدا تێپەڕی و تەقەم لێکرد، کەسێکی دیکە بەدوای ئەودا ڕایکرد، تەقەم لەویش کرد. بیرمە 5 – 6 گوللەم تەقاند. ئەویش تەقەی لێکردم و گوللەیەک بەر دەستی چەپم کەوت. دوای برینداربوونم هیچی دیکە تەقەم نەکرد".

ئەو تۆمەتبارە لە درێژەی ئیفادەکەیدا دەڵێت: "لەکاتی ڕووداوەکەدا تاهیر ئەلچیم نەبینیوە. لەو شوێنەی لێی بووم منارەی چوار لینگم لێ دیار نەبوو. ئەو تاوانە ڕەتدەکەمەوە. من تاهیر ئەلچیم نەکوشتووە. لەکاتی ڕووداوەکە تەنیا بۆ ئەوەی تیرۆریستان بکوژم، تەقەم کردووە".

هاوکات (ف.ت) ڕەتیدەکاتەوە تەقەی لە تاهیر ئەلچی کردبێ و دەڵێت: "تاهیر ئەلچیم نەبینیوە. من تەقەم لێ نەکردووە و لە مەودای چەکی مندا نەبووە. نازانم کێ تەقەی لە ئەلچی کردووە، ئەو تۆمەتە ڕەتدەکەمەوە".

(م.س)یش وەکو دوو پۆلیسەکەی دیکە تۆمەتەکەی ڕەتکردووەتەوە و گوتوویەتی: "ئەو کاتەی گوللە بەر ئەلچی کەوتووە نەمبینیوە. من و کارمەندانی دیکەی ئەمنیەت تەقەمان لەو دوو کەسە کرد کە چەکیان پێبوو. من تەقەم لە کەسی یەکەم کرد. نازانم ئەوانەی دیکە تەقەیان لە کەسی یەکەم کرد یان نا. نازانم کێ بوو ئەوەی تەقەی لە ئەلچی کردووە".



سێ پۆلیس بە گومانی تیرۆرکردنی تاهیر ئەلچی ئیفادەیان لێوەرگیراوە

### پرۆسەی دادگایی چۆن دەستپێدەکات؟

وەرگرتنی ئیفادەی گومانلێکراوان جارێکی دیکە ئەو تاوانە دەکاتەوە ڕۆژەڤ. دوای ئەوەی داواکاری گشتی ڕاپۆرتی دۆسیەکە ئامادە دەکات، بارۆی ئامەد کە لایەنی سکاڵاکارە داوا لە دادگا دەکات سێ گومانلێکراوەکە دەستگیر بکات.

> **پەرلەمانتارێکی هەدەپە:**
> لەوانەیە تاوانەکە بخەنە ئەستۆی جەماعەتی فەتۆ

داواکاری گشتیش دۆسیەکە بە ڕێگای سیستەمی زانیاری تۆڕی دادپەروەری نیشتمانی (UYAP) ڕەوانەی یەکێک لە دادگاکانی سزای قورس دەکات و داوای بەندکردنیان بۆ ماوەی 20 – 25 ساڵ دەکات.

ئەحمەد یاوز سەرۆکی داواکاری گشتیی ئامەد دەربارەی لێکۆڵینەوە لە دۆسیەکە ڕایگەیاند: "لێکۆڵینەوە لە دۆسیەی تاهیر ئەلچی گەیشتووەتە قۆناغی کۆتایی. دوای تەواوکردنی لێکۆڵینەوە دەست بە تۆمارکردنی سکاڵا دەکەین".

دوای ئەوەی داواکاری گشتی دۆسیەکە بە یەکێک لە دادگاکانی سزای قورس دەسپێرێت، دادگا لە ماوەی 15 ڕۆژدا بڕیاری خۆی دەدات بە قەبوڵکردن یان قەبوڵنەکردنی دۆسیەکە. ئەگەر دادگا بەهۆی کەموکوڕی دۆسیەکە ڕەتبکاتەوە، جارێکی دیکە بۆ تەواوکردنی ڕەوانەی داواکاری گشتی دەکاتەوە. ئەگەر قبوڵیشی بکات پرۆسەی دادگایی دەستپێدەکات.

پارێزەر بارش یاوز، پارێزەری خانەوادەی ئەلچی بە (ڕووداو)ی گوت: "وەرگرتنی ئیفادەی ئەم سێ پۆلیسە، بەو واتایە دێت کە دۆسیەی لێکۆڵینەوە گەیشتووەتە قۆناغی کۆتایی. دوای چوار ساڵ و نیو لە لێکۆڵینەوەی ورد، ئیفادە لە سێ کەس بە سیفەتی گومانلێکراو وەرگیراوە. چاوەڕێ دەکەین سکاڵایان لەسەر تۆمار بکرێ و پرۆسەی دادگایی دەستپێبکات".

جارێ تەنیا ئەو سێ پۆلیسە وەکو گومانلێکراو دیارن، بەڵام یاوز دەڵێت: "وەکو کەیسی کوشتنی (هیرانت دینک)ی ڕۆژنامەنووس لە پەیوەندیی تەلەفۆنیی ئەو گومانلێکراوانە دەکۆڵدرێتەوە. ئێمە و کۆمیسیۆنی تاهیر ئەلچی کە لەلایەن بارۆی ئامەد پێکهێنراوە داوا لە دادگا دەکەین لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی ئەم کەسانە و فەرماندەکانیان بکات. پێمانوایە بەم شێوەیە هەموو وردەکارییەکانی ئەم تاوانە ئاشکرا دەبن".

سەرچاوەیەک کە چاودێریی دۆسیەی لێکۆڵینەوە دەکات، بە (ڕووداو)ی گوت: "لە ڕووی تەکنیکییەوە ئەگەرێکی زۆرە گوللەی یەکێک لەم سێ پۆلیسە بەر ئەلچی کەوتبێت. ئەگەری زۆرە گوللەی پۆلیسە شەڕنەخییەکەش بێت. بەڵام لەوانەیە مەبەستی کوشتنی ئەلچی نەبووبێت".

حەسەن ئۆزگەچمیش پەرلەمانتاری هەدەپە، شێوازی کوشتنی ئەلچی بە شێوازی تاوانەکانی بکەر نادیار دەچوێنێ و دەڵێت: "لە ساڵانی 1990دا زیاتر لە 17 هەزار کورد کە لە سیاسەتی دەوڵەت ناڕازی بوون، لەلایەن دەوڵەتەوە بەدەستی کەسانی نادیار کوژران. هەموومان دەزانین خوالێخۆشبوو، تاهیر ئەلچی، بەهۆی قسەکانی لە تیڤی تووشی ئەم چارەنووسە بوو. بەر لەوەی تیرۆری بکەن هەڕەشەیان لێکرد. پرۆسەی لەناوبردنیشی دیاربوو کە پلانێکە. چەکەکان، شوێنی ڕاوەستانی، دیارنەبوونی تەواوی دیمەنەکە لەکامێراکان هەموویان ئاماژەی پلانێکیان پێوە دیاربوو. لە ڕوانگەی ئێمەوە شتێکی دیارە کە کێ لەپشت تیرۆرکردنی ئەلچی بوو. ئەم کارە بەدەستی کۆنترا گەریلاکانی ناو دەوڵەت کراوە".

سەبارەت بە پەیوەندیی ئەو پۆلیسانە بە تاوانەکە، پەرلەمانتارەکەی هەدەپە دەڵێت: "نەریتی دەوڵەت وایە، بۆ خۆ ڕزگارکردن لە گوشار هەندێک کەس دەکاتە قوربانی. بەمدواییەش هەموو تاوان و کردە بەدەر لە یاساکان دەخەنە سەر فەتۆ. لەوانەیە دۆسیەی ئەلچی بەهەمانشێوە بێت، کەسێک وەکو تاوانبار و بکەری تیرۆرەکە نیشان بدەن و وەکو ئەندامێکی گرووپی فەتۆ لە قەڵەمی بدەن".

## دارای حاجی برایمی چەرمەگا بۆ (رووداو):

# لەسەر داوای مام جەلال فەوجم وەرگرت



(فۆتۆ: رووداو)

> داوای 2000 کلاشینکۆف و 200 خانووم لە ئێران کرد

**بەشی دووەم**

**رووداو: تۆ لە ئەڵقەی رابردوو گوتت ئەندامی کۆمەڵە بووی، کەچی بوویتە ئەندامی ئەنجوومەنی تەشریعی و تەنفیزی، کۆمەڵە ئاگاداری ئەوە بوو؟**
**دارای حاجی برایم:** حکومەتی بەعس چەند کەسایەتییەکی دانابوو بۆ ئەو مەجلیسە. لەوانە ئەنورەبەگی بێتواتە، کاوەی شێخ لەتیف، من، محێ هەرکی و کۆمەڵێک کەسی دیکە.
**رووداو: تەنیا سەرۆک عەشیرەت بوون، یان خەڵکی خوێندەواریشی تێدابوو؟**
**دارای حاجی برایم:** بەڵێ خەڵکی خوێندەواریشی تێدابوو، لەوانە حەمەسدیقی محامی، حەمەی شێخ عەبدولکەریم، محەممەدئەمین پێنجوێنی. هەندێک کوردی تێدابوو بەعسی بوون. هەندێکیشیان پەیوەندییان بە بەعسەوە نەبوو.
**رووداو: ئەم دەزگایە ئیشی چی بوو؟ فەرمانتان لە بەعسەوە وەردەگرت؟**
**دارای حاجی برایم:** دەزگایەک بوو هیچی پێنەدەکرا، هەر دانرابووین بۆ ئەوەی بڵێن ئەوە حوکمی زاتی و پەرلەمانیان هەیە، کاروبارەکان بە دەست بەعسەوە بوون. ئەوپەڕی تۆ داوات دەکرد پەیکەرێک بۆ فلان کەس دروست بکەن، یان رێز لە فلان شاعیر بنێن. ئەگەرنا باسی پرۆژە و باڵەخانە و شتی لەو بابەتە نەبوو. مانگانە رۆژێک یان دوو رۆژ دەواممان دەکرد. ئەندامێتیش بە هەڵبژاردن نەبوو، بەڵکو بە تەعین بوو، بۆ نموونە پرسیان دەکرد کێ باشە ببێ بە ئەندام.
**رووداو: کاتی خۆی راپۆرتێکتان لەسەر تێکدانی گوندەکان نووسیبوو، هەندێک لە سەرانی بەعس لێتان تووڕە بوون، کێ راپۆرتەکەی نووسی؟**
**دارای حاجی برایم:** بۆ هەر ناوچەیەک لێژنەیان دروست دەکرد. بۆ پێنجوێن من و حەمەسدیق و کاوەی شێخ لەتیف و حەمەئەمین پێنجوێنییان دانا. سەردانی خەڵکمان دەکرد، پێماندەگوتن

> تێکەڵاوی خێزانیمان لەگەڵ سەددامدا هەبوو

چیتان دەوێ و حکومەت چیتان بۆ بکات. لە راپۆرتەکە وشەیەکی تێدابوو نووسرابوو: "ئیسرائیل وای لە عەرەب نەکردووە". ئێمە رادەگوێزن، وڵاتی خۆمانە بۆ وامان لێدەکەن. راپۆرتەکەمان بردەوە بۆ مەجلیس، لەوێ پێشکەشی خالید کوبەیسییان کرد کە وەزیری کاروباری کورد بوو. ئەو زۆر تووڕە بوو گوتی: چۆن شتی وا دەنووسن. لێژنەیەکی لێکۆڵینەوە دروست کرا، بەڵام لە شانسی ئێمە دوای 20 رۆژ لەسێدارە درا. کابرایەکی شۆفێنی بوو، وابزانم بە نیازی کودەتابوو.
**رووداو: ئەوکات کۆمەڵێک پارتی سیاسی کوردی هەبوون. شێخ ستار و مەلا ماتۆڕ و عەزیز عەقراوی حیزبیان هەبوو، ئەو حیزبانە رۆڵیان چی بوو، ئێوە پەیوەندیتان لەگەڵ ئەو حیزبانە هەبوو؟**
**دارای حاجی برایم:** پەیوەندیم نەبوو، بەڵام وەکو شەخس دەمناسین. کە دەچووم بۆ بەغدا، مەلا ماتۆڕم دەبینی. کاک عەبدولستارم دەبینی. بە هەموویان 15 کەس نەدەبوون. هیچ نەبوون، پیاوی موخابەرات بوون و راپۆرتیان لەسەر خەڵک دەنووسی.
**رووداو: زۆر باسی خەڵکانی خیانەتکار دەکرێ، هەیە ئیشی خراپی بەرامبەر میللەتەکەی کردووە و ئێستاش دەڵێت من کاتی خۆی لەگەڵ فلان حیزب و فلان بەرپرس بووم. ئەوانەی بەدڵ خزمەتی بەعسیان دەکرد زۆر بوون؟**
**دارای حاجی برایم:** هەیانە شتی باشی کردووە، هەشیانە شتی خراپی کردووە. موستەشار هەبووە خەڵکی کوشتووە، پێشمەرگەی کوشتووە. موستەشاریش هەبووە خەڵکی رزگار کردووە. بەڵام ئەوەی چاکەی کردبێ زۆر کەمە.
**رووداو: تۆ لە شوێنێک دەڵێی زۆربەی ئەوانەی فەوجی خەفیفەیان هەبوو بەشدارییان لە شەڕدا کردووە، بە تایبەتی لە کاولکردنی گوندەکان؟**

> بنەماڵەی سەددام حوسێن خۆیان بە کورد دەزانن

> مام جەلال دەیگوت 100 هەزار دیناری دارامان لەلایە

**دارای حاجی برایم:** بەدڵنیاییەوە. کە ئامر لیواکەی پێیگوتووە بجوڵێ، نەیتوانیوە نەجوڵێ. چونکە پارەی ناداتێ. موستەشار هەیە لەلای پارتی و یەکێتی کراوە بە زیندانی سیاسی کە لە بەغدا فەرمانی گرتنی هەیە. ئەمە کەی رەوایە!
**رووداو: ئێوە بەشداریتان لە کاولکردنی گوندەکاندا نەکردووە؟**
**دارای حاجی برایم:** من تەنیا شەش مانگ فەوجم هەبوو، دوایی رامکرد بووم بە پێشمەرگە.
**رووداو: پەیوەندی تۆ لەگەڵ یەکێتی کەی دەستیپێکرد؟**
**دارای حاجی برایم:** لە سەردەمی شەهید ئارامەوە دەستیپێکرد، دوای ئەویش بەردەوام بوو. تازە شۆڕش دەستیپێکردبوو، ئێوارەیەک پیاوێک هات گوتی چەند کەسێک داوای تۆ دەکەن، کە چووم بینیم عوسمانی قالە منەوەر و خاڵە نەجم و شێخ مەنسوور بوون. هێنامن بۆ ماڵی خۆمان، دوو سێ رۆژ مانەوە، شەوێک گوتیان چوار دەورمان گیراوە. گوتیان وەڵڵا مولازم موحسینە، گوتم کوڕینە شەڕ بکەن هەتا دەکوژرێین. رۆیشتن، دوو رۆژ دواتر موحسین گوتی لەوناوە بووم، ویستم بێمە لات چایەک بخۆمەوە، بەڵام نەهاتم، لە دڵی خۆمدا گوتم بەس نەبوو نەهاتی. شتێک لە سلێمانی روویدا گوتیان قەدەغەی هاتوچۆیە. منیش خەڵکم زۆر دەناسی فیرار بوون. رەنگە 500 کەس دەبوون، ژێر زەمینێکمان هەبوو گوتم بچنە ژێرزەمینەکە. رۆژێک گوتیان ئەفسەرێک هاتووە دەیەوێ بتبینێ، کە هات نەقیبێک بوو. گوتی ئەوانە هەموویان سەر بە تۆن؟ گوتم بەڵێ، گوتی ئەو گەڕەکە هی تۆیە؟ گوتم بەڵێ. ئەفسەرەکە گوتی یەک کەس نەپشکنن. یەکێک لەوانە نەریمان بابان بوو. کەسێکی زۆر بە سیفەتە، هەموو جارێک تەلەفۆنم بۆ دەکات. من بۆ ئەوەمە بڵێم من هیچ جیاوازییەکم لەنێوان هیچ

> ئەگەر یەکێتی لەگەڵ بەعس رێککەوتبایە، هەڵەبجە کیمیاباران نەدەکرا

حیزبێک نەکردووە، مادام کورد بووە یارمەتیم داوە.
**رووداو: چ جۆرە یارمەتییەکت پێشکەشی یەکێتی کردووە؟**
**دارای حاجی برایم:** بە چەک یارمەتیم داون. لە 1986 گاز و بەنزین و خواردنم بۆ ناردوون، بەردەوام پارەشم بۆ ناردوون. قادری حاجی عەلی شایەتە، لەلای مام جەلال دانیشتبووین: مام جەلال گوتی من 100 هەزار دیناری (سویسری) کاک دارام لەلایە.
**رووداو: بە قەرز پێتدابوون؟**
**دارای حاجی برایم:** نا، ئەگەر بە قەرز بووایە ئێستاش نەیاندەدامەوە.
**رووداو: ئێوە ئاگاداری گفتوگۆی نێوان حکومەت و یەکێتی بوون؟**
**دارای حاجی برایم:** من لە رێگەی عەبدولفەتاح یاسینەوە زانیم. ئەندامی قیادەی قوتری حیزبی بەعس بوو. ئەوکات وەزیر بوو. نەخۆش بوو چووم بۆ لای گوتی: عیزەت دووری هاتووە بۆ سلێمانی، نەتبینی؟ گوتم: نەوەڵڵا نەمبینی، بۆچی هاتووە؟ گوتی کە چوویتەوە بچۆ بۆ لای کاک جەلال هەندێک شت هەیە پێی بڵێ. شتەکان ئەوە بوو کە تۆزێک خۆیان رابگرن، دوژمنێکی گەورە لەپێشمانە، حەز ناکەین هەندێک هەڵسوکەوت بکەن. بۆ

دانیشتنەکانیش سەدام خۆی سەرپەرشتی دەکات. منیش هاتمەوە بۆ مام جەلالم گێڕایەوە. مام جەلالیش گوتی داواکارییەکانمان جێبەجێ نەکەن رێگەی دیکە هەیە بیگرمەبەر، رێگەکەش ئێران بوو. دوای ئەوە عەبدولفەتاح یاسینم بینی. گوتی ئەگەر بابەتەکە ئێرانە، بەخوا کوردستان وێران دەبێ. با شتێکیشتان پێبڵێم: سەدام حوسێن بەرگریتان لێدەکات، بەڵام ئێمە وەکو بەعس بەرگریتان لێناکەین. رەئی هەمووشمان خراپە بەرامبەرتان. با دان بەخۆیاندا بگرن، ئێمە لە شەڕێکی گەورەداین کە ئەو شەڕە تەواو بوو، چییان بوێ بۆیان دەکەین. ئەم هەفتەیە ئێمە رێکدەکەوین و رێککەوتنەکەش واژوو دەکەین. لەو هەفتەیەدا وەزیری گەشتوگوزاری تورکیا هات بۆ بەغدا. گوتی کاکە ئێوە خەریکن لەگەڵ کورد رێکدەکەون؟ گوتمان: بەڵێ. گوتی: ئێمە دەرگاکانتان لێدەگرین. عیززەت دووری و عەلی حەسەن مەجید چوون بۆ سووڕداش بۆ لای مام جەلال. بەڵام ئەوان رێگەیەکی دیکەیان گرتەبەر، ئەوەش هەڵەیەکی گەورە بوو. دەبووایە لەگەڵ بەعس رێکبکەون. نە کوردستان وێران دەبوو، نە

> سەددام هەموو جەژنێک پارە یان ئۆتۆمبێلی بۆ دەناردم

هەڵەبجەش کیمیاباران دەکرا.
**رووداو: دوای ئەوەی ساڵی 1967 سەدامت بینی، پەیوەندییەکانت بەردەوام بوو؟**
**دارای حاجی برایم:** من دوو سێ جاری دیکە سەددامم بینی. چووم بۆ عۆجە بۆ ماڵی ئەبوو محەممەد کە خاڵۆزای سەددام بوو، شەو لەوێ مامەوە، گوتیان سەید رەئیس لێرەیە و دێت بۆ دیوەخانەکەی، ئێمەش چووین بۆ ئەوێ. سەددام پرسی چی هەیە لە سلێمانی؟ گوتم مودیر ئەمنێکی لێیە زۆر خراپە، بۆ بەیانی گواستیانەوە.
**رووداو: ئەی باس لەوە دەکرێ سەددام دیاری بۆ ناردووی؟**
**دارای حاجی برایم:** بەڵێ. لە هەموو جەژنێک پارەی دەنارد. یان ئۆتۆمبێلی پێدەداین.
**رووداو: لەسەر چ بنەمایەک ئەو دیارییانەی دەدا بە ئێوە؟**
**دارای حاجی برایم:** پەیوەندیمان لەگەڵ ئەو شەخسی بوو، چ پێویستی نەدەکرد ببم بە بەعسی یان پیاوی ئەمن، راستەوخۆ دەمناسی. ئامۆزاکانیم دەناسی. پوورزاکانیم دەناسی. تێکەڵاوی خێزانیمان هەبوو لەگەڵ سەددام. من ناڵێم سەددام پیاوێکی باش بوو، بەڵام پیاوێکی بە وەفا بوو.
**رووداو: سەددام پیاوێکی چۆن بوو؟**
**دارای حاجی برایم:** پیاوێکی بە بەڵێن بوو، حەزی لە خیانەت نەبوو. درۆی پێناخۆش بوو. ئەو هەموو سەرکردەیەی کورد چوون بۆ بەغدا و هەمووشیان بە سەلامەتی هاتنەوە.
کابرایەک هەبوو شێخ جەلالیان پێدەگوت، دراوسێم بوو. ساڵی 1986 هات بۆ لام کوڕێکی لەگەڵ بوو ناوی محەممەد بوو، موقەدەم روکن بوو، گوتی من تکریتیم و برازای حەردان تکریتیم. گێڕایەوە کە رێگایەکیان دروست دەکرد لە کەرکووکەوە بۆ تکریت، پردێکی تێدەکەوت بۆ ئەوبەری ئاو، گوتی هەندێک خانووی ئێمە بەر رێگاکە دەکەوتن، باوکم منی نارد بۆ لای نەنکم، تاپۆی خانووەکان لەلای ئەو بوو، کە تاپۆکانی

> ئێران دەیویست حیزبێکی ئیسلامیم بۆ دروست بکات

> سەددام بە قسەی من بەڕێوەبەری ئەمنی سلێمانی گواستەوە

هێنا لەسەری نووسرابوو ئیبراهیم ئاغا. گوتم نەنە ئیبراهیم ئاغا کێیە. گوتی: باپیرەی هەمووتانە. گوتم لە نێو عەرەبدا ئاغا نییە، گوتی رۆڵە ئێمە ئەسڵمان کوردە.
**رووداو: لەو ماوەی کە تۆ پەیوەندیت لەگەڵ بەرپرسانی بەعس هەبووە و تۆ دەڵێی پەیوەندییەکانت شەخسی بوون، قەت وا رێککەوتووە کەسێک گیرابێ داوات لێ بکەن ئازادی بکەی و ئەوانیش بە قسەیان کردبێ؟**
**دارای حاجی برایم:** زۆر کەس هەبووە کە ئەگەر من نەبوومایە، ئیعدام دەکران. هەر تەکلیفێکم کردبێ، سەد لە سەد جێبەجێیان کردووە.
**رووداو: ئێوە پەیوەندییەکی باشتان لەگەڵ حکومەت هەبوو، بە تایبەتی لەگەڵ سەددام حوسێن و خێڵەکەی، ئەو پەیوەندییە بۆچی پچڕا؟**
**دارای حاجی برایم:** من تاقەتی فەوجم نەبوو، بە نامەی مام جەلال فەوجم دروستکرد. شەڕێک لەگەڵ ئێران کرا فەوجەکەی من چەند شوێنێکیان گرت، چەند چەکێکیان دەستکەوت. گوتیان دەبێ چەکەکان تەسلیمی حکومەت بکەی. کردیان بە راپۆرت و راپۆرتکاری. سەدام حوسێن تا ساڵی 1985یش پیاوێکی زۆر ئاسایی بوو، بەڵام کە شەڕەکە گەیشتە لوتکە ئەو پیاوە تێکچوو. باوەڕ بکەن ئەو راپۆرتانەی لەسەر من نووسرابوون بچووبانە بەردەمی دەیگوت لە سێدارەی بدەن. لێژنەیەکی لێکۆڵینەوەیان لەسەر دروستکردم، لێژنەکە بە سەرۆکایەتی شێخ جەعفەر بوو. گوتیان کابرایەکمان لە چەمچەماڵ دەستگیر کردووە ناوی حاجی رەزایە و 200 پارچە چەکی پێگیراوە و دەڵێت دارای حاجی برایم پێیداوم بیبەم بۆ حیزبی دەعوە لە نەجەف. شتەکەش ئەسڵ و ئەساسی نەبوو، ئەمە بووە هۆی ئەوەی دووربکەومەوە لە حکومەت. مام جەلالیش وەڵامی نارد گوتی ئەگەر

> سەددام لە دوای گیرانی داوای کردبوو قسە لەگەڵ حاکم رزگار ئەمین بکەم

پێتدەکرێ وەرە دەرەوە. گوتم نایەمە دەرەوە هەتا هەندێک شت هەیە جێبەجێی نەکەم. گوتم من هەموو شەوێک 50 کەس دەنێرم بۆ پارێزگاری لە لیوای سووسێ. کارگەی چیمەنتۆی تاسلوجە جەیشی شەعبی لێیە. هەموو شەوێکیش 30 کەس دەنێرم بۆ ئەوێ. من هێزەکە زیاد دەکەم و دەیکەم بە 70-80 کەس با 30 کەس لەلای من بێ و ئەوەی دیکەش پێشمەرگە بن. لیواکە و کارگەکە بگرین، ئەوکات دێمە دەرەوە. ئەوانەی لەلای من بوون ئەو پلانەیان ئاشکرا کرد. ئەوانە لە ژێرەوە لەگەڵ بەعس بوون. من خۆم بە تەنیا لەگەڵ فەوجەکە نزیکەی 600 — 700 کەس بووین، چووینە لای مام جەلال. ئەمە بووە هۆی ئەوەی من داببڕێم.
کە لە لەندەن بووم، سەدام باڵیۆزی عێراقی ناردە لام، چووینە رێستورانتێک. سڵاوی حیزب و سڵاوی سەدامی بۆ هێنابووم و گوتی: سەدام دەڵێت تۆ کەسێکی نیشتیمانپەروەری و دەمانەوێ دانوستاندنت لەگەڵ بکەین. منیش گوتم من بە تەنیا هیچ نیم، دانوستاندن لەگەڵ کورد بکەن. گوتی کێیان بۆ دەستنیشان دەکەی؟ گوتم: د.مەحموود عوسمان. گوتیان: ئەو نا، کەسێکی دیکەمان بۆ دەستنیشان بکە. گوتم خەڵکی دیکە هەیە ئێوە

بۆ خۆتان حکومەتن و دەزانن کێیە. بۆ خۆتان لەگەڵیان دابنیشن. پاشان ئەو کەسە تەلەفۆنی بۆ کردمەوە گوتی: سەید رەئیس دەڵێت باوک و کوڕ شەڕیان دەبێت، باوک زللەیەک لە کوڕەکەی دەدات، کێی بە کەفیل دەوێت بابێتەوە لێرە دابنیشێ. گوتم من بە تەنیا ناگەڕێمەوە.
**رووداو: ئەوە دوایین پەیامی سەددام حوسێن بوو؟**
**دارای حاجی برایم:** نەخێر، کە گیرا برادەرێک تەلەفۆنی بۆ کردم و گوتی: حاکم رزگار ناناسی؟ گوتم: نەوەڵڵا. بۆ؟ گوتی دەمانەوێ قسەیەکی لەگەڵ بکەین، سەددام گوتبووی بە دارا بڵێن بەڵکو ئەو قسەی لەگەڵ بکات.
**رووداو: زۆر بە خراپی باسی شێخ جەعفەر بەرزنجی، پارێزگاری سلێمانی دەکرێ، کەسێکی خراپ بوو؟**
**دارای حاجی برایم:** لەگەڵ شێخ جەعفەر زۆر برادەر بووین، بەڵام من بەو شێوەیە نەمدەبینی، بەشێوە ساکارەکەی خۆی دەمبینی. بەڵام هەندێک شتی لەسەر ماڵ بوو، وەکو شەهیدکردنی پۆلە گەنجەکەی سەر رێگای سەرچنار.. شێخ جەعفەر بەعسی بوو، بە قسەی بەعسی دەکرد.
**رووداو: ئەوکاتەی یەکێتی بڕیار دەدات لە چاڵە نەوتەکانی کەرکوک بدات ئێوە هاوکاریتان کرد؟**
**دارای حاجی برایم:** بەڵێ. گوتیان هەندێک تراکتۆر دەپەڕنەوە، پارێزگارییان لێ بکەن، بەڵام مەپرسن چییە. من نەبوومایە کەس نەیدەتوانی پارێزگارییان لێ بکات. دوایی زانیم لە چاڵە نەوتەکانیان داوە.
**رووداو: حیزبی بەعس حوسێن کامل و سەدام کاملی کوشت، هیچ شتێک دەزانیت لەسەر ئەو رووداوە؟**
**دارای حاجی برایم:** ئامۆزاکەی سەددام گیرابوو، لە بەندیخانەی چەمچەماڵ بوو. حەوت ساڵ حوکم درابوو، لەسەر ئەو پەلامارەی سەر ماڵی حوسێن کامل بوو. ساڵی 2016 وەڵامی بۆ ناردم سەردانی بکەم. منیش چووم بۆ لای. گوایە ئەو ژنەی لە رووداوەکەدا کوژراوە ئەو ئامۆزایەی سەددام کوشتوویەتی.. هەم لێرە و هەم لە بەغدا داوام کرد تەسلیمی بەغدای نەکەن، چونکە تەسلیمی بەغدا کرابا تێدەچوو. کە ئازاد کرا هێنام بۆ ماڵی خۆم. دوایی ناردم بۆ هەولێر، لەوێ شتێکیان بۆ جێبەجێ کرد و ناردیان بۆ تورکیا و ئێستا لەوێیە. ئەو بۆی باسکردم بابەتەکە سەدام نەبوو، بەڵکو عەلی حەسەن مەجید بوو. بە سەدامی گوتبوو تۆ وەکو سەرۆک کۆمار لێیان خۆشبووی، بەڵام ئێمە وەکو عەشایر لێی خۆشنابین.
**رووداو: ئەی دەڵێن ژنەکەیان پێ تەڵاق دا؟**
**دارای حاجی برایم:** ئەوە رۆژنامەنووسێک بۆی گێڕامەوە، ناوی عەباس جەنابی بوو، لەلای عودەی کاری دەکرد، گوتی لە بارەگاکەی عودەی بووم. ناردیان بە شوێنمدا. کە چووین حوسێن کامیل و رەغدی کچی سەددام و قازی بەغداش لەوێ بوون، زۆر هەوڵیان لەگەڵ دا کە تەڵاقی بدات، گوتی تەڵاقی نادەم.
**رووداو: نامەی مام جەلال لە رێگەی تۆوە دەچێ بۆ حاجی سوڵتان، ئەو حاجی سوڵتانە کێ بوو؟**
**دارای حاجی برایم:** ئەم حاجی سوڵتانە تکریتییە، برادەری مام جەلال بوو. کابرایەکی تکریتی لە قەرەداخ گیرابوو بەعسی بوو، تەکلیفیان لە من کرد کە بە مام جەلال بڵێم ئازادی بکات. مام جەلال داوای 11 بیکەیسی کردبوو. حاجی عەبد هەبوو برای عەلی حەسەن مەجید، زۆر تکای لێکردم بەڵکو ئازادی بکەم. پێمگوت وەڵڵا مام جەلال داوای 11 بیکەیسی کردووە. بەڵام مام جەلال بە سەفەر چوو بوو بۆ سووریا و هەتا گەڕایەوە، کاک

> هەر تەکلیفێکم هەبووبێ حکومەتی عێراق بۆی جێبەجێ کردووم

> موستەشاری وا هەیە لە بەغدا بڕیاری گرتنی هەیە، لێرە کراوە بە زیندانی سیاسی

> من نەبوومایە یەکێتی نەیدەتوانی لە بیرە نەوتەکانی کەرکووک بدات

> ئەو موستەشارانەی کاری چاکیان کردبێ زۆر کەمن

> تەنیا شەش مانگ فەوجم هەبوو

> یەکێتی هەڵەیەکی گەورەی کرد کە لەگەڵ بەعس رێکنەکەوت

> مام جەلال لە بەرامبەر رزگارکردنی تکریتییەک داوای 11 بیکەیسی کردبوو، بەڵام کاک نەوشیروان گوللەبارانی کرد

نەوشیروان ئەو کابرایەی گوللەباران کرد.
**رووداو: تۆ دەچیتە دەرەوە، هاشم سوڵتان پەیوەندی بە تۆوە دەکات و دەڵێت وەرەوە ریزی نیشتیمان. ئەوە چۆن بوو و لە رێگەی کێ بوو؟**
**دارای حاجی برایم:** کە ئەنفال دەستیپێکرد، نامەیەکی بە کوڕێکی ئامۆزامدا ناردبوو. تێیدا نووسرابوو: ئەوێ شوێنی تۆ نییە، تۆ دوای وەهم کەوتووی و ئێمە تۆمان خۆشدەوێ. تۆ کێشەت چییە؟ چیت دەوێ بۆت دەکەین. منیش وەڵامی نامەکەم دایەوە. گوتم: من شوێن وەهم نەکەوتووم، شوێنی میللەتەکەم کەوتووم. ئاوارە و دەربەدەر کراین، ئەنفال کراین، ئێوە هەڵسوکەوتی خۆتان چاک بکەن هەزارانی وەکو من دێنەوە. ئەوکات کاک نەوشیروان لە سەقز بوو. پێمگوت کاک نەوشیروان من بەو شێوەیە وەڵامی ئەو پیاوەم داوەتەوە. گوتی ئیشێکی باشت کرد. برادەرێک ئەو راپۆرتەی بە ئێرانییەکان گەیاندبوو کە عەلی حەسەن مەجید نامەی بۆ نووسیوم. بانگیان کردم بۆ قەرارگەی رەمەزان. گوتیان چۆن عەلی حەسەن نامەی بۆ تۆ نووسیوە؟ گوتم: ئەو نەینووسیوە، هاشم سوڵتان نووسیویەتی لەبەر ئەوەی من هاوڕێی باوکی ئەوم. دەڵێت وەرەوە منیش بەو شێوەیە وەڵامم داوەتەوە.
**رووداو: تۆ لەگەڵ یەکێتی بووی، بەڵام پەیوەندی شەخسیت لەگەڵ ئەملا و ئەملا زۆر بوو، ئەمە چۆن بوو؟**
**دارای حاجی برایم:** ئێرانییەکان دەیانویست حیزبێکی ئیسلامیم بۆ دروست بکەن. مام جەلالیش رازی بوو کە شتێک دروست بکەم لەگەڵ ئێران، بۆ سوودی یەکێتی. لەوێ کۆبوونەوەیەکیان لەگەڵ کردم، گوتیان چیتدەوێ، گوتم 200 خانوو و 2000 چەک و پارەشم دەوێ. گوتیان دەبێ رەزامەندی سەرووی خۆمان وەربگرین. داواکردنی ئەو 200 خانووە لەسەر داوای مام جەلال بوو بۆ پێشمەرگە پەککەوتەکان. چەکەکەش هەزاری بۆ خۆم بوو هەزاریش بۆ یەکێتی، بەڵام هیچیان جێبەجێ نەکرد، تەنیا یارمەتی خۆم و ئەو 70 — 80 کەسەیان دا کە لەگەڵم بوون.

## 445 ملیار دینار بۆ گەڕاندنەوەی ئاوارەکان تەرخان دەکرێت

**روداو- هەولێر**

وەزیری کۆچ و کۆچبەرانی عێراق بڕیاری دا 445 ملیار دینار بۆ دووبارە گەڕاندنەوەی سەقامگیری و زوو گەڕاندنەوەی ئاوارەکان بۆ ناوچەکانیان تەرخانبکرێ و گوتی: "ئەمساڵ سەرجەم کەمپی ئاوارەکان دادەخرێن". نۆفل بەها مووسا، وەزیری کۆچ و کۆچبەرانی عێراق رایگەیاند "445 ملیار دینار بۆ لیژنەی باڵای فریاکەوتن تەرخانکراوە، ئەوەش بۆ گەڕاندنەوەی سەقامگیری لە پارێزگاکان، زوو گەڕاندنەوەی ئاوارەکان، بنیادنانی کۆڵەگەکانی دووبارە ئاوەدانکردنەوەو ڕێگرتن لە کردەوەی توندوتیژی کە ڕێگە لەبەردەم چالاکییەکانی دووبارە ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان خۆشدەکەن، بەتایبەتی زۆربەی ئاوارەکان بەهۆی نەبوونی خزمەتگوزارییەکانی ئاو، کارەبا، قوتابخانە، نەخۆشخانە و وێرانبوونی خانووەکانیانەوە ناتوانن بگەڕێنەوە ناوچەکانیان".



ئابووری
ڕووداو
ژمارە ( 592 ) - دووشەممە 2020/2/17

### 80%ی هێلکەی بازار بەرهەمی پرۆژەکانی ناوخۆیە

# پرۆژە وەستاوەکانی بەرهەمی هێلکە دەکەونەوە کار

**رەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بەهۆی کاریگەریی ڕێگری لە هاوردەکردنی هێلکەی تورکی و زیادبوونی خواست لەسەر بەرهەمی خۆماڵی، بووژانەوەیەکی گەورە لە پرۆژەکانی بەرهەمهێنانی هێلکە ڕوویداوە، لە 8 مانگی ڕابردوودا 3 پرۆژە بەگەڕخراونەتەوە و پرۆژەیەکی نوێش دامەزراوە.

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، 12 پرۆژەی بەرهەمهێنانی هێلکە لە هەرێمی کوردستان هەن (هەشت لە هەولێر، دوو لە دهۆک، یەک لە سلێمانی و پرۆژەیەکیش لە گەرمیان) ئەگەر بە وزەی تەواو کاربکەن بەرهەمی ساڵانەیان دەگاتە ملیارێک و 349 ملیۆن و 900 هەزار هێلکە.

بەڵام بەهۆی لێشاوی بەرهەمی هاوردە و گرفتی دابەزینی نرخ و بڵاوبوونەوەی نەخۆشی لە هەندێک پرۆژەدا، بەر لە بڕیاری قەدەغەکردنی هێلکەی تورکی لە ناوەڕاستی مانگی حوزەیران، لە کۆی 11 پرۆژە، تەنیا 5 پرۆژە لەکاردابوون و بەرهەمی ڕۆژانەیان نزیکەی ملیۆنێک 253 هەزار هێلکە بوو.

دوای قەدەغەکردنی هاوردنی هێلکەی تورکی و زیادبوونی خواست لەسەر بەرهەمی خۆماڵی، ئێستا 3 لە پرۆژە وەستاوەکان کەوتوونەتەوە کار و پرۆژەیەکی تازەش لە سلێمانی دامەزراوە، بەرهەمی ڕۆژانەی پرۆژەکان نزیکبووەتەوە لە دوو ملیۆن هێلکە، بەڵام هێشتا بەشی ناوخۆ ناکات.

فیراس سدیق، بەڕێوەبەری سامانی ئاژەڵ لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بە (ڕووداو)ی گوت: "بووژانەوەیەکی گەورە لە پرۆژەکانی بەرهەمهێنانی هێلکە ڕوویداوە. لە هەشت مانگی ڕابردوودا سێ پرۆژە کە پێشتر وەستابوون کەوتوونەتەوە کار، پرۆژەیەکی تازەش لە سلێمانی دامەزراوە".

بەپێی داتاکانی وەزارەتی کشتوکاڵ، هەرێمی کوردستان ساڵانە پێویستی بە نزیکەی 905 ملیۆن و 72 هەزار هێلکە هەیە ئەگەر هەر تاکێک ساڵانە بەتێکڕا 150 هێلکە بخوات، واتە ڕۆژانە بەتێکڕا لە هەرێمی کوردستان دوو ملیۆن و 480 هەزار هێلکە دەخورێت.

> **بەڕێوەبەری سامانی ئاژەڵ لە هەولێر:**
>
> **پێویستمان بە هاوردەکردنی هێلکە نەماوە**

فیراس سدیق، گوتی: "کۆی بەرهەمی ڕۆژانەی ئەم 9 پرۆژەیەی کار دەکەن نزیکەی 2 ملیۆن هێلکەیە کە دەکاتە نزیکەی 80%ی پێویستیی ناوخۆ، بۆ وەڵامدانەوەی خواستی بازاڕیش هەندێ لە پرۆژە داخراوەکان و ئەو پرۆژانەشی کە پێشتر بەهۆی بێ بازاڕی و نەخۆشی هەندێ لە هۆڵەکانیان داخستبوو، داوا دەکەن ڕێگەیان پێبدەین مریشکی تەمەن 90 ڕۆژەی هێلکەکەر لە تورکیا بهێنن بۆ ئەوەی گەشە بە بەرهەمی پرۆژەکانیان بدەن و خواستی بازاڕ پڕ بکەنەوە".

پرۆژەی خوانی زێڕین یەکێکە لە گەورەترین پرۆژەکانی بەرهەمهێنانی هێلکە لە هەرێمی کوردستان کە ساڵانە توانای بەرهەمهێنانی 691 ملیۆن هێلکەی هەیە، بەڵام بەهۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و دابەزینی نرخی هێلکە ساڵی ڕابردوو بۆ ماوەی 8 مانگ پرۆژەکە داخرا.

لە ناوەڕاستی ساڵی ڕابردوو جارێکی دیکە پرۆژەکە کەوتەوەکار، ئێستا لە 6 هۆڵ مریشکیان هەیە و ڕۆژانە نزیکەی 1300 کارتۆن هێلکەی سوور و سپی دەخەنە بازاڕی هەولێر، بۆ بەکارخستنەوەی 12 هۆڵەکەی دیکەش داوایان لە وەزارەتی کشتوکاڵ کردووە ڕێگەیان بدەن مریشکی هێلکەکەر لە تورکیا بهێنن.



وزەی ساڵانەی پرۆژەکانی هێلکە ملیارێک و 349 ملیۆن و 900 هەزار هێلکەیە (فۆتۆ: ڕووداو)

سەرتیب نازم ئاغا، خاوەنی پرۆژەی خوانی زێڕین دەڵێت: "پرۆژەکەمان پێکهاتووە لە پرۆژەی مریشکی دایکانە و هەڵهێنەر و کارگەی ئالیک، ئەگەر بە وزەی تەواو کار بکەین دەتوانین نزیکەی 2 ملیۆن و 200 هەزار مریشک بەخێو بکەین و ملیۆنێک و 800 هەزار هێلکە بخەینە بازاڕەوە، بەڵام بەهۆی لێشاوی بەرهەمی هاوردە و دابەزینی نرخ و بڵاوبوونەوەی نەخۆشی 1.5 ملیۆن مریشکمان مرد، بەرهەمی ڕۆژانەمان لە 4 هەزار کارتۆنەوە بۆ 250 کارتۆن دابەزی، بۆیە پرۆژەکەمان بۆ ماوەی 8 مانگ داخست".

پێشتر 85%ی بەرهەمی پرۆژەی خوانی زێڕین هەناردەی شارەکانی عێراق دەکرا، بەڵام سەرتیب نازم ئاغا دەڵێت ئێستا 100%ی بەرهەمی پرۆژەکەیان لە هەولێر دەفرۆشن.

پێشتر ڕۆژانە 40 تاوەکو 50 تریلە هێلکە لە تورکیاوە دەهات، بەهۆی پاڵپشتیی حکومەتی تورکیاش بۆ خاوەن پرۆژەکان، نرخی هێلکە بەشێوەیەکی بەرچاو دابەزی، ئەمەش وایکرد زۆربەی پرۆژەکان دابخرێن، بەهۆی ئەو زەرەرە زۆرەی کردیان سێ لەو پرۆژانە هێشتا هەر قوفڵ لە دەرگاکانیان دراوە.

یەکێک لە پرۆژە داخراوەکان پرۆژەی لاژەیە کە دەتوانێ ساڵانە 120 ملیۆن هێلکە بەرهەم بێنێ. حەسەن ئەحمەد، خاوەنی پرۆژە و کۆمپانیای لاژە دەڵێت: "بەهۆی لێشاوی هێلکەی تورکی و ئێرانی زەرەرێکی زۆرم کرد، تەواوی ئەو سەروەتەی هەمبوو لەسەر ئەو پرۆژەیەم دانا، بەڵام ساڵێک لەمەوبەر پرۆژەکەم داخست".

حەسەن دەزانێت ئەگەر پرۆژەکەی بەگەڕبخاتەوە قازانج دەکات، بەڵام دەڵێت پارەی بەگەڕخستنەوەی پرۆژەکەی نییە کە بە مەزەندەی خۆی 2.5 ملیۆن دۆلاری دەوێت. حەسەن دەڵێت: "حکومەتی عێراق قەرەبووی زیانی پرۆژەکانی پارێزگاکانی خۆی کردووەتەوە، تەنانەت بانکی کشتوکاڵی بۆ دەستپێکردنەوەی ئەو پرۆژانە 10 ملیار دینار قەرز دەدات، داوام لە بانکی کشتوکاڵی بەغدا کرد، بەڵام گوتیان پرۆژەکەت لە سنووری کوردستانە و ناتوانین قەرزت بدەینێ.

### هەولێر هێلکەی لێ زیادە

پشکی شێری بەرهەمهێنانی هێلکە لە هەرێمی کوردستان بەر پارێزگای هەولێر کەوتووە، بە جۆرێک لە کۆی 12 پرۆژە هەشتیان لە هەولێرن، ئەگەر پرۆژەکان بە وزەی تەواوی خۆیان کار بکەن، دەتوانن ساڵانە یەک ملیار و 38 ملیۆن هێلکە بەرهەم بێنن، بەڵام ئێستا سێ پرۆژە لەم پارێزگایە داخراون، هەندێک پرۆژەش هێشتا نەگەیشتوونەتە قۆناغی تەواوی وزەی خۆیان.

عەبدولخالق عەبدولقادر، بەڕێوەبەری سامانی ئاژەڵ لە هەولێر دەڵێت: "هەرچەندە هێشتا سێ پرۆژەی هێلکە ماوەن بکەونەوە کار و ئەو پرۆژانەشی لەکاردان بە وزەی تەواو کار ناکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو 5 پرۆژەیەی لەکاردان توانیویانە 100% پێویستی مانگانەی هەولێر پڕبکەنەوە کە 23 ملیۆن و 478 هەزار هێلکەیە. مانگانە 13 هەزار کارتۆن هێلکەمان لێ زیادە کە بەپێی خواستی بازاڕ بازرگانان هەناردەی شارەکانی دیکەی دەکەن".

بە گوتەی بەڕێوەبەری سامانی ئاژەڵ لە هەولێر، پارێزگای هەولێر چیدی پێویستی بە هاوردنی هێلکە نەماوە، لەگەڵ خاوەن پرۆژەکانیش قسەیان کردووە کە بەهیچ جۆرێک نرخی هێلکە بەرز نەکەنەوە.

عەبدولخالق عەبدولقادر، گوتی: "بەشێک لە پرۆژەکان لەرێگەی هێنانی مریشک لە تورکیا خەریکن گەشە بە پرۆژەکانیان دەدەن، چەند وەبەرهێنەرێکیش خەریکی مامەڵەن بۆ دامەزراندنی پرۆژی تازە، بۆیە لە ئایندەدا هەولێر دەتوانێ تەواوی هێلکەی کوردستان و بەشێک لە شارەکانی عێراقیش دابین بکات".

### لە چوارچێوەی پلانی ستراتیژیی چوار ساڵە

# وەزارەتی کشتوکاڵ بۆ 44 پرۆژەی ستراتیژی داوای 73 ملیار دینار دەکات

**رەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بۆ گەشەپێدانی بەرهەمی سەوزە و میوە و پشتبەستن بە بەرهەمی خۆماڵی، بەڕێوەبەرایەتی گشتیی باخداری لە چوارچێوەی پلانی ستراتیژیی چوار ساڵەی وەزارەتی کشتوکاڵدا پلانێکی ئامادە کردووە بۆ جێبەجێکردنی 44 پرۆژەی ستراتیژی و داوای 73 ملیار دینار دەکات.

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، لە پێنج ساڵی ڕابردوودا بەرهەمی سەوزە لە هەرێمی کوردستان گەشەسەندنێکی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە، کۆی بەرهەم لە 475 هەزار تۆنەوە بۆ 692 هەزار تۆن زیاد بووە، هەروەها بەرهەمی میوە لە 51 هەزار تۆنەوە بۆ 69 هەزار تۆن زیاد بووە، بەڵام ئەم زیادبوونە لەگەڵ پێداویستی و خواستی ناوخۆ یەکناگرێتەوە و ساڵانە بە ملیۆنان دۆلار بۆ هاوردەکردنی سەوزە و میوە دەچێتە دەرەوە.

بەپێی داتاکانی وەزارەتی کشتوکاڵ، لە 5 ساڵی ڕابردوودا کۆی بڕی بەکاربراوی میوە لە هەرێمی کوردستان دوو ملیۆن و 176 هەزار و 810 تۆن بووە. لەم بڕە تەنیا 314 هەزار و 569 تۆن بەرهەمی خۆماڵی بووە کە دەکاتە نزیکەی 14.4%ی بڕی بەکاربراو، هەر لە هەمان ماوەدا سەوزەی بەکاربراو 5 ملیۆن و 608 هەزار و 553 تۆن بووە. لەم بڕەش 3 ملیۆن و 36 هەزار تۆنی بەرهەمی خۆماڵی بووە کە دەکاتە 54%ی بڕی بەکاربراو.

حوسێن حەمەکەریم، بەڕێوەبەری گشتیی باخداری و دارستان و پاوان، بە (ڕووداو)ی گوت: "ئامانجی سەرەکی ئێمە و ئەنجوومەنی وەزیران لە داڕشتنی ئەم پلانە کەمکردنەوەی هاوردە و گەشەپێدانی بەرهەمی خۆماڵی سەوزە و میوەیە، بە تایبەتی لە هەندێک بەروبووم".

بەپێی ئەم پلانە کە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی باخداری بۆ گەشەپێدانی بەرهەمی سەوزە و میوە ئامادەی کردووە، دەبێ 44 پرۆژەی ستراتیژی جێبەجێ بکرێن کە پێویستیان بە زیاتر لە 73 ملیار دینار هەیە.



لە ماوەی پێنج ساڵدا، سەوزە لە 475 هەزار تۆنەوە بۆ 692 هەزار تۆن و میوەش لە 51 هەزار تۆنەوە بۆ 69 هەزار تۆن زیاد بووە (فۆتۆ: ڕووداو)

پارەکەش بەو جۆرە دابەشکراوە: هەولێر بۆ 9 پرۆژە داوای 23 ملیار و 151 ملیۆن دیناری کردووە، سلێمانی بۆ 10 پرۆژە داوای 30 ملیار و 254 ملیۆن دیناری کردووە، دهۆک بۆ 11 پرۆژە داوای 14 ملیار و 521 ملیۆن دیناری کردووە، هەڵەبجە بۆ 8 پرۆژە داوای 3 ملیار و 20 ملیۆن دیناری کردووە، گەرمیان بۆ 6 پرۆژە داوای 2 ملیار و 58 ملیۆن دیناری کردووە.

حوسێن حەمەکەریم، دەڵێت: "لە هەموو پارێزگاکان پلان و پرۆژەی لە پێشینەمان بۆ بەرهەمهێنانی نەمام بووە بۆ ئەوەی بتوانین نەمامی باش لە هەموو جۆرەکانی میوە بۆ جووتیاران دابین بکەین. پرۆژەی دیکەمان پەرەپێدانی جۆری باخدارییە بۆ نموونە پەرەپێدانی باخی مێو و زەیتوون لە ڕێگەی دامەزراندنی باخی نموونەیی. هەروەها بۆ گەشەپێدانی بەرهەمی سەوزە پلانمان هەیە پاڵپشتی چاندنی تەماتە، باینجان، کولەکە، بیبەر و هەندێ بەرهەمی دیکە بکەین، ئەویش لە ڕێگەی دابینکردنی تۆوی باش، پەیین، گاز، نایلۆن و قڕکەری مێرووی زیانبەخش".

یەکێک لە پرۆژەکانی دیکەیان، سەرپەرشتیکردنی پرۆژەکانی خانووی پلاستیکییە لەلایەن پسپۆڕانی تایبەتی وەزارەت بۆ ئەوەی جووتیاران بەشێوەیەکی زانستی گەشە بە بەرهەمەکانیان بدەن، هەروەها بەپێی پێوست و لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندی پارێزگاکان پلانی دامەزراندنی کارگەی زەیتی زەیتوون و بە پیشەسازیکردنی خۆراکیان هەیە وەک کارگەی شەربەتی ترێ و هەنار و کارگەی لە قوتوونان و وشککردنەوەی میوە و سەوزە، هەروەها پلانی پاڵپشتیکردنی ئاودانی باخەکانیان هەیە، ئەویش لە ڕێگەی دابینکردنی ئامێری ئاودان و دڵۆپاندن.

بەڕێوەبەرایەتی گشتیی باخداری لە داڕشتنی ئەم پلانە ستراتیژییەدا بە لەبەرچاوگرتنی پێویستی و تایبەتمەندی پارێزگاکان، جۆرێک لە سەربەخۆیی بە پارێزگاکان بەخشیوە. لە پلانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی پارێزگای سلێمانی بۆ جێبەجێکردنی 10 پرۆژەی بەردەوام بۆ چوار ساڵ، داوای 30 ملیار و 254 ملیۆن دینار کراوە.

جەلیل شەمسەددین، بەڕێوەبەری باخداری سلێمانی بە (ڕووداو)ی گوت: "یەکێک لە پرۆژەکانمان بەرهەمهێنانی نەمام و پەرەپێدانی نەمامی باخدارییە کە بۆ بەرهەمهێنانی ملیۆنێک و 300 هەزار نەمامی باخداری داوای 4 ملیار دینارمان کردووە. مەبەستمانە ساڵانە 400 هەزار نەمام بۆ زیادکردنی ڕووبەری باخەکان و نوێکردنەوەی باخە کۆنەکان بەرهەم بهێنین، چونکە بەهۆی قەیرانی داراییەوە توانای نەمامگەکانمان لە 620 هەزار نەمامەوە دابەزی بۆ 80 تاوەکو 120 هەزار نەمام".

بە گوتەی جەلیل شەمسەددین، لە سنووری پارێزگای سلێمانی زیاتر لە 400 هەزار داری زەیتوون هەن، بەڵام تەنیا یەک کارگەی بچووکی گوشینی زەیتوون هەیە، بۆیە داوای دامەزراندنی کارگەیەکی گوشینی زەیتوونیان بە بودجەی 750 ملیۆن دینار کردووە.

لە سنووری پارێزگای سلێمانی نزیکەی 17 هەزار خانووی پلاستیکی هەن، بۆ سەرپەرشتیکردنیان داوای 830 ملیۆن دینار کراوە، هەروەها بۆ ڕووپێوی دار و ڕووبەری باخەکان لە ماوەی دوو ساڵ داوای ملیارێک دینار کراوە. بۆ گەشەپێدانی باخی مێو داوای 660 ملیۆن دیناریان کردووە بۆ چوار ساڵ، پرۆژەیەکیشیان بۆ پەرەپێدانی باخی زەیتوون هەیە، جگە لەوەش بۆ پاڵپشتیکردنی دامەزراندنی کارگەی پیشەسازیی خۆراک داوای ملیارێک دینار کراوە، بۆ پرۆژەی سەوزە دانەپۆشراوەکانی وەک شووتی و کاڵەک و تەماتە و هەندێ بەرهەمی دیکە داوای دوو ملیار دیناریان کردووە.

ئەو بەڕێوەبەرە پێیوایە جێبەجێکردنی ئەم پرۆژانە ڕۆڵی زۆر کاریگەری دەبێت بۆ زیادکردن و گەشەپێدانی بەرهەمی سەوزە و میوە لە سنووری پارێزگای سلێمانی و تەنانەت کوردستانیش، چونکە پارێزگاکە زۆرترین باخی میوە و خانووی پلاستیکی هەیە.

ساڵی 2009 وەزارەتی کشتوکاڵ پلانێکی ستراتیژیی پێنج ساڵەی بۆ کەرتی کشتوکاڵ داڕشت، بەڵام بەهۆی دابیننەکردنی بودجە، بەشێکی کەمی لێ جێبەجێ کرا، ساڵی 2014 پلانێکی دیکەی داڕشت، بەڵام بەهۆی قەیرانی داراییەوە، بەشی زۆری هەر لەسەر کاغەز مایەوە، بۆ ساڵی 2019 تاوەو 2022 پلانێکی ستراتیژی بۆ گەشەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ داوەتە ئەنجوومەنی وەزیران، پلانی باخداریش بەشێک لەو پلانەیە، بەڵام دیار نییە چارەنووسی ئەم پلانەش چی دەبێت.

حوسێن حەمەکەریم دەڵێت: "جێبەجێکردنی ئەم پرۆژانە ڕۆڵی کاریگەریان دەبێت بۆ گەشەپێدان و زیادکردنی بەرهەمی میوە و سەوزە و کەمکردنەوەی هاوردە، بەمەرجێک ئەگەر لەکاتی خۆی بودجەی پێوستی بۆ دابین بکرێت و پلانەکە وەکو پلانەکانی پێشوو پشتگوێ نەخرێ".

# بازاڕی نەوت و مەترسییەکانی جیۆپۆلیتیک و جیۆئیکۆنۆمیک



شەهریار شێخلەر
ڕاوێژکاری ئابووریی وزە




پاش ساڵانێکی زۆر کە ڕێکخراوی وڵاتانی هەناردەکاری نەوت (ئۆپێک) توانیبووی هاوسەنگیی بازاڕ لە نێوان سێگۆشەی داواکاری، هەناردەکردن و نرخی گونجاو بۆ وڵاتانی هەناردەکاری نەوت ڕابگرێت و ڕۆڵی خۆی و بەرژەوەندیی وڵاتانی ئەندام لەو ڕێکخراوە مسۆگەر بکات، ماوەیەکە ڕۆڵ و پێگەی ئەو ڕێکخراوە لاواز بووە و فاکتەری دیکە ئاراستەی بازاڕی نەوت دیاری دەکەن. لە پاش قەیرانی بازاڕی نەوت لە ساڵی 2014 و دواتر بە دەستبەکاربوونی دۆناڵد ترەمپ وەکوو سەرۆکی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە بەردەوام هێرشی کردووەتە سەر ڕۆڵی ئۆپێک و بەتایبەت بە بەهێزتربوونی فاکتەرەکانی جیۆپۆلیتیک و جیۆئیکۆنۆمیک لە 2019 وە، گۆڕانکارییەکی زۆر خێرا لە ئاراستەی بازاڕی نەوت و هێزە کاریگەرەکان لەسەر ئەو بازاڕە هاتووەتە ئاراوە.

ئێستا ئەمریکا بە پشتبەستن بە نەوتی شێڵ و، ڕووسیاش پاش جێبەجێکردنی سیاسەتی گەشەی نەوتی خۆی، بەرهەمهێنەری یەکەم و دووەمی نەوتی جیهانن، کەنەدا زیاتر لە پێنج ملیۆن بەرمیل نەوت بەرهەمدێنێ و چینیش توانای بەرهەمهێنانی نەوتی خۆی بۆ زیاتر لە چوار ملیۆن بەرمیل بەرز کردووەتەوە. لە بەرامبەردا دابەزینی بەردەوامی قەبارەی نەوتی ئۆپێک بە مەبەستی بەرزکردنەوەی نرخ یان پێشگرتن لە دابەزینی زیاتری نرخی نەوت کە لە مانگی تشرینی دووەمی 2016وە دەستپێکردووە، پێگە و پشکی ئۆپێکی لە بازاڕ بۆ نزمترین ئاست لە مێژووی ئەو ڕێکخراوەدا دابەزاندووە. هاوکات لەگەڵ ئەوانە، دابەزینی ڕێژەی گەشەی ئابووریی جیهان و دابەزینی داواکاری بۆ نەوتی ئۆپێک، پێگەی ئۆپێکی لاوازتر کردووە و ئێستاش بەرزبوونەوەی ئەگەری جەنگ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و مەترسییەکانی وەکوو ڤایرۆسی کۆرۆنا زەنگی مردن بۆ ئۆپێک و سیستەمی پێشووی باڵانسی بازاڕی جیهانیی نەوت لێدەدەن. لەوانەیە ئەو ڕووداوانە سەرەتایەک بن بۆ هەڵوەشانەوە یان دامەزراندنی ڕکابەرێکی بەهێز بۆ پەکخستنی کاریگەریی ئۆپێک لە داهاتووی بازاڕی جیهانیی وزەدا.

ئێستا بازاڕی نەوت بەهۆی هەڕەشەکانی دەرەوەی بازاڕ، لە حاڵەتی پاشەکشەدایە و نرخی کرینی خێرا (سپۆت) لە نرخی کرینی داهاتوو زیاترە. ئەوەش ئالارمێکی هۆشیارکردنەوەیە بۆ شارەزایانی ناو بازاڕ. لاوازبوونی فاکتەرەکانی باڵانسی بازاڕ بۆ سەر نرخی نەوت، وادەکات ڕووداوە سیاسی، ئەمنی و ئابوورییەکان کاریگەریی بەهێزتریان لەسەر نرخی نەوت هەبێت و پاشەکشەی زیاتر بە بازاڕ بکەن. وەکوو نموونە هێرشێکی سنووردار بۆ سەر کێڵگە و عەمبارەکانی ئارامکۆی سعودیە لە 14ی سێپتەمبەری 2019، نرخی نەوتی بەڕێژەی 20% بەرزکردەوە، یان هێرشی فڕۆکەیەکی ئەمریکی بۆ سەر قاسم سولەیمانی، فەرماندەی سوپای قودسی ئێران و هەڤاڵانی لە بەغدا لە سەرەتای ساڵی 2020، توانی نرخی نەوت تەنیا لە ماوەی یەک ڕۆژدا زیاتر لە 4.5% بەرزبکاتەوە. یان بە پێچەوانەوە سەرهەڵدانی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە ماوەی پازدە ڕۆژدا نرخی نەوت 18% دادەبەزێنێ. هەڵبەت ئەو بەرز و نزمبوونەوە خێرایانەی نرخی نەوت لەکاتێکدایە ئۆپێک ئێستاش کۆبوونەوەی ئاسایی ساڵانە و نائاسایی خۆی هەر هەیە و بەهاوکاریی بەشێک لە وڵاتانی هەناردەکاری دەرەوەی ئەو ڕێکخراوە (ئۆپێک پڵەس) هەوڵ دەدات بازاڕ کۆنترۆڵ بکات! بەڵام ئۆپێک ئێستا لە ڕێکخراوێکی دانەری ستراتیجی و ئاراستەکەری بازاڕەوە، گۆڕاوە بۆ بەرگریکارێک لە هێرشی فاکتەرەکانی دیکە. بۆیە پێدەچێت ئەوە سەرەتایەک بێت بۆ گۆڕان لە شێوازی کۆنترۆڵکردنی بازاڕی نەوت وەک گرینگترین سەرچاوەی وزە لە ساڵی 2020 و پاش ئەو، ئەو بازاڕە زیاتر بکەوێتە ژێر کاریگەریی فاکتەرەکانی دیکە، بەتایبەت جیۆپۆلیتیک و جیۆئیکۆنۆمیک.

## فاکتەرە کاریگەرەکان بۆ سەر بازاڕی نەوت لە 2020

بەپێی ئەوەی فاکتەرەکانی جیۆپۆلیتیک لە ئامانجە ستراتیجییە گەورەکان وەردەگیرێن، پێداچوونەوەیەک بە ئامانجە ستراتیجییەکانی ئەمریکا، وەک بەهێزترین وڵاتی ئابووری و سەربازیی جیهان، دەتوانێت ئەو فاکتەر و هەڕەشانە زیاتر ڕوون بکاتەوە.

لە سەدەی نوێدا و پاش بەهێزتربوونی ڕووسیا و چین و هەروەها چارەسەرنەبوونی کێشەی ئەمریکا و ئێران، دەتوانین بڵێین ئامانجە ستراتیجییە سەرەکی و گرینگەکانی ئەمریکا بریتین لە:

– کۆنترۆڵی ڕووسیا و چین لە بواری سەربازی و ئابووری

– کۆنترۆڵی بازاڕی سەرمایە

– کۆنترۆڵی ڕێگای گواستنەوە و بازرگانیی نەوت

بەشێک لە هۆکاری ئەو ئامانجە ستراتیجیانە بۆ پلان و هەوڵەکانی ڕووسیا و چین لە پەرەپێدان بە دەسەڵاتی ئابووری و کاریگەریی خۆیان لەسەر بازاڕی وزە دەگەڕێتەوە.

ئێستا چین پلانی هەیە تا 400 ملیارد دۆلار وەبەرهێنان لە کەرتی نەوتی ئێراندا بکات. لەکاتێکدا بە دەرچوونی کۆمپانیا ڕۆژئاواییەکان لە کەرتی نەوتی عێراق، کۆمپانیا چینییەکان پێگەی خۆیان لە بەرهەمهێنانی نەوتی عێراقدا بەهێز دەکەن. ڕێککەوتنی ئابووریی عێراق- چین لە کۆتایی دەسەڵاتی عەبدولمەهدیش کاریگەریی چین لەسەر کەرتی نەوت و وزەی عێراق بەهێزتر دەکات. ئەوە سەرەڕای هەوڵی چین بۆ کۆنترۆڵی دەریای هیند و گەرووە ئاوییەکانی ئەو ناوچەیە و وڵاتانی دیکەی نەوتی.

> ئۆپێک لە ڕێکخراوێکی دانەری ستراتیجی و ئاراستەکەری بازاڕەوە گۆڕاوە بۆ بەرگریکار لە هێرشی فاکتەرەکانی دیکە

ڕووسیا پشکی سەرەکی لە بازاڕی گازی سروشتیی ئەورووپا و دابینکردنی وزەی ئەو وڵاتانەدا هەیە و دەتوانێت کاریگەری لەسەر داهاتووی پەیوەندی ئەورووپا- ئەمریکا هەبێت. هەروەها، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پەرە بە دەسەڵاتی خۆی لە سووریا، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقا دەدات.

واتا پێگەی ستراتیجیی ئەمریکا لە داهاتووی جیهاندا دەکەوێتە ژێر مەترسی جیدی و چارەسەرکردنی ئەو مەترسیە پێویستی بە هەنگاو و پلانی خێرا هەیە.

لاچوونی مەترسی ستاندنەوەی متمانە لەسەر دۆناڵد ترەمپ، بە دڵنیاییەوە ئەو بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو بەهێزتر دەکات و دوودڵیی ئەو لە بەرەنگاربوونەوەی قەیرانە سیاسی و ئابوورییەکان لەگەڵ وڵاتانی ئامانج ناهێڵێ. لێرە بەدواوە چین، ڕووسیا، ئێران و تاڕادەیەک ئەورووپا زیاتر لە جاران دەکەونە ژێر گوشاری سیاسی و ئابووریی ئەمریکاوە و ئەوەش واتا بەهێزتربوونی مەترسییەکانی جیۆپۆلیتیک یان جیۆئیکۆنۆمیک بۆ سەر بازاڕی نەوت. چونکە قووڵتربوونی ئەو ململانێیە تەنانەت ئەگەر نەبێتە هۆی جەنگێکی کورتخایەن یان سنووردار لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دەتوانێت ببێتە هۆی خاوبوونەوەی گەشەی ئابووریی جیهان یان لاوازبوونی سەقامگیری و سەرهەڵدانی کێشە بۆ گواستنەوەی نەوت کە هەردووکیان کاریگەریی نێگەتیڤیان لەسەر بازاڕەکانی نەوت دەبێت. شانسی لاچوونی ئەو مەترسیانەش لەم کاتەدا لاوازە و ڕووداوەکان بە پێچەوانەوە دەڕۆن.

ئەگەر لە دەرئەنجامی ئەو ململانێیەی نێوان وڵاتانی زلهێز، نەوت بگاتە سەرووی 100 دۆلار بۆ هەر بەمیلێک، دەبێت بۆ چەندین ساڵ ماڵاوایی لە گەشەی ئابووریی جیهان بکرێت. ئەوەش هەڕەشەی سەرهەڵدانی جەنگێکی گەورە و ڕووخانی بەشێک لە جیهان بەهێز دەکات. واتا دارمانێک لە ئابووریی جیهان ڕوودەدات و سەرمایەی جیهان لە جیاتی ئەوەی بۆ دانانی ژێرخانەکانی ئابووری و پیشەسازی خەرج بکرێت، ڕوو لە عەقارات، ئاڵتوون و کاڵای هاوشێوە دەکات و لە دەرئەنجامدا پێشبینی بۆ گەشەی ئابووریی جیهان لە درێژخایەندا هێندەی تریش لاواز دەبێت.

## ئەگەرەکانی جیۆپۆلیتیک و جیۆئیکۆنۆمیک بۆ ساڵی 2020

لە ئەگەری پەرەنەسەندنی ململانێکان و بەپێی ئەوەی پێشبینی دەکرێت دۆلاری ئەمریکا وەک دراوی سەرەکی بۆ دیاریکردنی نرخی نەوت هەروا بەهێز بمێنێتەوە و وڵاتانی ئۆپێک پڵەس بەردەوام بن لە نزم ڕاگرتنی ڕێژەی هەناردەکردن، پێدەچێت نرخی نەوت لە نێوان 60 بۆ 75 دۆلار بەرز و نزمی بکات، بەڵام ئەو ئەگەرە زۆر لاوازە و مەترسی کاریگەریی فاکتەرەکانی دیکە زۆر بەهێزن.

پێشبینی دەکرێت ئەگەر ڕێککەوتنێکی بەپەلە نەکرێ، بە هەڵبژاردنەوەی ترەمپ بە سەرۆکی ئەمریکا، ململانێی نێوان ئەو وڵاتە و ئێران قووڵتر ببێتەوە و ئەوە کێشەیەکی گەورە دەبێت بۆ هەناردەکردنی نەوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لانیکەم بۆ ماوەیەک. لە ئەگەری سەرهەڵدانی شەڕی سنوورداریشدا پێشبینی دەکرێت نەوت بۆ 80 تا 90 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک بەرز ببێتەوە و ئەگەر جەنگ بۆ ماوەیەکی کورت ڕوویدات، نرخ بگاتە سەرەوەی 100 یان تەنانەت 120 دۆلاریش. سەرهەڵدانی جەنگێکی درێژخایەن، وەک ئەوەی لە دژی عێراق ڕوویدا، نەختێک دوورە چونکە ئابووریی جیهان تووشی دارمانێکی جیدی دەکات.

## ئەگەری ململانێی ئابووری لە نێوان ئەمریکا و چین

هەروەها ئەگەر ململانێی ئابووریی نێوان ئەمریکا و چین بەردەوام بێت، لەوانەیە نەوت بۆ ژێر 60 دۆلار دابەزێت و ئەگەر ململانێکە ڕووسیا و وڵاتانی ئەورووپیش بگرێتەوە، دەتوانین بڵێین دەگاتە کەمتر لە 50 دۆلاریش.

واتا، هەرچەند ئەگەری بەردەوامیی بارودۆخی ئێستا هەیە، بەڵام ئەگەری بەهێزتر، کاریگەری فاکتەرەکانی جیۆپۆلیتیک و جیۆئیکۆنۆمیکە لەسەر بازاڕی نەوتی جیهان و ئەوەش دەتوانێت متمانە بە بازاڕی نەوت زیاتر دابەزێنێ و قەیرانی ئابووری و سیاسی لە وڵاتانی هەناردەکاری نەوت قووڵتر بکاتەوە و لە دەرئەنجامدا، ببێتە کۆتایی ڕێکخراوی ئۆپێک.

# کۆرۆنا خواست لەسەر نەوتی ئۆپێک بەرەو دابەزینی زیاتر دەبات

ڕووداو- هەولێر

مانگی ڕابردوو ئۆپێک پێشبینی کرد گەشەی خواست لەسەر نەوت لە 2020 دا نزیکەی یەک ملیۆن بەرمیل بێت لە ڕۆژێکدا، بەڵام ڕاپۆرتێکی ئەم مانگەی ڕێکخراوەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە دۆخی بازاڕەکان و ڤایرۆسی کۆرۆنا ناچاری کردوون پێشبینییەکانیان بۆ خواست لەسەر نەوت دابەزێنن. هاوکات ڕاپۆرتێکی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە، پێشبینییەکانی ئۆپێک پشتڕاست دەکاتەوە.

لە ڕاپۆرتەکەی ئەمجارەی ئۆپێکدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکرێ کە لە 2020 خواست لەسەر نەوتی ئۆپێک نزیکەی 29.3 ملیۆن بەرمیل دەبێت لە ڕۆژێکدا، ئەوەش 200 هەزار بەرمیلی کەمترە لەوەی ئۆپێک لە ڕاپۆرتەکەی مانگی ڕابردووی خۆیدا پێشبینی کردبوو. لە پێشبینی ڕابردووی ئۆپێکدا گەشەی خواستی نەوتی جیهان بە 1.2 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا دانرابوو، بەڵام لە ڕاپۆرتەکەی ئەمجارەدا گەشەی خواست بە 990 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا مەزەندە کراوە.

لە بەشێک لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە: "کاریگەریی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لەسەر ئابووریی چین نادڵنیاییەکی زیاتری لەسەر گەشەی ئابووریی جیهان و خواستی جیهانی لەسەر نەوت دروستکردووە. بێگومان ئەوەی لە چین ڕوودەدات پێویستی بە چاودێری و هەڵسەنگاندنی بەردەوامە".

ئۆپێک و 10 وڵاتە هاوپەیمانەکەی (ناسراو بە کۆمەڵەی ئۆپێک پڵەس) لە سەرەتای ئەمساڵەوە دەستیان بە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنێک کردووە کە بەهۆیەوە 1.7 ملیۆن بەرمیل لە بەرهەمی ڕۆژانەی ڕێکخراوەکە کەمدەکرێتەوە، لە کاتێکدا سعودیە بەشێوەی ئارەزوومەندانە و لە دەرەوەی ڕێککەوتنەکە 400 هەزار بەرمیلی دیکە لە بەرهەمی ڕۆژانەی دادەبەزێنێ. ماوەی ئەو ڕێککەوتنەی ئێستا لە کۆتایی ئاداری ئەمساڵ تەواو دەبێ.

ڕێککەوتنەکەی ئەمجارە درێژکردنەوەی ڕێککەوتنێکی دیکەیە کە لە سەرەتای 2017 بۆ گەڕاندنەوەی باڵانسی نێوان خواست و خستنەڕوو دەست بە جێبەجێکردنی کرا، ئەوەش دوای ئەوەی لە 2014 بۆ 2016 نرخەکانی نەوت بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزین.

سەرەتای ئەم مانگە تیمی ڕاوێژکارانی ئۆپێک پێشنیازیان کرد ئۆپێک پڵەس 600 هەزار بەرمیلی دیکە لەو نەوتە کەمبکاتەوە کە ڕۆژانە بەرهەمی دەهێنێ و وادەی کۆبوونەوەی وەزیرانی نەوتی ئۆپێک لە 5ی ئادارەوە پێشبخرێ بۆ مانگی شوبات.

ڕووسیا بەربەستی سەرەکی بەردەم داواکەی ئۆپێکە کە سعودیە بە تایبەتی پێداگری لەسەر دەکات. ئەگەر مۆسکۆ بە داواکەی ئۆپێک ڕازی بێ، ئەوە بەشێک لەو بارگرانییەی سەر بازاڕەکانی نەوت کەمدەبێتەوە. بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ئاژانسی (ڕۆیتەرز)ی بەریتانی، ئاستی بەرهەمهێنانی ئۆپێک لە کانوونی دووەمی ئەمساڵ هەتا 28.86 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا دابەزیبوو، ئەوەش زیاترە لەوەی ئۆپێک لە ڕێککەوتنەکەی کۆتایی ساڵی ڕابردوویدا چاوەڕێی دەکرد. ڕووداوەکانی لیبیا و هەنگاوی ئارەزوومەندانەی سعودیە بە هۆکاری سەرەکیی ئەو دابەزینە بەرچاوە دەزانرێن.

لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتەکەی ئۆپێکدا، نرخی نەوتی برێنت 2% بەرزبووەوە و گەیشتە 55 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک. بەو حاڵەشەوە نرخەکانی نەوت لە چاو کانوونی دووەمی ئەمساڵ 20% دابەزیون، هۆکاری ئەو دابەزینە گەورەیەش بۆ بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا و کاریگەریی لەسەر ئابووریی چین دەگەڕێتەوە.

لە سەرەتای ئەمساڵ خستنەڕووی نەوتی جیهان 800 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا کەمی کردبوو، هۆکاری ئەوەش دابەزینی بەرچاوی نەوتی لیبیا و کەمکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی ئیمارات بوو. ئەگەر ئاستی بەرهەمهێنان لە وڵاتانی دەرەوەی ئۆپێک پڵەس ئەو گەشە خێرایەی بەخۆوە نەبینیبا، ئاستی خستنەڕووی نەوتی جیهان یەکجار زیاتر کەم دەبووەوە.



بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە ئاستی پێویستیی چین بە نەوت 20% دابەزیوە (فۆتۆ: AFP)

بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆناوە، ژمارەیەکی زۆر لە کارگەکانی چین داخراون، هاتوچۆی 400 ملیۆن دانیشتووی ئەو وڵاتە سنووردار کراوە و پاڵاوگەکانی ئەو وڵاتەش کارەکانیان کەمتر کردووەتەوە، هەموو ئەوانەش هۆکارن بۆ کەمکردنەوەی ئاستی داوای سووتەمەنی لە چین، هەندێک لە شرۆڤەکاران پێیانوایە ئاستی داوای چین 20% دابەزیوە.

ڕۆژێک دوای ڕاپۆرتەکەی ئۆپێک، ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە (IEA)ڕاپۆرتی مانگانەی خۆی بڵاوکردەوە کە تێیدا نەک هەر نیگەرانییەکانی ئۆپێک پشتڕاست دەکاتەوە، بەڵکو پێشبینی مەترسیدارتر بۆ بازاڕەکانی نەوت دەکات.

لە بەشێک لە ڕاپۆرتەکەی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەدا هاتووە: "کاریگەریی ڤایرۆسی کۆرۆنا لەسەر بازاڕەکانی نەوتی جیهان گەورە دەبێ. ئێستا چاوەڕێ دەکرێ لە چارەکی یەکەمدا ئاستی داوا بە بڕی 430 هەزار بەرمیل کەم ببێتەوە، لە زیاتر لە 10 ساڵی ڕابردوودا، ئەوە یەکەمجارە داوای نەوت بەو ئاستە دابەزێ".

ئاژانسەکە کە بنکەی سەرەکی لە پاریسە، پێشبینی دەکات ئاستی داوا لە ساڵی 2020دا بە بڕی 365 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا کەم ببێتەوە و بگاتە 825 هەزار بەرمیل، لە ساڵی 2011 وە ئەوە یەکەمجارە ئاستی داوا بەو بڕە بەرچاوە دابەزێ. گەشەی داوای نەوتی جیهان لە چارەکی دووەمی ئەمساڵ جارێکی دیکە ئاسایی دەبێتەوە و بۆ 1.2 ملیۆن بەرمیل و لە چارەکی سێیەم بۆ 1.5 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا بەرز دەبێتەوە.

پێش بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا چاوەڕێ دەکرا لە 2020 دا جۆرێک لە هاوسەنگی بۆ داوا و خستنەڕووی نەوت بگەڕێتەوە، بە تایبەتیش دوای ئەوەی ئۆپێک لە کۆتایی ساڵی ڕابردوو ئاستی کەمکردنەوەی بەرهەمی زیاتر کرد و چاوەڕێش دەکرا گەشەی پیشەسازیی نەوتی ئەمریکا خاوتر بێتەوە، لە کاتێکدا گەشەی خێرای کەرتی نەوتی ئەمریکا لە 10 ساڵی ڕابردوودا بە هۆکارێکی گەورەی تێکچوونی باڵانسی نێوان داوا و خواست لە بازاڕەکانی جیهان دادەنرێ.

ڕووداو ژنان
ژمارە ( 592 ) – دووشەممە 2020/2/17



## لە خەبات ژنێک و پیاوێک کوژران

**ڕووداو – هەولێر**

ژن و پیاوێکی دانیشتووی قەزای خەبات دەکوژرێن و بە گوتەی پۆلیس کوشتنەکەیان لەسەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی بووە.

ڕۆژی 2020/2/16 لە قەزای خەباتی سەر بە شاری هەولێر، ژن و پیاوێک کە ئامۆزای یەکدین، کوژران. بەپێی زانیارییەکانی پۆلیس بۆ (ڕووداو) پۆلیس لە دوو حاڵەتی کوشتن لە قەزای خەبات ئاگادار کراونەتەوە. دوای لێکۆڵینەوە دەرکەوت ژنەکە بەناوی (ف) هاوسەرگیری کردووە و دوو منداڵیکی هەیە. پیاوەکەش بە ناوی (ح) خێزاندار بووە و منداڵێکی هەیە. هەردووکیان پێکەوە و لەسەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی کوژراون. پۆلیس دەڵێت دۆسیەی لێکۆڵینەوەی بۆ ڕووداوەکە کردووەتەوە.

# ژنێکی کورد چەکدارانی داعش دادگایی دەکات

**دادوەر ئامینە:**

- ڕۆژانە پێنج گومانلێکراو دادگایی دەکەم
- گرتووخانە کەسێک ناگۆڕێ کە پێی ئاسایی بێ دەستدرێژی بکاتە سەر ئافرەتێکی ئێزدی
- هەموو ئەوانەی دادگایان دەکەم دەڵێن فیتەر و چێشتلێنەری داعش بووین
- سزای ئەمیرەکانی داعش بەندکردنی هەتاهەتاییە



دادگاکەی قامشلۆ تاوەکو ئێستا کاری لەسەر 6000 دۆسیەی چەکدارانی داعش کردووە

**ڕووداو – هەولێر**

چەکدارەکەی پێشووی داعش چاوەڕێی نەدەکرد لە دادگاکەی قامیشلو دادوەرێکی ژن بیداتە بەر پرسیار، کاتێک چووە هۆڵی دادگا، چاوی بە ئافرەتێکی وردیلەی قژ زەرد کەوت کە پێڵاوێکی بەرزی لەپێ بوو. بەندکراوەکە سەری خۆی شۆڕ کرد.

دادوەر ئامینە کە لەبەر هۆکاری ئەمنی داوای کردووە تەنیا ناوی یەکەمی ئاشکرا بکرێ، بە ڕۆژنامەی (تێلیگراف)ی بەریتانی دەڵێ: "لەو جۆرە ئیسلامەی کە داعش بڕوای پێیەتی، سەیرکردنی چاوی ئافرەت حەرامە". پاشان بە پێکەنینەوە گوتی: "ڕەنگە ساڵانێکی زۆر بێ چاوی بە ئافرەتێکی وەک من نەکەوتبێ، چونکە چەند جارێک فەرمانم پێکرد سەیرم بکات، بەڵام ڕەتیکردەوە و بە درێژایی دانیشتنەکە چاوی بڕیبووە زەوی".

ئامینە یەکێکە لەو چەند دادوەرەی لە دادگای تایبەتی کەیسەکانی تیرۆر لە قامیشلو کار دەکات.

ئیدارەی خۆسەریی ڕۆژئاوای کوردستان دادگایەکی لەو جۆرەی لە سفرەوە دامەزراندووە. نە حکومەتی سووریا و نە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش دان بەو دادگایەدا نانێن کە هەتا ئێستا کاری لەسەر 6000 دۆسیە کردووە و هەموو ئەوانەشی دادگایی کراون خەڵکی سووریان.

لە ڕۆژی شەشی شوبات، ئیدارەی خۆسەری ڕایگەیاند لەمەودوا 1000 چەکداری بیانی داعشیش دادگایی دەکەن کە خەڵکی 50 وڵاتی جیاوازن. مانگی ڕابردوو، عەبدولکەریم عومەر، نوێنەری کاروباری دەرەوەی ئیدارەی خۆسەری، سەردانی فینلاندی کرد و دوای کۆبوونەوە لەگەڵ پێکا هاڤیستۆ، وەزیری دەرەوەی فینلاند، گوتی: "پلانێکمان هەیە بۆ دەستپێکردنی دادگاییەکان".

پرۆژەی دروستکردنی دادگایەکی ئیدارەی خۆسەری لە ئاداری 2019 خرایەڕوو، بەڵام ئیدارەی خۆسەری هیچ دانپێدانانێکی نێودەوڵەتی نییە، هەر ئەوەش ڕێگر بوو لەوەی چەکدارە بیانییەکان لە ڕۆژئاوا دادگایی بکرێن.

ئیدارەی ڕۆژئاوا سزای لەسێدارەدانی هەڵوەشاندووەتەوە و ئەو ئەندامانەی داعشیش کە خۆیان بەدەستەوە دەدەن سزاکەیان بۆ سووک دەکرێ. قورسترین سزا کە ئامینە دەریکردبێ سزای بەندکردنی هەتاهەتایی بووە کە لە واقیعدا 20 ساڵ بەندکردنە. وەک دادوەرە ئافرەتەکە دەڵێ، ئەم سزایە بۆ "جیهادییە گرنگەکان"ـە، واتە ئەمیرەکان، سەرکردەکان و چەکدارانی بەرەی پێشەوەی شەڕ.

لە پۆلێنی خوار ئەوانەوە جیهادییە پلەدووەکان دێن کە لە ئیدارەی ئایینی و سەربازیی داعشدا کاریان کردووە، ئەوانە سزای یەک بۆ دوو ساڵیان بۆ دەردەچێ. گرووپی سێیەمیش ئەوانەن کە "بە ناچاری (واتە لە پێناو پارە) کاریان بۆ داعش کردووە، بێ ئەوەی لەڕووی ئایدیۆلۆژییەوە بڕوایان بە بانگەوازەکانی داعش هەبێ، ئەوانە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ئازاد دەکرێن".

دادوەر ئامینە ڕۆژانە چاوی بە پێنج گومانلێکراو دەکەوێ کە ژمارەیەکی کەمیان پارێزەریان لەگەڵە، بەڵام ئامینە پێیوانییە گرتووخانە چارەسەرێکی گونجاو بێ بۆ ئەوانەی تاوانی گەورەیان کردووە و دەڵێ: "ئەم خەڵکە مەترسین بۆ هەموو جیهان.. گرتووخانە ناتوانێ ئەو خەڵکە بگۆڕێ کە بە ئاسایی دەزانێ دەستدرێژی بکاتە سەر ئافرەتێکی ئێزدی و بیکاتە کۆیلە و ئەگەر ئافرەتەکە بەگوێی نەکرد بیکوژێ".

ئیدارەی خۆسەری کە لە سەردەمی شەڕی نێوخۆی سووریادا دامەزراوە، ئیمکانیاتی پێویستی نییە بۆ ڕاگرتنی 2000 چەکداری بیانی و 12 هەزار ئافرەت و منداڵی بیانیی هەواداری داعش، هەر بۆیە ناچار بوون گرتووخانەکان بە بەندکراو بتەنن و ئافرەت و منداڵەکانیش لە شوێنێکدا ڕابگرن کە لە بنەڕەتدا بۆ ڕاگرتنی ئاوارەکانی شەڕە، نەک هەوادارانی داعش.

ئامینە دەڵێ: "ئەوان (واتە چەکدارەکانی داعش) هەموویان درۆزنی زۆر گەورەن. خۆم بینیومە چۆن لەگەڵ تەلەفزیۆنەکانی جیهان قسە دەکەن و دەڵێن کە ئەوان چێشتلێنەر و فیتەری داعش بوون، هەموو ئەوانەی لە دادگاییەکانی مندا قسە دەکەن دەڵێن چێشتلێنەر و فیتەر بووین. لەوە دەچێ هیچ کەس لە داعشدا شەڕی نەکردبێ".

یەکێک لەو هۆکارانەی وڵاتانی ڕۆژاوایی بۆ وەرنەگرتنەوەی داعشەکانیان باسی دەکەن ئەوەیە کە کۆکردنەوەی بەڵگەی پێویست لەدژی ئەو چەکدارانە لە سووریا و عێراق کارێکی ئاسان نییە، هەر بۆیە ئەگەر وەریانبگرنەوە ناتوانن حوکمی قورسیان لەسەر بدەن.

بەڵام دادوەرە کوردەکە دەڵێت ژمارەیەکی زۆر بەڵگەیان لە دژی گومانلێکراوەکان لەبەردەستە کە زۆربەیان شایەتحاڵی مەدەنیی ناوچەکانن، هەندێک لە بەڵگەکانیش لە تۆڕی پڕوپاگەندەی داعش خۆی کۆکراونەتەوە، وەک وێنە و گرتەی ڤیدیۆیی و فایلی دەنگی، یەکێک لەو بەڵگانەش کە بۆ ڕۆژنامە بەریتانییەکەی ناردووە، ڤیدیۆیەکە کە تێیدا چوار پیاو کوڕێکی گەنج دەکوژن، لە ڤیدیۆکەدا چەکدارەکان پێدەکەنن و ئاڵای داعشیش لە پشت سەریانەوە دیارە.

ئامینە دەڵێت: "یەکێک لەو چوار پیاوەیان هێنایە بەردەمم، ڕووبەڕوو نکۆڵی لە تاوانەکانی خۆی دەکرد، بەڵام کاتێک ڤیدیۆ خاوێن و ڕوونەکەم پیشان دا، یەکسەر قسەی پێنەما و بێدەنگ بوو".

ساڵی ڕابردوو هێزەکانی تورکیا و میلیشیا سوننەکانی سەر بەو وڵاتە هێرشیان کردە سەر ڕۆژئاوای کوردستان و دەستیان بەسەر هەردوو ناوچەی گرێ سپی و سەرێکانیدا گرت. هێرشی تورکیا دوای ئەوە هات کە دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا بەڵێنی بە ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆکی تورکیا دا لە حاڵەتی هێرشی هێزەکانی تورکیادا، ئەمریکا نە پشتگیری دەکات و نە بەرەنگاری هێزەکەشیان دەبێتەوە.

هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە) لە پێنج ساڵی ڕابردوودا ڕۆڵی هێزی پیادەی هاوپەیمانانیان لە شەڕی دژی داعشدا بینی، بەڵام ئەو هاوبەشییە هیچ دەستکەوتێکی ئەوتۆی بۆ ئیدارەی خۆسەری نەبووە.

دادوەر ئامینە دەڵێ: "ئێمە شەڕی داعشمان کرد و سەرکەوتین، بەڵام (لەو شەڕەدا) هەموو شتێکمان لەدەستچوو. ئەوەی کردمان بە هیچ نەچوو. بمانەوێ و نەمانەوێ، کورد هەتا ئێستاش لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا دانی پێدا نەنراوە و هیچ پارێزگارییەکمان نییە (کە گەرەنتی بێ). باشە بۆچی خۆیان دادگایی هاووڵاتییەکانیان ناکەن، یان بۆچی دادوەرەکانیان نایەنە ئێرە و خۆیان دادگایی هاووڵاتییەکانی خۆیان بکەن؟".

## ساڵی ڕابردوو 474 ژن کوژراون

# تورکیا خەریکە دەبێتە وڵاتی ژنکوژان

**ڕووداو – هەولێر**

بەگوێرەی ئاماری ڕێکخراوێکی تایبەت بە ئافرەتان، ژنکوشتن لە تورکیا ساڵ لە دوای ساڵ زیاتر دەبێت و تەنیا ساڵی ڕابردوو 474 ژن کوژراون، چالاکڤانان هۆکارەکەی بۆ نەبوونی سیاسەتێکی ڕوونی حکومەت بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان دەگێڕنەوە.

بە گوێرەی ئاماری (پلاتفۆرمی تاوانەکانی دژ بە ژن ئاستەنگ دەکەین) کە ڕێکخراوێکی ژنانە و لەسەرتاسەری تورکیا ناوەندی چاودێری و بەدواداچوونی هەیە، ئاماری کوشتنی ژنان ساڵ لەدوای ساڵ هەڵدەکشێ، بە جۆرێک لە ساڵی 2012 دا 210 ژن، لە 2013 دا 237 ژن، لە 2014 دا 294 ژن، لە 2015 دا 303 ژن، لە 2016 دا 328 ژن لە 2017 دا 409 ژن، لە 2018 دا 440 ژن و لە 2019 شدا 474 ژن کوژراون.

بەڵام ئامارەکانی حکوومەت لەگەڵ ئاماری ئەم پلاتفۆرمە یەکناگرێتەوە. سولەیمان سۆیلو وەزیری ناوخۆی تورکیا لە 27ی مانگی کانوونی یەکەمی ڕابردوو بە ڕۆژنامەنووسانی گوت: "لە ساڵی 2016 دا 304 ژن، لە 2017 دا 353 ژن، لە 2018 دا 280 ژن بوونەتە قوربانی" بۆ ساڵی 2019 ش سۆیلۆ مەزەندەی کرد 299 ژن کوژرابن.

دەروونناس چیغدەم ئایدن، سەرۆکی تۆڕی هەماهەنگیی کۆمەڵایەتی بە (ڕووداو)ی گوت: "دەوڵەت لە مەسەلەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی و جێبەجێکردنی یاسا و پەیمانە نێودەوڵەتییەکاندا خۆی دەدزێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەرکەکانی جێبەجێ ناکات، هەوڵدەدات ژمارەی تاوانەکان بشارێتەوە".

### لە 11 ساڵی ڕابردوودا 2720 ژن کوژراون

هەردوو ژنە پەرلەمانتاری هەدەپە، نوران ئیمیر و پەرۆ دوندار لە 25ی تشرینی دووەمی 2019 دا کە دەکاتە ڕۆژی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژ بە ژنان، توێژینەوەیەکیان پێشکەش بە پەرلەمانی تورکیا کرد.

بەگوێرەی ئەم توێژینەوەیە، لە ماوەی 11 ساڵی ڕابردوودا 2720 ژن بەدەستی مێرد، خۆشەویست، باوک و برا و کەسانی نزیکیان کوژراون.

**دەروونناسێکی تورک:**

**هۆکاری ئابووری و ئایدیۆلۆژی لە پشت زیادبوونی تاوانەکانی کوشتنی ژنانە**

تورکیا ڕۆژی 11ی ئایاری 2011 بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژ بە ژنان، لە ئیستانبوڵ پەیماننامەیەکی لەگەڵ یەکێتیی ئەورووپا واژۆ کرد کە جەخت لە هەڵگرتنی ئاستەنگەکانی بەردەم ژن دەکاتەوە بۆ بەشداریکردن لە ژیانی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی.

هەروەها پەرلەمانی تورکیا بە مەبەستی پاراستنی ژن یاسای ژمارە 6284 ی دەرکرد کە جەخت لە دابینکردنی شوێن دەکاتەوە بۆ ئەو ژنانەی مەترسی لەسەر ژیانیان هەیە.

بەشێک لە چالاکڤانانی ژنان پێیانوایە پەیماننامەی ئیستانبوڵ و یاسای ژمارە 6284 گرنگن بۆ کەمکردنەوەی تاوان دژ بە ژنان، بەڵام دەڵێن کێشەکە لە جێبەجێنەکردنیاندایە.

جانان گولو، سەرۆکی فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی ژنان لە تورکیا (TKDF) بە (ڕووداو)ی گوت: "لەتورکیا یاساکان بۆ پاراستنی ژن زۆر بەهێزن، وەکو یاسای ژمارە 6284 و پەیماننامەی ئیستانبوڵ. بەڵام کێشەکانمان بەهۆی گەڕانەوەیە بۆ موحافەزەکاری. جەماعەت و گرووپە ئایینیەکان هاتنە ناو سیاسەت و دەسەڵات لە شێوازی سەردەمیانە دوورکەوتەوە".

پارێزەر عائیشە ئاجانیکلی هاوسەرۆکی ڕێکخراوی ماف بۆ ئازادییەکان دەڵێت: "نەک پەیماننامەی ئیستانبوڵ و یاسای ژمارە 6284 جێبەجێ ناکرێن، بەڵکو ئێستا کەمپین دەکرێ بۆ ئەوەی ئەم یاسایە و پەیماننامەی ئیستانبوڵ هەڵوەشێنەوە. ئەوانەی بانگەواز بۆ ئەمە دەکەن توێژێکی سەر بە ئاکەپەن. ژنانی نووسەر کە سەر بە باڵی ئاکەپەن بەشداری لەم کەمپینە دەکەن. دەڵێن ئەم یاسایانە خێزان لەبەریەک هەڵدەوەشێنن".

ئاجانیکلی پێیوایە یاسای ژمارە 6284 سەرەڕای ئەوەی جێبەجێ ناکرێت، چەندین کەموکورتیشی تێدایە. لەمبارەیەوە دەڵێت: "ئەو ژنەی ڕووبەڕووی لێدان، توندوتیژی و هەڕەشە دەبێتەوە، کاتێک دەچێت سکاڵا تۆمار بکات، پۆلیس تاوانەکە وەک (بریندارکردنی سووک) تۆمار دەکات. ئەم تاوانەش بەگوێرەی یاسای تورکیا بە تاوان لە قەڵەم نادرێت و تاوانبار سزا نادرێت".

بە بڕوای ئاجانیکلی، کارەساتەکە ئەوکاتە دەستپێدەکات کە ژنی سکاڵاکار شوێنێک نەبێ تێیدا بحەوێتەوە، بۆیە ڕووبەڕووی توندوتیژیی زیاتر دەبێتەوە "لە تورکیا سەنتەری داڵدەدانی ژنان وەکو پێویست نین، بەتایبەتی دوای ڕاگەیاندنی باری نائاسایی. زۆربەی سەنتەرەکانی داڵدەدانی ژنان داخراون".

(پلاتفۆرمی تاوانەکانی دژ بە ژن ئاستەنگ دەکەین) لە ڕاگەیەندراوێکیدا لە 25ی تشرینی دووەمی 2019 دەڵێت: لەم ساڵەدا 185 ژن بە چەک، 101 ژن بە چەقۆ، 29 ژن بە خنکاندن، 6 ژن بە ژەهرخوارد کردن، 27 ژن بە لێدان، 6 ژن بە سووتاندن، 19 ژنیش بە فڕێدانیان لە شوێنی بەرزەوە مردوون. لەم 474 ژنە 155 ژنیان منداڵیان هەبووە. حەوتیان سکپڕ بوون، لەم ژمارەیە کوشتنی 115 ژن بە گوماناوی تۆمار کراون.

دەروونناس چیغدەم ئایدن پێیوایە هۆکاری ئابووری و ئایدیۆلۆژی لە پشت زۆریی تاوانەکانی کوشتنی ژنانە و دەڵێت: "بێکاری و هەژاری زیاتر بووە. لەسەر سنووری وڵاتەکەمان شەڕ هەیە. ژمارەی بێکار و کۆچبەر زۆر زیادی کردووە. هەموو ئەمانە مۆراڵی مرۆڤ لاواز دەکەن. لەڕووی ئایدیۆلۆژیشەوە بەرزبوونەوەی ئاستی موحافەزەکاری، فەرامۆشکردنی ژن لەناو دەزگا گشتییەکاندا، هەوڵدان بۆ قەتیسکردنی ژن لە ماڵەوە، تەڵاقدان و ڕێگا نەدان بەکارکردنی ژن، هەموو ئەمانە توندوتیژی بەرهەم دێنن".

چیغدەم پێشیوایە کە حیسابی سیاسی و مەیلی ئایینیی ئاکەپە هۆکارێکی دیکەیە بۆ زیادبوونی توندوتیژیی دژ بە ژنان. لە تیڤییەکاندا بیری دواکەوتووانە پەخش دەکرێن، لەوانە (ئەگەر پیاو لە چەند شارێک ئیشی هەبێت، ئاساییە لە هەر شارێک ژنێکی هەبێت. بەشوودانی کچان لە تەمەنی 12 – 13 ساڵی ئاساییە. ڕێگە بە کچان نادرێ لە تەمەنی زوودا شوو بکەن بۆیە خوا غەزەبی لێگرتووین و بوومەلەرزەی بۆ ناردین)، بەڵام ئاکەپە ئیدانەی ئەمە ناکات.

چیغدەم دەڵێت: "قسەی بەرپرسێکی ئاکەپە کە دەڵێ (نابێ ژنانی سکپڕ لەسەر شەقام بن) و قسەکانی ئەردۆغان کە داوا دەکات ژن سێ منداڵ دروست بکات، ئاماژەن بۆ ئەوەی کە ئاکەپە کێشەی لەگەڵ کوشتنی ژناندا نییە".

بەر لە هاتنی ئاکەپە بۆ سەر دەسەڵات و لە ساڵانی یەکەمی هاتنە سەر دەسەڵاتیشیدا، کاتێک ڕووداوێکی ژنکوشتن لە باکووری کوردستان ڕوویدەدا، نەتەوەپەرستانی تورک پروپاگەندەیان دژ بە کورد دەکرد و بە (ژنکوژ) و (دواکەوتوو) ناویان دەبردن، بەڵام ئێستا کە ژنکوشتن هەموو هەرێمەکانی تورکیای گرتووەتەوە ئەم پروپاگەندەیە ناکرێت.

یوکسەل گەنج، کوردناسیۆنی ناوەندی (ئەکۆپۆلۆتیک) بۆ ڕاپرسی و توێژینەوەی ئابووری و کۆمەڵایەتی، پێیوایە ڕاگرتنی پروپاگەندە لەلایەن نەتەوەپەرستانی تورک دژ بە کورد بەو واتایە نایەت کە ژنکوشتن لە کوردستان نەماوە. گەنج بە (ڕووداو)ی گوت: "هەڵبەتە هێشتا لە کوردستاندا لەژێر ناوی پاراستنی نامووس ژن دەکوژرێت. ناتوانین بڵێین تاوانی دژ بە ژن لەناو کورد کەمترە. لە ڕۆژئاوای تورکیا تاوانی ژنکوشتن زیاتر بە بیانووی خۆشەویستی و ئیرەیی پێ بردن دەکرێ، بەڵام لە کوردستان لەژێر ناوی پاراستنی نامووس دەکرێ".



بەپێی توێژینەوەیەکی دوو ژنە پەرلەمانتاری هەدەپە لە 11 ساڵی ڕابردوودا 2720 ژن لە تورکیا کوژراون



## لە هەولێر ترياككێشێك بە ساڵاچوويەك دەكوژێت

**ڕووداو- هەولێر**

بەرەبەیانـی ڕۆژی 2020/2/15 لەكاتـی نوێـژی بەیانیدا لە مزگەوتێكی شـاری هەولێر كەسـێك بە چەقۆ پیاوێكی بەسـاڵاچوو و پۆلیسـێكی بریندار كرد، بەسـاڵاچووەكە بەهـۆی سـەختی برینەكـەی، ڕۆژی دواتر مرد. تۆمەتبار (ع.ل.م) كە لەلایەن پۆلیسـەوە دەسـتگیركراوە لە كاتی نوێـژی بەیانیدا لە مزگەوتی عەبدولكەریم مودەڕیـس لە هەولێر، داوای لە جەمیل محەممەد سـاڵحی تەمەن 78 سـاڵ كردووە پـارەی بداتێ، دوای ڕەتكردنەوەی داواكـەی، تۆمەتبارەكە چەند چەقۆیەكی لێداوە. پۆلیسـێكی فریاكەوتنیش كە لەو كاتەدا بۆ نوێژ لەوێ دەبێت، هەوڵی ڕزگاركردنی ئەو پیاوەی داوە، بەڵام ئەویشـی بریندار كردووە. بە گوتەی پۆلیس تۆمەتبارەكە ئاڵوودەی ماددەی هۆشبەر بووە و پارەكەیشی بۆ كڕینی ماددەكە بووە.

### پێشتریش ئەندامێكی ئەو خێزانە كوژراوە

# دوای پێنج مانگ لە كوشتنی باوك و كوڕێك هێشتا بكوژەكانیان نەگیراون



هێمن دوای هەشت ساڵ بەندكردن لە زیندان هاتە دەرەوە و لەگەڵ باوكی كوژرا

**شكار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

زیاتـر لە پێنـج مانگ لەمەوبەر بـاوك و كوڕێك لەنـاو شـاری هەولێـر كوژران، لەسـەر ئـەو تاوانە فەرمانی دەسـتگیركردن بۆ هەشت كەس دەرچووە، بەڵام بەگوتەی كەسـوكاری كوژراوەكان، سـەرەڕای دوو برووسـكە لـە بـارەگای بارزانییـەوە، هێشـتا تۆمەتبـارەكان دەسـتگیر نەكـراون و بـە ئـازادی دەسووڕێنەوە.

لە كۆتایی ساڵی 2012، گەنجێك بەناوی (هێمن مەحمـوود) لە قـەزای سـۆران بەهـۆی دەمەقاڵێ گەنجێكـی دیكەی بەنـاوی (ڕێبـاز عەبدولڕەحیم) كوشـت، دوای ڕووداوەكە هێمن خۆی ڕادەسـت كرد و دادگا بڕیاری بەندكردنی هەتاهەتایی بۆ دەركرد.

هێشـوو مەحمـوود كـە خوشـكی هێمنـە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیانـد: "براكـەم نكۆڵـی لە تاوانەكە نەكـرد، ڕادەسـتی پۆلیسـمان كـرد. دواتـر باوكم لەبـەردەم دەزگاكانـی ڕاگەیانـدن گوتـی كوڕەكەم تاوانێكـی كردووە و دەبێت سـزای خۆی وەربگرێ، حكومەت و كەسـوكاری كوژراوەكەشـی لە سزادانی براكـەم سەرپشـك كرد، هێمن نزیكەی 8 سـاڵ لە زیندان مایەوە، باوكم یەك جاریش سەردانی نەكرد".

هەرچەنـدە هێمـن لـە بەندیخانە سـزای خۆی وەردەگرت، بەڵام كەسـوكاری كوژراوەكە لە سـاڵی 2013 مامێكی هێمن دەكوژن. هێشوو گوتی: "مامم (محەممەد خدر)، پێشمەرگەی پارتی بوو لە ڕانیە، بەدەستی كەسوكاری ڕێباز كوژرا، جارێكیش تەقەیان لە میوانێكمان كرد، وایان زانیبوو براكەمە و برینداریان كرد. لەسەر ئەوە سكاڵامان لەسەر تۆماركردن بەڵام بەبێ ئاگاداری ئێمە بە كەفالەت ئازاد كران".

هێمـن لەو ماوەیـەی لە زیندان بـووە، دوو جار لێبووردنی گشـتی دەرچووە و بەو هۆیەوە سزاكەی كەمكراوەتەوە و پاشـان ئـازاد كراوە. بـەڵام دوای ئازادبوونی، ڕۆژی 2019/8/15 لە نزیك شارۆچكەی عەنكاوە لەگەڵ باوكی دەسـتڕێژی گوللەیان لێكرا و كوژران.

خوشـكەكەی هێمن لەبارەی ڕووداوەكە دەڵێ: "باوكـم كە تەمەنی 55 سـاڵ بـوو، لەگەڵ براكەم بەدەستی 8 چەكداری ئەو بنەماڵەیە لە نزیك پردی عەنكاوە دەستڕێژی گوللەیان لێكرا و كوژران".

زیاتر لە 5 مانگە بنەماڵەی كوژراوەكان سكاڵایان تۆمـار كـردووە، بـەڵام تۆمەتبارەكان دەسـتگیر ناكرێن. هێشـوو مەحمـوود گوتی: "هەر شـەوی ڕووداوەكە سـكاڵامان لەدژی 8 تۆمەتبارەكە تۆمار كرد، بەڵام زیاتر لە 5 مانگە دەستگیر نەكراون".

لەبـارەی هـۆكاری دەسـتگیرنەكردنیان، كچەكەی مەحموود خدر دەڵێ: "كەسـێك بەناوی (ش.ش) پشـتیان دەگرێ و ڕێگە نادات دەستگیر بكرێـن، دەزگا ئەمنییەكانیش بەبیانـووی ئەوەی تۆمەتبارەكان بەرەو سـنووری دەسەڵاتی پەكەكە هەڵاتوون دەسـتگیریان ناكـەن، لەكاتێكدا ئەوان بەئـازادی لـە چۆمـان دەسـووڕێنەوە، یەكێك لە تۆمەتبارەكان لە گومرگی حاجـی ئۆمەران ڕۆژانە دەوام دەكات، یەكێكیش هەر لەو خاڵە سـنوورییە شوفێری تاكسییە".

هێشـوو گوتیشـی: "لـە 2020/1/21 سـێ لەو تۆمەتبارانە هاتوونە دادنووسـی كەسـنەزان و وەكالەتیـان بۆ پارێزەرەكەیـان كردووە، تێناگەین ئەگەر فەرمانی دەستگیركردنیان هەبێت و هەڵاتبن، لە سۆرانەوە چۆن توانییان بە پێنج بازگەدا تێپەڕن و بێنە هەولێر؟".

لەسـەر ئـەو دۆسـیە، بـارەگای بارزانـی دوو بروسـكەی كـردووە و داوای دەسـتگیركردنی تۆمەتبارەكانی كردووە. هێشـوو گوتی: "بارەگای بارزانی لە 2019/8/20 برووسكەی بۆ فەرماندەیی كاوە كـردووە كـە دەبێـت ئیجرائات بكرێـت، بـەڵام وەڵامیان نەبـوو، دواتر لـە 2019/12/10 برووسـكەیان كـردەوە. بروسـكەكە بۆ سـەرۆكی ئەنجوومەنی وەزیران، وەزارەتی ناوخۆ، ئاسایشـی هەولێـر، فەرماندەیـی هێزەكانـی 80، هەواڵگریی گشتی، ئاسایشی گشتی و لقی 11 چووە".

لەبـارەی كێشـەكە، (ع.ح) كـە یەكێكـە لـە تۆمەتبارەكانی دۆسیەكە و فەرمانی دەستگیركردنی بـۆ دەرچووە بـە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئەو كوڕە سـاڵی 2012 لـە سـۆران برازاكەی منی كوشـت لەبەرئـەوەی پـارە و ئۆتۆمبێلـی هەبـوو، دواتـر تەرمەكەشـی شاردبووەوە، دەسـتگیر كرا و یاسا ئیجرائاتـی لەگەڵ كرد، باوكـی هێمنیش لە ئێمە نیگەرانتـر بـوو، بۆیە ئێمە كێشـەمان لەگەڵ ئەو بنەماڵەیە نەبـوو، وازمان لێهێنابوون، بەڵام ئەوان بەبـێ ئـەوەی بەڵگەیەكیـان لەبەردەسـت بێت، بەتۆمەتی هەڕەشەلێكردنیان سكاڵایان لەدژی ئێمە تۆمـار كرد، برازایەكم بەنـاوی (ز. عەبدولڕەحیم) كە برای ڕێبازی ڕەحمەتییە، بەمەی زانیبوو، بۆیە تەقـەی لەو كـوڕە و باوكی كـرد و هەردووكیانی كوشت".

(ع.ح) تۆماركردنـی سـكاڵا لـە دژی هەشـت كەسەكەی بنەماڵەكەیان بە ناحەق دەزانێ و دەڵێ: "ئەوان كوژرانی مامیان لە سـاڵی 2013 بە ئیشی ئێمە دەزانن، لەكاتێكدا ئێمە نەبووین، بۆ كوشتنی مەحموود خدر و كوڕەكەشـی تەنیا برازاكەم بووە، بۆیـە بێویژدانیە سـكاڵایان لـەدژی ئێمەش تۆمار كردووە".

تۆمەتبارەكان بەپێی ماددە 406 لەلایەن دادوەر فەرمانـی دەسـتگیركردنیان بۆ دەرچـووە، بەڵام ئامادە نین خۆیان ڕادەسـت بكەن. (ع.ح) دەڵێ: "كـە برازاكەم ئەوانی كوشـت ئێمـە ئامادەییمان دەربڕی سوڵحیان لەگەڵ بكەین، بەڵام ئەوان دەڵێن دەبێت خۆتان ڕادەست بكەن، ئێمەش دەمانەوێت سـوڵح بكرێ و كێشەكە كۆتایی بێت نەك خۆمان ڕادەست بكەین".

**تۆمەتبارێكی هەڵاتوو:**

**خۆمان ڕادەست ناكەین، دەمانەوێ سوڵح بكرێ و كێشەكە كۆتایی بێت**

# پێشمەرگەیەك خۆی دەكوژێت



ڕێبوار منداڵێكی نۆ ساڵانی لە دوای خۆی بەجێهێشت

**تریسكە شێرزاد**
**ڕووداو- هەولێر**

دایكـی و خوشـكەكەی دوای هـەر نوێژێـك دەسـتیان بەرز دەكردەوە و لە خودا دەپاڕانەوە كە بـاری دەروونیی ڕێبوار باشـتر بێ، بـەڵام دەروونی ڕێبوار نەك ئارام نەبـووەوە، بەڵكو بەرەبەیانییەك كۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

سـەعات چواری بەرەبەیانـی ڕۆژی 2020/2/9 پیاوێكـی تەمـەن 38 سـاڵ، دانیشـتووی ناحیەی وارمـاوای سـەر بـە قـەزای شـارەزوور، بـە كڵاشینكۆفەكەی خۆی، كۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا. ڕێبوار پێشمەرگە بووە و باوكی منداڵێك بوو.

نەقیب سەركەوت ئەحمەد، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی پۆلیسـی سـلێمانی بە (ڕووداو) ی ڕاگەیاند: "ئەو كەسـە كە پێشمەرگە بووە، لە نێو ماڵەكەیدا خۆی كوشتووە. كەسوكارەكەی بردوویانە بۆ نەخۆشخانە و پاشان پۆلیسیان ئاگادار كردووەتەوە. پۆلیسیش دەستی بە لێكۆڵینەوە كردووە".

سـەبارەت بـە هـۆكاری خۆكوشـتنی ئـەو پێشـمەرگەیە، نەقیب سـەركەوت گوتـی: "بەهۆی پرسـەكەیەوە، تا ئێسـتا ئیفادەی كەسوكاری ئەو پیاوەمـان وەرنەگرتووە، بۆیـە نازانین بۆچی خۆی كوشتووە".

هێمـن مەحمـوود كە خاڵۆزای ڕێبوارە، باسـی ژیانـی ڕێبواری بۆ (ڕووداو) كـرد و گوتی: "ڕێبوار پێشـمەرگە بوو لە گوێر دەوامی دەكرد، چوار ساڵ بـەر لە ئێسـتا بەهۆی ئەوەی لەگـەڵ هاوژینەكەی كێشەیان هەبوو، نەگونجان و لە یەكدی جیابوونەوە. كوڕەكەیان كە ئێستا تەمەنی نۆ ساڵە، لەگەڵ باوكی و لای داپیری مایەوە".

ڕێبـوار دوای جیابوونەوەی لە هاوژینەكەی بیری لە پێكهێنانەوەی خێزان نەكردەوە، وەك خاڵۆزاكەی باسـی دەكات "ڕێبوار باری دارایی خراپ بوو، بۆیە گوتـی تا بـاری داراییم باش نەبێ بیـر لە ژنهێنان ناكەمەوە".

ڕێبـوار ئـەو كاتانـەی لـە دەوام دەگەڕایـەوە، زۆربەی كاتەكانـی لە ماڵ لەگەڵ دایك و كوڕەكەی بەسەر دەبرد، تاوەكو چوار مانگ لەمەوبەریش هیچ كێشەیەكی نەبوو، بەڵام لە ناكاو تووشی نەخۆشیی دەروونی دەبێ.

هێمن گوتی: "چوار مانگ بەر لە ئێستا ڕۆژێكیان بـاری دەروونی ڕێبوار تێكچوو، لەخۆیەوە دڵی توند دەبوو، سەرئێشەی دەگرت، هەڵسوكەوتی گۆڕابوو، خۆیشی نەیدەزانی بۆچی وای بەسەرهاتووە".

كەسـوكاری ڕێبوار سـەرەتا وایاندەزانی تووشی نەخۆشـییەكی ئاسایی بووە و بە سەردانی پزیشك و وەرگرتنـی چارەسـەری چـاك دەبێتـەوە، بەڵام نەیانزانیوە تووشـی نەخۆشـییەك بووە كە دواجار بەرەو مەرگی دەبات.

هێمن دەڵێت: "چەند جارێك لێمپرسـی چیتە؟ گوتی خۆشـم نازانـم چیمە، دڵم توندە و هەسـت دەكەم شتێك لە دڵمدایە و خەریكە دڵم دەتەقێ".

هێمن كە چەند ڕۆژێك پێش خۆكوشتنی قسەی لەگەڵ ڕێبوار كردووە، گوتیشی: "چەند ڕۆژێك پێش ئـەوەی خۆی بكوژێت، قسـەم لەگەڵ كـرد، گوتم باشـتر نەبـووی؟ گوتی ناوەڵـڵا زۆر خراپتر بووم، نازانـم بۆچی واملێهاتووە، لـە خۆمەوە تێكدەچم و هەندێك ڕەفتار دەكەم زۆر لام سەیرە".

سـەرەڕای ئەوەی چوار مانگ بوو گیرۆدەی ئەو كێشەیە بوو، بەڵام كەسوكارەكەی لە جیاتی ئەوەی ببیـەن بۆ لای پزیشـكێكی دەروونی، بردبوویان بۆ لای شـێخ و مەلا بۆ ئەوەی دوعای بۆ بكەن، بەڵام دوعای شێخ و مەلا دادی نەخۆشییەكەی ڕێبواریان نـەدا. هێمن دەڵێت: "خێزانەكەی گوتیان ئەگەر بە دوعای شێخ و مەلا چاك نەبێتەوە، دەیبەین بۆ لای پزیشكی دەروونی".

هێمـن گوتی "ڕێبـوار بەهۆی نەخۆشـییەكەوە هەندێك هەڵسـوكەوتی سـەیری دەكرد، بۆ نموونە ڕۆژی وا هەبـوو بەبێ هیـچ هۆكارێك چەند جارێك جلەكانی دەگۆڕی. هەندێك ڕۆژ پلەی گەرمی لەشی زۆر بەرز دەبووەوە و بە هیچ دانەدەبەزی".

هێمن باسـی ئەو شـەوەی كرد كە ڕێبوار خۆی كوشـت و گوتی: "هەر لە بەیانی ئەو ڕۆژەوە باری دەروونیی زۆر خراپ بوو، پلەی گەرمیی لەشی بەرز بـوو، دایكی بانگی خاڵ و مامی ڕێبواری كردبوو بۆ ئەوەی ئاگایان لێی بێت".

كە شەو دادێت دایكی لە ترسی ئەوەی كوڕەكەی شتێك لە خۆی نەكات لەلای دەبێت تا نزیكی چواری بەیانی، پاشان دەچێت نوێژ دەكات و دوعا دەكات بۆ ئەوەی كوڕەكەی باشتر بێت. هێمن گوتی: "كاتێك ڕێبـوار بە ئاگا دێـت و دەبینێ كەسـی لەلا نییە، چەكەكەی هەڵدەگری و گوللەیەك لە ژێر چەناگەی خۆی دەدات و خۆی دەكوژێ".

# بەرگەی جیابوونەوەی ژنەكەی نەگرت و خۆی خنكاند



عادل بەهۆی شەڕی داعشەوە ئاوارەی دهۆك بووبوو

**تریسكە شێرزاد**
**ڕووداو — هەولێر**

كاتێـك عـادل دەزانێت ژنەكـەی خیانەتی لێكـردووە و پەیوەندی لەگـەڵ پیاوێكی دیكە هەیە، ژنەكـەی دەنێرێتەوە ماڵی خەزووری و دوای 10 ڕۆژ لەوە بە پەت خۆی هەڵدەواسـێ و خۆی دەخنێكنێ.

ئـەو ڕووداوە سـەعات 11ی بەیانیـی ڕۆژی 2020/2/5 لـە كەمپێكـی ئـاوارەكان لـە سـنووری قەزای سـێمێل بەنـاوی كەمپی كەبەرتـوو ڕوویداوە. (عـادل.ك)، تەمەن 26 ساڵ لە نێو خێوەتەكەیدا خۆی خنكاندووە.

موقەدەم هێمن سلێمان، گوتەبێژی پۆلیسی دهـۆك پشتڕاسـتی كـردەوە كـە ئـەو پیاوە خـۆی خنكانـدووە و پـەڕاوی لێكۆڵینەوەیان بـۆ كردووەتـەوە، بـەڵام بە پاسـاوی ئەوەی لێكۆڵینەوەكان لە قۆناغی سەرەتاییدان ئامادە نەبـوو وردەكاری و هۆكاری خۆخنكاندنی ئەو كەسە باس بكات.

عـادل ئاوارەیەكـی كـوردی ئێـزدی بوو، پێشـتر لـە كۆمەڵگەی خانەسـۆری سـەر بە ناحیەی سـنوونێ لە شنگال دادەنیشت، بەڵام بەهۆی شـەڕی داعشـەوە ئـاوارەی پارێزگای دهـۆك بووبوو. لەگەڵ هاوژین و دوو كچەكەی لە كەمپی كەبەرتوو دەژیان.

هـادی هەفەنـد، بەرپرسـی كەرتـی دووی كەمپـی كەبەرتـوو، دەڵێـت عادل لە سـاڵی 2014 لەگـەڵ ماڵباتەكـەی ئـاوارەی توركیا بـوون، كەسـوكارەكەی چوون بـۆ ئەوروپا و ئەویش گەڕایەوە و لە ساڵی 2016 لەو كەمپە نیشتەجێ بوو.

عـادل دوای ئـەوەی گەڕایـەوە هەرێمـی كوردسـتان بوو بە پێشـمەرگە، بەڵام ساڵێك لەمەوبـەر وازی لـە پێشـمەرگایەتی هێنـا و ڕۆژانە كرێكاریی دەكرد.

هادی دەڵێت: "لە نزیكەوە عادلم دەناسی، لە ساڵی 2016 وە لەم كەمپەیە، كەسێكی بێ كێشـە بوو، كەس گلەیی لێـی نەبوو، بەیانی دەڕۆیشت بۆ كار و ئێوارە دەگەڕایەوە".

گوتیشـی: "من و عـادل هاوڕێ بووین، زۆر لە نزیكەوە ئاگاداری ژیانی بووم، ژنەكەی زۆر خۆشدەویسـت، هەمـوو جارێـك دەیگوت من تەنیـا ئەوم هەیـە و نامەوێـت ڕۆژێك ئەو بە دڵتەنگی ببینم، قەت باوەڕم نەدەكرد ژنەكەی ئەوی خۆشنەوێت".

وەك هـادی باسـی دەكات، ڕۆژێـك عادل لـەكار گەڕاوەتەوە و ژنەكـەی لەگەڵ پیاوێك بینیـوە لە نزیكی خێمەكەی خۆیان، زانیبووی ئەو پیاوە خزمی هاوژینەكەی نییە، لەو كاتەدا پیاوەكە كە ئەوی بینیوە هەڵاتووە.

عـادل لە ژنەكەی دەپرسـێت ئـەو پیاوە كێیـە؟ ژنەكـەی دان بـەوەدا دەنێـت كە ئەو پیـاوەی خۆشـدەوێت و ماوەیەكـە پەیوەندی خۆشەویسـتی لە نێوانیان هەیە. كاتێك عادل گوێی لەو قسەیە دەبێت تووڕە دەبێت. دەستی ژنەكـەی دەگرێت و دەیباتـەوە ماڵی باوكی و پێیاندەڵێت كچەكەتان خیانەتی لێكردووم.

بـە گوتەی هادی، عادل دوای ئەو ڕووداوە بـاری دەروونـی تێكدەچـێ و 10 ڕۆژ دوای ئـەوەی ژنەكەی دەنێرێتـەوە ماڵی باوكی، لە نێو خێوەتەكەیدا بە پەت خۆی دەخنكێنێ.

هادی باسی ئەو ڕۆژەی كرد كە عادل خۆی خنكانـد و گوتـی: "ئەو ڕۆژە سـەعات 11ی پێـش نیـوەڕۆ پەیوەندیـم بە عادلـەوە كرد، ڕێكخراوێك هاتبوون بۆ كەمپەكە جلوبەرگیان دابـەش دەكرد، گوتم عادل بەشـی كچەكانی تۆم لای خۆم داناوە وەرە بیبە، گوتی باشە، بـەڵام دواتـر دووجـار پەیوەندیـم پێوەكـرد وەڵامی نەدایەوە".

لـەو كاتـەی هـادی چـاوەڕێ بـوو عادل بچێـت جلـەكان ببـات، عـادل دوو كچـەی بردبوونە ماڵی پووری خۆی لە نێو كەمپەكە، پاشـان بە پەتێك لە نێو خێوەتەكەیدا خۆی هەڵواسیبوو.

### تەواوکردنی پرۆژەکەی پێویستی بە 81 ملیۆن دۆلارە

# ڕوشدی سەعید بۆ وەرگرتنەوەی دەشتی بەهەشت فێڵ لە حکومەت دەکات

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

هەریەک لە پرۆژەکانی دەشتی بەهەشت، فلۆریا ستی، کانی ئەڵمانی، وەرین ستی، کۆیە ستی لە سنووری پارێزگای هەولێر و باژێر ستێر لە دهۆک کە کێشەی گەورەیان تێدایە و بە سەدان ملیۆن دۆلاری خەڵکیان تێدا خوراوە، دەستەی وەبەرهێنان لە هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکانیاندایە.

سامان عارەب، بەڕێوەبەری گشتیی وەبەرهێنان لەوبارەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "هەریەک لە پرۆژەکانی کانی ئەڵمانی، وەرین ستی، کۆیە ستی وەبەرهێنەری دیکە ئامادەییان دەربڕیوە تەواویان بکەن، پرۆژەکانی وەرین ستی، کانیی ئەڵمانی بڕیاری دەستپێکردنەوەیان بۆ دەرچووە و تەنیا واژۆی سەرۆکوەزیرانی ماوە، ڕەنگە هەفتەی داهاتوو دەستبەکار ببنەوە".

سەبارەت بە پرۆژەی کۆیە ستی لە دەوازەی ڕۆژئاوای شارۆچکەی کۆیە، سامان عارەب گوتی: "پێشتر خاوەنی پرۆژەکە خۆی کوشتووە و پرۆژەکەی بە کێشەیەکی زۆرەوە بەجێهێشت، ماوەیەکی زۆر هەوڵمان دا تا چارەسەرمان کرد، ئێستا لەگەڵ وەبەرهێنەرێک ڕێککەوتووین و بڕیارە پرۆژەکە تەواو بکات، مافی خەڵکە زیانلێکەوتووەکەشی بداتەوە".

یەکێ لەو پرۆژە گەورانەی کە کێشەکەی بە چارەسەرنەکراوی ماوەتەوە پرۆژەی دەشتی بەهەشتە لە هەولێر کە لە 2010/1/7 مۆڵەتی پێدراوە، وەبەرهێنەرەکە پرۆژەکەی تەواو نەکرد و لە نیسانی 2014 مۆڵەتەکەی هەڵوەشێنرایەوە، نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی پێشووی حکومەت لە ساڵی 2015 بڕیاری دا هەر وەبەرهێنەرێک پرۆژەکە تەواو بکات، پرۆژەیەکی هاوشێوەی دەشتی بەهەشتی پێدەدرێت، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ وەبەرهێنەرێک نەیتوانیوە خۆی لە قەرەبدات.

سامان عارەب گوتی: "پرۆژەکە زۆر گەورەیە، لەسەر ڕووبەری 200 دۆنم زەوی دروستکراوە، 2300 شوقە و ڤێللا لەخۆدەگرێت، ساڵی 2017 بڕیاری دادگا دەرچووە کە تەواوکردنی پرۆژەکە پێویستی بە 81 ملیۆن دۆلارە، ئێستا لەگەڵ دوو وەبەرهێنەر لە گفتوگۆدایین بۆ ئەوەی پرۆژەکە وەربگرن، ئەو خەڵکەش کە زەرەرمەندی پرۆژەکەن قەرەبوو بکرێنەوە".

هەرچەندە ڕوشدی سەعید، خاوەنی کۆمپانیای عادل موتەحیدە چەندین داوای یاسایی لەسەرە و بە ماددەکانی 457ـی داگیرکردن، ساختەکاری و تەواونەکردنی پرۆژەکە فەرمانی دەستگیرکردنی هەیە، بەڵام داوای کردووە ڕێگەی پێبدرێت پرۆژەکە وەربگرێتەوە. د.محەممەد شوکری، سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان پێشتر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاندبوو: "ئێمە بلاک لیستمان بۆ هیچ کەسێک نییە، وەبەرهێنەری پێشووش نامەیەکی درێژی بۆ ناردووین و داوا دەکات ڕێگەی پێبدەین خۆی پرۆژەکە تەواو بکات، بەڵام دەبێ خیتاب زەمانێک پێشکەش بکات، بایی ئەوە بێت پرۆژەکەی پێ تەواو بکات".

بەڵام ڕوشدی سەعید هەوڵیداوە دووبارە فێڵ لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بکاتەوە. سامان عارەب گوتی: "ئەو وەبەرهێنەرە هەڵاتووە پێشتر دوو نوێنەری ناردووە، لە نامەیەکی درێژدا ئامادەیی دەربڕیبوو ئەگەر ڕێگەی پێبدرێ بگەڕێتەوە هەرێمی کوردستان پرۆژەکە تەواو بکات، ختیاب زەمانێکی 20 ملیار دیناریشی ناردبوو، بەڵام دوای ئەوەی لێمان کۆڵییەوە دەرکەوت ئەو خیتاب زەمانە ساختەیە".

بە گوتەی سامان عارەب، لە سنووری هەولێر شەش وەبەرهێنەر فەرمانی دەستگیرکردنیان هەیە و هەڵاتوون، یەکێکیان ڕوشدی سەعیدە کە ئێستا لە عێراق پرۆژەی وەرگرتووە. سامان عارەب دەڵێت "بە نووسراوی فەرمی داوامان لە حکومەتی عێراق و دەستەی وەبەرهێنانی بەغدا و لایەنە پەیوەندیدارەکان کردووە ڕوشدی سەعید دەستگیر بکەن، چونکە سکاڵایەکی زۆری لەسەر تۆمار کراوە".

پرۆژەی فلۆریا ستی یەکێکی دیکەیە لە کێشە گەورەکانی دەستەی وەبەرهێنان. پرۆژەکە لە ساڵی 2010 مۆڵەتی پێدراوە، بەڵام وەبەرهێنەرەکەی پابەندی ڕێککەوتنەکە نەبوو، بۆیە لە 2012 مۆڵەتەی هەڵوەشێنرایەوە، لە کۆتایی 2015 بەمەرجی ئەوەی لە ماوەی سێ ساڵ و نیو پرۆژەکە تەواو بکات، مۆڵەتی پێدرایەوە، بەڵام هەر تەواوی نەکرد، بۆیە لە 2018/1/9 سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای وەبەرهێنان بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتەکەی دا.

ساڵی ڕابردوو بۆ تەواوکردنی فلۆریا ستی، پرۆژەکە درا بە کۆمپانیای ساوس کوردستان، بڕیاریش بوو لەماوەی 8 مانگدا پرۆژەکە تەواو بکات، بەڵام ئەو کۆمپانیایەش نەیتوانی کێشەی هەموو خاوەن یەکەکان چارەسەر بکات و ئەویش لە پرۆژەکە کشایەوە، بۆیە ئێستا دەستەی وەبەرهێنان لەگەڵ وەبەرهێنەرێکی دیکە لە گفتوگۆدایە بۆ ئەوەی پرۆژەکە تەواو بکات.

دەستەی وەبەرهێنان مۆڵەتی بە زیاتر لە هەزار پرۆژە داوە، بەڵام بەهۆی پابەندنەبوون بە گرێبەستەکانیان و خواردنی پارەی خەڵک دەیان دۆسیەی وەبەرهێنەران لە دادگایە و بەشێکیشیان فەرمانی دەستگیرکردنیان بۆ دەرچووە و هەڵاتوون، بەشێکیشیان مۆڵەتەکانیان هەڵوەشێنراوەتەوە.

سەربەست خدر عەلی، بەڕێوەبەری لێکۆڵینەوە و زانیاری لە دەستەی وەبەرهێنان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "تا ئێستا مۆڵەتمان بە 177 پرۆژەی نیشتەجێبوون، 158 پرۆژەی بازرگانی، 4 بانک، 53 پرۆژەی تەندروستی، 220 پرۆژەی پیشەسازی، 13 پرۆژەی خزمەتگوزاری، 158 پرۆژەی گەشتیاری، 5 پرۆژەی گەیاندن، 4 پرۆژەی گواستنەوە، 34 پرۆژەی فێرکردن، 30 پرۆژەی کشتوکاڵی، 5 پرۆژەی هونەری و 27 پرۆژەی وەرزشی داوە".

لەبارەی هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتەکانی وەبەرهێنانیش، سەربەست خدر دەڵێ: "بەهۆی پابەندنەبوون بە یاسا و ڕێنماییەکانی دەستە، 122 مۆڵەتی وەبەرهێنانمان هەڵوەشاندووەتەوە کە زۆربەیان لە سێکتەری پیشەسازی بوون".



**بەڕێوەبەری گشتیی وەبەرهێنان:**

◆ داوامان لە حکومەتی عێراق کردووە ئەو وەبەرهێنەرە دەستگیر بکەن

◆ لەگەڵ دوو وەبەرهێنەر لە گفتوگۆدایین بۆ ئەوەی پرۆژەی دەشتی بەهەشت وەرگرن

---

### 6 ساڵە چاوەڕێی دروستکردنی نەخۆشخانەیەکن

# ڕێکخراوێکی بەخشینی ئەندامانی جەستە کارەکانی ڕادەگرێ

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو – هەولێر**

ڕێکخراوێکی تایبەت بە بەخشینی ئەندامانی جەستە نزیکەی 8 مانگە کاری خۆی ڕاگرتووە، سەرۆکی ڕێکخراوەکە هۆکارەکەی بۆ دروستنەکردنی نەخۆشخانەی چاندنەوەی ئەندامانی جەستە و نەبوونی هاوکاریی دارایی دەگێڕێتەوە.

"ڕێکخراوی جەستەبەخشان" مۆڵەتی لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان وەرگرتووە، بیرۆکەی ڕێکخراوەکە لە وەسیەتنامەیەکەوە هات. فەرهاد قادر، سەرۆکی ڕێکخراوەکە دەڵێت: "ساڵی 2010 وەسیەتنامەیەکم نووسی و پێشکەشی وەزارەتی تەندروستیم کرد، داوامکردبوو لەدوای مردنم ئەو ئەندامانەی جەستەم کە سوودیان لێ دەبینرێ ببەخشرێن، لاشەکەشم بدرێتە کۆلێژی پزیشکی بۆ ئەوەی خوێندکاران وانەی لەسەر بخوێنن".

فەرهاد هەر لە وەسیەتنامەکەدا داوای کردبوو تا زیندووە گورچیلەیەک و پارچەیەک لە جگەر و مۆخی ئێسکی ببەخشێ. ساڵی 2013 هەمان وەسیەتنامەی بۆ د.ڕێکەوت حەمەڕەشید، وەزیری تەندروستی نارد، ئەویش وەڵامی دایەوە و سوپاس و پێزانینی بۆ نارد، پاشان کە وەزیری تەندروستی بینی، وەزیر پێشنیازی بۆ کرد ڕێکخراوێک دابمەزرێنێ.

لە 2013/12/1 ڕێکخراوەکە دادەمەزرێ و هەمان ڕۆژیش بەردی بناغەی نەخۆشخانەیەک بۆ چاندنەوەی ئەندامانی جەستە لە سلێمانی دادەنرێت. فەرهاد دەڵێ: "وەزیری تەندروستی بەردی بناغەی نەخۆشخانەکەی دانا کە نەخۆشخانەیەکی 100 قەرەوێڵەیی بوو، بودجەشی بۆ تەرخان کرا، بەڵام نەخۆشخانەکە دروست نەکرا، نزیکەی 6 ساڵە چاوەڕێی دروستکردنین، بەڵام حکومەت و وەزارەتی تەندروستی هیچ هاوکارمان نین".

ژمارەی ئەندامانی ئەم ڕێکخراوە وەک فەرهاد قادر دەڵێت، نزیکەی هەزار کەسە. ئەوان زیاتر لە پێنج هەزار و 800 فۆرمیان دابووە ئەوانەی بۆ کارێکی لەوجۆرە ئامادەن، بەڵام بەهۆی ئەوەی یەکێک لە مەرجەکانیان ئەوە بوو کە دەبێت کەسوکاری پلە یەکی کەسەکەش ڕەزامەندی بدەن، زۆر کەس فۆرمەکەیان بۆ نەگەڕاندنەوە.

فەرهاد دەڵێت: "نزیکەی 500 ئەندامی ئافرەتمان هەن، هەروەها لە هەموو چین و توێژێکی تێدایە، هەریەکە لە د.ڕێکەوت حەمەڕەشید، وەزیری پێشووی تەندروستی. د.ڕێواس فایەق، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، حەیات مەجید، زانا عەبدولڕەحمان، پەرلەمانتارانی خولی پێشوو، د.میران محەممەد، پەرلەمانتاری ئەم خولەی پەرلەمانی عێراق. عەتا پێنجوێنی، جێگری سەرۆکی یەکێتی زانایان، هونەرمەند عومەری کەریم ئاغا و دەیان بەرپرس و کەسایەتی ئایینی و ڕۆشنبیر و هونەرمەند و پزیشک و مامۆستای زانکۆ ئەندامی ڕێکخراوەکەن".

لەبارەی کەسوکاری خۆیشی، فەرهاد قادر دەڵێت: "یەکەمجار کە وەسیەتم کرد دایکم ماوەی مانگێک قسەی لەگەڵ نەکردم، دواتر کە ڕێکخراوەکەم دروستکرد، ئێستا دایکم، دوو برام، هاوژینەکەم و کچە گەورەکەم ئەندامی ڕێکخراوەکەن".

ڕێکخراوەکە نزیکەی 8 مانگە کارەکانی ڕاگرتووە، چونکە بەگوتەی سەرۆکەکەی دروستکردنی نەخۆشخانەکە زۆر دواکەوت.

بەگوێرەی توێژینەوە پزیشکییەکان، مرۆڤ لە پاش مردنی، دەتوانرێت سوود لە 7 ئەندامی جەستەی وەربگیرێ، لەوانە: دڵ، هەردوو گورچیلە، سییەکان و گلێنەی چاو. کە لە ژیانیشدایە دەتوانێت 4 ئەندامی جەستەی ببەخشێت: (گورچیلە، مۆخی ئێسک، خوێن و بەشێک لە جگەر).

فەرهاد گوتی "لەو ماوەیە سێ ئەندامان مردن، بەهۆی نەبوونی نەخۆشخانە نەمانتوانی سوود لە ئەندامەکانی جەستەیان وەربگرین، لەکاتێکدا 7 ئەندامی جەستەی مرۆڤ لە سەرەتای مردندا بە کەڵک دێن. دەمانتوانی ژیانی 21 کەسی پێ ڕزگار بکەین".

ئەندامانی ڕێکخراوەکە دەتوانن بە زیندوویش بەشێک لە ئەندامانی جەستەیان ببەخشن، فەرهاد قادر گوتی: "تائێستا 3 ئەنداممان لەڕێگەی ڕێکخراوەکەی ئێمە گورچیلەیان بەخشیوە کە یەکێکیان کەمئەندامێکە و گورچیلەی بە ژنە پێشمەرگەیەک بەخشی، یەکێکی دیکەیان ژنێک بوو گورچیلەی بە ژنێکی دیکە بەخشی، ئەوەی دیکەش پیاوێک بوو گورچیلەی بە کەسێک بەخشی کە نەیدەناسی".

سەرۆکی ڕێکخراوەکە پێیوایە دروستکردنی ئەو نەخۆشخانەیە بازرگانیکردن بە جەستەی مرۆڤ بنبڕ دەکات و دەڵێ: "ئەگەر حکومەت نەخۆشخانەی چاندنەوەی ئەندامانی جەستە تەواو بکات، مانگانە ژیانی چەندین کەس لە مردن ڕزگار دەکرێ، ئەو بازرگانییەش کە بە جەستەی مرۆڤەوە لە هەرێمی کوردستان دەکرێت، نامێنێ".

سەبارەت بە گونجاندنی بەخشینی ئەندامانی جەستە لەڕووی یاسایی، ئایینی و پزیشکییەوە، سەرۆکی ڕێکخراوی جەستەبەخشان گوتی: "لە خولی پێشووی پەرلەمانی کوردستان پرۆژە یاسایەکی 31 ماددەیی گەڵاڵە کرا، لە پەرلەمان دەنگی پێدرا و بە یاسا بەخشینی ئەندامانی جەستە ڕێکخرا، لەڕووی ئایینیشەوە وەزارەتی ئەوقاف و یەکێتی زانایان و لیژنەی باڵای فتوا پشتگیریمان دەکەن".

**سەرۆکی کۆمەڵەی جەستەبەخشان:**

دروستکردنی ئەو نەخۆشخانەیە دیاردەی بازرگانی بە جەستەی مرۆڤ بنبڕ دەکات

◆◆

---

### دەڵێن جیاوازی لەنێوان ئەوان و کارگەکانی هەولێر دەکات

# کارگەکانی کاڵای پاککەرەوە لە سلێمانی وەزارەتی بازرگانی تۆمەتبار دەکەن

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو – هەولێر**

خاوەن کارگەکانی پاککەرەوە لە سلێمانی دەڵێن وەزارەتی بازرگانی جیاوازی لەنێوان کارگەکانی دروستکردنی کاڵای پاککەرەوە لەنێوان شارەکان دەکات، ڕێنماییەکانی ئەو وەزارەتەش تەنیا لە سلێمانی جێبەجێ دەکرێن. بەڕێوەبەری چاودێری بازرگانی سلێمانیش دەڵێ بەدواداچوون بۆ بابەتەکە دەکەن، ئەگەر ڕاست بێت قبوڵی ناکەن.

لە سنووری سلێمانی زیاتر لە 15 کارگەی بەرهەمی پاککەرەوە هەن، بەڵام نیگەرانن لەوەی وەزارەتی بازرگانی لە جێبەجێکردنی ڕێنماییەکانی جیاوازی لەنێوان ئەوان و کارگەکانی هەولێر دەکات. ئارام کامەران خاوەنی کارگەی (کەف) لە سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "8 جۆر ماددە بۆ بەرهەمی پاککەرەوە لە دەرەوە دەهێنین، بەڵام هەر لە هاوردەکردنی ماددەکانەوە لە سنوورەکان جیاوازی دەکرێت، بۆ ئێمە ئاستەنگی زۆر درووست دەکرێ و کارگەکانی هەولێر و دهۆکیش ئاسانکارییان بۆ دەکرێ".

بە گوێرەی ئەو ڕێنماییانەی ئەو کارگانە پێوەی پابەند کراون، نابێ ئەکتیڤی ماددەکانی پاککەرەوە لە 18 کەمتر بێ، بەڵام خاوەن کارگەی کەف دەڵێت ئەو ڕێنماییە تەنیا لەسەر ئەوان جێبەجێ دەکرێ.

ئارام کامەران دەڵێت: "کێشە گەورەکە لە جێبەجێکردنی ڕێنماییەکانە کە بەپێی ڕێنماییەکان دەبێت کواڵیتی بەرهەمەکان بەرز بێت و ئەکتیڤی لە 18 کەمتر نەبێت، ئێمەش لەوە کەمتر دروستی ناکەین، بەڵام لە هەندێک کارگەی هەولێر و دهۆک ئەکتیڤی بەرهەمەکانی پاککەرەوە دوو یان سێیە، بۆیە بەرهەمەکانی ئەوان هەرزانترن لەوانەی ئێمە".

خاوەن کارگەکانی سلێمانی وەکو خۆیان دەڵێن بەڵگەیان لەبەردەستە. خاوەن کارگەیەک دەڵێ: "ساڵی ڕابردوو جۆرە زاهییەکمان دروستکرد کە ئەکتیڤی 14 بوو، لێپرسینەوەیەکی زۆریان لەگەڵ کردین، بە کواڵیتی کۆنترۆڵی سلێمانیمان گوت بەرهەمی کارگەکانی هەولێر و دهۆک ئەکتیڤیان زۆر لەوەی ئێمە کەمترە، لەگەڵ کارمەندێکی ئەوان 15 بۆ 20 جۆری زاهیمان کۆکردەوە و پشکنینمان بۆ کردن".

ئەو خاوەن کارگەیە گوتیشی: "بەرزترین کواڵیتی بەرهەمەکان هی کارگەیەکی بەناوبانگ بوو کە ئەکتیڤی 14 بوو، بەرهەمی کارگەیەکی دیکە کە زۆر ڕیکلامی لە میدیاکان بۆ دەکرێ ئەکتیڤەکەی 8.5 بوو، بەرهەمیش هەبوو ئەکتیڤی دوو یان سێ بوو، زانیارییەکانمان نارد بۆ وەزارەتی بازرگانی، بەڵام گوتیان ناتوانین لێپرسینەوە لەگەڵ کارگەکانی هەولێر بکەین".

**خاوەن کارگەیەک:**

ڕێنماییەکانی وەزارەت تەنیا لەسەر کارگەکانی سلێمانی جێبەجێ دەکرێن

#### لە سلێمانی دادەخرێن لە هەولێر دەکرێنەوە

ئارام کامەران دەڵێ: "بەڵگەم لەلایە کە لە سلێمانی دوو کارگە داخراون، ئێستا خەریکی مامەڵەکردنن بۆ ئەوەی لە هەولێر کارگە بکەنەوە و ئاسانکاریشیان بۆ دەکەن، ئێمە نامانەوێ کێشە درووست بکەین و تەنیا دەمانەوێت ڕێنماییەکانی وەزارەتی بازرگانی لە هەموو شوێنێک وەکو یەک بەسەر کارگەکاندا جێبەجێ بکرێ، لێپرسینەوەش وەکو یەک بن، چونکە ئەمە کاریگەری لەسەر بەرهەمەکانمان دەبێ و بەهۆی گرانییەوە نافرۆشرێن".

ئەو خاوەن کارگانە هانایان بۆ ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی بردووە، ئەوانیش بەڵێنیان داوە بەدواداچوون بکەن. کەریم عەلی، سەرۆکی لیژنەی پیشەسازی و بازرگانی لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانیش بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "سکاڵای ئەو خاوەن کارگانە گەیشتووەتە دەستمان و لە چەند ڕۆژی داهاتوودا بەدواداچوون بۆ دۆسیەکەیان دەکەین، چونکە ناکرێت حکومەت دەسەڵاتی بەسەر کارگەکاندا نەبێت و بەبەرچاوی ئەوانەوە پێشێلی ڕێنماییەکانیان بکەن".

بەڕێوەبەرایەتی چاودێریی بازرگانی سلێمانیش بەدواداچوون دەکەن. سۆران عەبدولغەفوور، بەڕێوەبەری چاودێریی بازرگانی لە سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "هەرچەندە تائێستا هیچ کۆمپانیایەک سکاڵای لەلای ئێمە تۆمار نەکردووە، بەڵام بەدواداچوون دەکەین، ئەگەر بەڵگەیان هەبێت و زانیارییەکان ڕاست بن، لە سلێمانی حکومەتێک و لە هەولێر حکومەتێک بێت قبوڵی ناکەین".

(ڕووداو) پەیوەندی بە چەند بەرپرسێکی وەزارەتی بازرگانییەوە کرد، بەڵام بە بیانووی ئاگادارنەبوون لە کێشەکە ئامادە نەبوون قسە بکەن.

# ددانی هەمیشەیی کەی جێی ددانی شیری دەگرێتەوە؟

ڕووداو- مێڵس لاین



ددانە شیرییەکان لە نزیک شەش مانگییەوە دەردەکەون کە لە 20 ددان پێکدێن، 10 ددان لە شەویلگەی سەرەوە و 10 ددانیش لە شەویلگەی خوارەوە، یەکەم جاریش ددانە بڕەرەکانی ناوەڕاست – خوارەوە و دواتر ناوەڕاست– سەرەوە دەردەکەون. ئەمە لە هەموو منداڵێکدا بەم شێوەیە نییە، چونکە لە هەندێک منداڵدا ددانە شیرییەکان زووتر دەردەکەون و لە هەندێکی دیکەشدا درەنگتر لەو تەمەنە دەردەکەون، بەشێکی دایک و باوکان نیگەرانن و بەردەوام پرسیاری ئەوە دەکەن کە ئایا کەی ددانە شیرییەکان دەکەون و ددانە هەمیشەییەکان جێگەیان دەگرنەوە؟

دەستەی پزیشکانی پسپۆڕی ددان لە ئەمریکا دەڵێن هەموو منداڵێک پێش تەمەنی یەک ساڵی دەبێ لەلایەن پزیشکی پسپۆڕی ددانەوە ببینرێت و پشکنینی بۆ بکرێت، واتە شەش مانگ دوای دەرکەوتنی ددانە شیرییەکان دەبێت منداڵەکە ببرێتە لای پزیشکی ددان، تەنانەت ئەگەر هیچ کێشەیەکیشی نەبێت.

ددانە شیرییەکان 20 ددانن و دواتر دەکەون و ددانە هەمیشەییەکان کە ژمارەیان 32 ددانە جێیان دەگرنەوە، زۆربەی منداڵان لە تەمەنی شەش ساڵییەوە ددانە شیرییەکانیان دەکەون، بەڵام ئەم پرۆسەیە لە تەمەنی شەش ساڵی دەستپێدەکات و تاوەکو تەمەنی 12 ساڵی بەردەوامە، چونکە کەوتنی ددانەکە بەگوێرەی جۆرەکەی دەگۆڕێت، هەندێکیان لە تەمەنی 6-7 ساڵی دەکەون و هەندێک ددانی دیکەش لە تەمەنی 8-12 ساڵی.

بەشێوەیەکی گشتی پرۆسەی هاتنی ددانی هەمیشەیی لەو منداڵانەدا دوادەکەوێت کە گرفتی تەندروستییان هەبێت، بۆ نموونە کەمیی هۆرمۆنی ڕژێنی دەرەقی، هۆڕمۆنی ژێرمێشک، تووشبووانی داون و ئێسکە نەرمە.




# فیلەر بۆ نەهێشتنی ڕەشیی ژێر چاو

ڕووداو- townandcountry

ڕەشیی ژێر چاو یەکێکە لە گرفتە بەربڵاوەکان کە خەڵکی بە گشتی و خانمان بەتایبەتی بەدەستییەوە دەناڵێنن، بەشێکی زۆری ئەوانەشی گرفتەکەیان هەیە و سەردانی پزیشکی پسپۆڕی پێست دەکەن، گلەیی ئەوەیان هەیە کە بەردەوام ماندوێتییان پێوە دیارە، بۆیە داوای فیلەر بۆ ژێر چاویان دەکەن. هۆکاری زۆر هەن کە دەبنە هۆی ڕەشبوونی پێستی ژێر چاوەکان، لەوانەش: بۆماوەیی، بەرکەوتن بە خۆر، هەستیاری، پیربوون، ئەگزیما و کەمخوێنی.

یەکێک لەو ڕێگەیانەی ئێستا بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکە بەردەستە بەکارهێنانی فیلەرە، ئێستا لە بواری جوانکاریدا خواستێکی زۆر لەسەر فیلەرە کە بۆ پڕکردنەوەی بەشە خاڵییەکانی رووی جەستە بەکاردەهێنرێ.

پێستی ژێر چاو زۆر تەنکە، بە جۆرێک ئەستوورییەکەی 0.5 ملیمەترە، بۆیە ئەو فیلەرەی بۆ پڕکردنەوە و لەنێوبردنی ڕەشێتی لەو بەشەی پێست بەکاردێت دەبێت جیاواز بێت لەو فیلەرەی بۆ بەشەکانی دیکەی جەستە بەکاردەهێنرێت. ئەو جۆرە فیلەرانەی بۆ ڕەشێتی ژێر چاو بەکاردەهێنرێت دەکرێت یەکێک لەو دوو جۆرە فیلەرە بن: (Restylane، Juvederm ultra).

پرۆسەکە بە گشتی چەند خولەکێک دەخایەنێت و کاریگەری فیلەرەکەش 4-6 مانگ دەمێنێتەوە، بەڵام مانەوەی کاریگەرییەکەشی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگۆڕێت. پرۆسەکە دەبێت لەلایەن پزیشکی پسپۆڕی پێست و جوانکاری بکرێ، چونکە ئەگەر پزیشک نەیکات لەوانەیە چەندین لێکەوتەی نەخوازراوی هەبن.

جگە لە فیلەر، کۆمەڵێک چارەسەری دیکەش بەردەستن بۆ ئەم گرفتە، بۆ نموونە ڕێکخستنەوەی سەعاتەکانی خەو، بەردەوام خواردنەوەی ئاو و بەکارهێنانی چەند کرێمێک کە بە ڤیتامین C دەوڵەمەندن.



# چۆن کەمخەوی کاردەکاتە سەر لایەنی دەروونیی منداڵان؟

ڕووداو- sciencedaily

کەمخەوی لە منداڵاندا مەترسیی تووشبوونیان بە چەندین گرفتی تەندروستی زیاد دەکات، تاوەکو ئێستاش چەندین توێژینەوە لەبارەی کاریگەرییەکانی کەمخەوی لە منداڵاندا کراون. لە وڵاتێکی وەک ئەمریکا نیوەی منداڵانی تەمەن سەرووی شەش ساڵ بەپێی پێویست ناخەون. کەمخەویش یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی قەڵەوبوون و سەرەنجام تووشبوون بە چەندین نەخۆشیی درێژخایەن.

توێژینەوەیەکی نوێ لە زانکۆی وارویک لە کاریگەرییەکانی کەمخەوی لەسەر مێشکی منداڵان کۆڵیوەتەوە و دەریخستووە کەمخەوی لە منداڵاندا کاردەکاتە سەر لایەنی دەروونییان.

د.ژیانفێنگ ژێن، پرۆفیسۆری دەروونی و یەکێک لە ئەنجامدەرانی توێژینەوەکە دەڵێت: "شێوازی ژیانی ناتەندروستی ئێستا بەگشتی و بەکارهێنانی زۆری مۆبایل و شاشە جیاوازەکان بەتایبەتی لە هەموو ڕوویەکەوە کاری کردووەتە سەر منداڵان، بەتایبەت کاری کردووەتە سەر کواڵیتی خەویان، بە جۆرێک منداڵان ئێستا درەنگتر دەخەون، بۆیە تێرخەو نابن و بەوەش ڕووبەڕووی چەندین گرفتی تەندروستی دەبنەوە."

پرۆفیسۆرەکەی دەروونی ڕوونیدەکاتەوە، ئەم کاریگەرییە بەتایبەت لەو منداڵانەدا بەدی دەکرێت کە دەچنە قوتابخانە، کەمخەوی دەبێتە هۆی ئەوەی توانای تەرکیزکردن، فێربوون و تێگەیشتنیان لاوازبێت.

پزیشکانی زانکۆی وارویک توێژینەوەکەیان لەسەر 11 هەزار منداڵ لە تەمەنی 9-11 ساڵی کردووە. بۆیان دەرکەوتووە کەمخەوی جگە لەوەی کاردەکاتە سەر توانای فێربوونی منداڵان، مەترسیی تووشبوونیشیان بە چەندین نەخۆشیی دەروونی زیاد دەکات، لەوانە، دڵەڕاوکێی بەردەوام و خەمۆکی.

د. ژیانفێنگ دەڵێت: "منداڵان لە تەمەنی 9-11 ساڵی دەبێت لانیکەم 9-12 سەعات بخەون، کەمتر لەو ماوەیەوە دەبێتە هۆی تووشبوونیان بە چەندین گرفتی تەندروستی."

# ئایا تامیسکە دەگوازرێتەوە؟

ڕووداو- مێدیکاڵ نیوزتودەی

زۆرن ئەو کەسانەی بەدەست تامیسکەوە دەناڵێنن، هۆکاری سەرەکی دروستبوونیشی بریتییە لە هەوکردن بە جۆرە ڤایرۆسێک کە بە (Human herpes virus 1) ناسراوە، بەگوێرەی ئامارەکان نزیکەی 90%ی خەڵکی تووشی جۆرێک لە جۆرەکانی ئەم ڤایرۆسە دەبن.

تامیسکە دەکرێت لەسەر ڕووی لێو، دەوروبەری یان ناوەوەی دەربکەوێت کە دەکرێت بەبێ وەرگرتنی هیچ چارەسەرێک لە ماوەی حەوت بۆ 10 ڕۆژ نەمێنێ، تووشبوون بە ڤایرۆسی تووشکەری تامیسکە دەکرێت بە چەندین ڕێگە لە کەسی تووشبووەوە بۆ کەسێکی ساخ بگوازرێتەوە.

هۆکاری تووشبوون بە ڤایرۆسی (HHV1) بریتییە لە بەرکەوتنی ڕاستەوخۆ بە کەسی تووشبوو یان خودی برینەکە، کاتێک ڤایرۆسەکە دەچێتە نێو جەستە، بۆ هەمیشە لەناویدا دەمێنێتەوە و هەندێک فاکتەر دووبارە دەبنە هۆی چالاکبوونی ڤایرۆسەکە و سەرهەڵدانی تامیسکە.

زۆربەی خەڵک کە تووشی ئەم ڤایرۆسە دەبن هیچ نیشانەیەکیان نییە، بەڵام ئەو کاتەی کە تامیسکەی لێو دەردەکەوێت، دەزانرێت کە ئەو کەسە تووشی ئەم جۆرە ڤایرۆسە بووە، زۆرجار جگە لە دەرکەوتنی تامیسکەکە هەست بە هەندێ نیشانەی دیکەش دەکەی وەک تا، هێڵنج، سەرئێشە، بێهێزی و ئەستوربوونی لێو.



زۆربەی جار هیچ چارەسەرێکی تایبەت بۆ تامیسکە وەرناگیرێت چونکە بێ چارەسەریش لە ماوەی یەک بۆ دوو هەفتە نامێنێت، بەڵام هەندێک جۆری کرێم و دەرمان بەردەستن کە دەتوانرێت لەلایەن پزیشکەوە بە کەسی تووشبوو بدرێت بۆ نموونە دەرمانی دژەڤایرۆسی و دژەئازار.

باشترین ڕێگە خۆپارێزییەکانیش بریتین لە دوورکەوتنەوە لە کەسی تووشبوو، بەکارنەهێنانی کەلوپەلە تایبەتەکانی کەسێکی دیکە، پاکڕاگرتنی دەم و لێو و دەستلێنەدانی تامیسکەکە.

# چوار ڕێگە بۆ باشترکردنی کواڵیتیی سپێرم

ڕووداو- مێدیکاڵ دەیلی



کاتێک ژن و پیاوێک بەبێ گرتنەبەری هیچ ڕێگەیەکی خۆپارێزی هەوڵبدەن منداڵیان ببێت و سەرکەوتوو نەبن، ئەوە پێیدەگوترێ نەزۆکی کە ئێستا گرفتێکی گەورەی جیهانییە و نزیکەی 30%ی حاڵەتەکانیش پەیوەندی بە پیاوەکەوە هەیە. هەندێ جار پیاوان دەبێ شێوازێک لە ژیانی تەندروست پەیڕەو بکەن بۆ ئەوەی لە مەترسییەکانی نەزۆکبوونیان کەمبکەنەوە. لێرەدا چوار ڕێگە بۆ بەهێزکردنی توانای وەچەخستنەوەی پیاوان دەخەینەڕوو.

## 1 خۆراکی باش بخۆ:

خۆراک ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لەسەر تەندروستی بەگشتی و بەهێزکردنی توانای خستنەوەی وەچە لە پیاواندا. دەبێت هەوڵبدەن ڕۆژانە ئەو خۆراکانە بخۆن کە ڕێژەیەکی زۆری دژەئۆکسێنەکانیان تێدایە، ئەمەش لەپێناو زیادکردنی ژمارەی سپێرمەکانیان. ئەو خۆراکانەی بۆ پیاوان بەسوودترینن بریتین لە پرتەقاڵ، سەوزە گەڵاپانەکان، ماسی، هەنار، چەرەس، ئاو. بە پێچەوانەشەوە دەبێت لەم خۆراکانە بەدووربن: خۆراکە سوورەوەکراوەکان، خۆراکە چەورەکان، خواردنەوەی ڕێژەیەکی زۆری کافایین و کحول.

## 2 وەرزشی بەردەوام:

نەزۆکی لە پیاواندا کۆمەڵێک هۆکاری هەن، ڕەنگە یەکێک لەوانە کەمیی هۆڕمۆنی تێستۆستیرۆن بێت، بۆیە وەرزش متمانە بەخۆبوون زیاد دەکات. توێژینەوەکان دەریانخستووە ئاستی هۆرمۆنی تێستۆستیرۆنیش باشتر دەکات و بەمەش ژمارە و کواڵیتی سپێرمەکان باشتر دەبێت.

## 3 گوشاری دەروونی کەمبکەوە:

هۆرمۆنەکانی گوشار جگە لەوەی ئارەزووی سێکسی کەمدەکەنەوە، بەشێوەیەکی درێژخایەنیش دەبنە هۆی کەمبوونەوەی ئاستی تێستۆستیرۆن، بۆیە پێویستە پیاوان خۆیان لە گوشاری دەروونیی درێژخایەن دووربگرن، ئەمەش دەکرێت لە ڕێگەی وەرزش یان ئەنجامدانی تەکنیکەکانی خاوبوونەوە بێت.

## 4 ڤیتامین D وەربگرە:

ئەم ڤیتامینە کاریگەری ئێجگار گرنگی هەیە لەسەر بڕی تێستۆستیرۆن، توێژینەوەکان دەریانخستووە ئەو پیاوانەی ڤیتامین Dیان کەمە، ئەگەری زۆرترە گرفتی نەزۆکییان هەبێت، چونکە دەرکەوتووە کەمیی ڤیتامینەکە هۆکارێکە بۆ کەمبوونەوەی هۆرمۆنی تێستۆستیرۆن. ڕێکخستنی ئاستی ڤیتامین D لە جەستەدا یارمەتیدەرە بۆ باشترکردنی ژمارە و کواڵیتی سپێرم.

تەنیا لە چارەکی یەکەمی ئەمساڵدا

# کۆرۆنا زیانی 270 ملیار دۆلار لە ئابووریی جیهان دەدات



زەرەرمەندی یەکەمی ڤایرۆسی کۆرۆنا کارگەکانی دروستکردنی پارچەکانی ئۆتۆمبێلن (فۆتۆ: AFP)

ڕووداو- هەولێر

کاریگەرییەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا بەرەبەرە بەسەر پیشەسازیی جیهانەوە دەردەکەوێ، ژمارەیەکی زۆر لە کارگەکانی ئۆتۆمبێلسازیی جیهان تووشی کێشە بوون لە گەیشتنی پارچە وکۆمپانیا دیجیتاڵییەکانیش چاوەڕێی کێشەی گەورەتر لەوەی ئێستا دەکەن، لە کاتێکدا کرێکارە چینییەکان ناوێرن بگەڕێنەوە ئەو ناوچانەی مەترسیی ڤایرۆسەکەیان لێدەکرێ.

ناوەندی لێکۆڵینەوەی (کاپیتاڵ ئیکۆنۆمیست)ی بەریتانی پێشبینی دەکات ڤایرۆسی کۆرۆنا لە چارەکی یەکەمی ئەمساڵدا 270 ملیار دۆلار زیان بە ئابووریی جیهان بگەیەنێ، بەو پێیەش بۆ یەکەمجار لە کاتی قەیرانە داراییە جیهانییەکەی 2008 و 2009 وە، ئابووریی جیهان لەبری هەڵکشان ڕوو لە دابەزین دەکات.

بڕیار وابوو کارگەکانی چین لە ڕۆژی 10ی شوبات و دوای تەواوبوونی 15 ڕۆژی جەژنەکانی ساڵی نوێی چینی بکرێنەوە، بەڵام ماوەی پشووەکە بەهۆی بڵاوبوونەوەی کۆرۆناوە درێژکرایەوە.

حاڵی حازر ژمارەیەکی زۆر کرێکار ناتوانن یان نایانەوێ بگەڕێنەوە شوێنەکانی کاری خۆیان کە سیاسەتی قەرەنتینەی تێدا پەیڕەو دەکرێ، ئەو کرێکارانەش کە دەیانەوێ بگەڕێنەوە تووشی کێشەی هێڵەکانی گواستنەوە دەبن، لەبەر ئەوەی ژمارەیەکی زۆری ئەو هێڵانە هەتا ئێستا دەستبەکار نەبوونەتەوە. ئەوەش وایکردووە کارکردنی ئاسایی لە ژمارەیەکی زۆری کارگەکان دوابکەوێ.

لەکاتێکدا کۆمپانیای کاتەرپیلاری ئەمریکی ڕایگەیاندووە زۆربەی کرێکارەکانی لە چین گەڕاونەتەوە سەر کارەکانی خۆیان، کۆمپانیای فاکسکۆن کە بەشێک لە پارچەکانی بەرهەمەکانی ئەپڵ دروست دەکات، دەڵێ هەتا کۆتایی مانگی شوباتیش نیوەی کارگەکانی دەست بە کاری ئاسایی خۆیان ناکەنەوە.

گەورەترین زیانباری ڤایرۆسی کۆرۆنا پیشەسازی ئۆتۆمبێلە. بەپێی ڕاپۆرتێکی تۆڕی میدیایی (بی بی سی)ی بەریتانی، کۆمپانیای نیسان بەهۆی نەبوونی پارچەی چینیی ئۆتۆمبێلەکانییەوە ناچار بووە یەکێک لە کارگەکانی لە ژاپۆن دابخات. کۆمپانیای فیات کرایسلەری هۆڵەندیش ڕایگەیاندووە کە دوور نییە یەکێک لە کارگەکانی لە ئەورووپا دابخات، لە کاتێکدا ڕەنگە هەندێک لە کۆمپانیا ئەمریکییەکانیش لە یەک یان دوو هەفتەی داهاتوودا تووشی کورتهێنانی ئەو پارچانە بن کە لە چین دروست دەکرێن.

محەممەد ئەلعریان، ڕاوێژکاری دارایی لە کۆمپانیای ئالیانز بۆ خزمەتگوزاریی دارایی، لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی (واشنتن پۆست)ی ئەمریکی دەڵێت: "نیگەرانم لەوەی کێشەکە زۆر لەوە گەورەتر بێ کە زۆربەی ئابووریناسان مامەڵەی لەگەڵ دەکەن، چونکە کاتی دەوێ هەتا هەموو مەکینە ئابوورییەکان دەکەونەوە کار".

هەتا ڕۆژی هەینیی ڕابردوو، زیاتر لە 64 هەزار و 500 حاڵەتی کۆرۆنا پشتڕاست کرابوونەوە کە 63 هەزار و 855 حاڵەتیان لە چین بوون. ژمارەی ئەو کەسانەی بەهۆی ئەو ڤایرۆسەوە لە جیهاندا مردوون 1486 کەسە. لە ئەمریکا 15 حاڵەت پشتڕاست کراونەتەوە، لە کاتێکدا هەفتەی ڕابردوو ژاپۆن یەکەم حاڵەتی مردن بە ڤایرۆسەکەی ڕاگەیاند.

ڤایرۆسی کۆرۆنا کێشەی گەورەی بۆ هاتوچۆ لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوەی چین دروستکردووە، هەر ئەوەش وایکردووە گواستنەوەی کرێکار و کەرەستەی پیشەسازیش ئەستەم بێ. چین بەهۆی ژمارەی زۆری هێزی کارەوە بووە بە ناوەندی بەرهەمهێنان بۆ کارگە نێودەوڵەتییەکان.

ئەلعریان دەڵێ: "ئێمە پێشتریش دوگمەی وەستانی بەجیهانیبوونمان لێدابوو، ئەم ڤایرۆسە وایکردووە کۆمپانیاکان جارێکی دیکە هەڵسەنگاندنەوە بۆ ئەوە بکەن کە هەتا چەندە دەیانەوێ کۆمپانیایەکی نێودەوڵەتی بن"، واتە بنکەی بەرهەمهێنان و دابەشکردنیان لە ناوچەی جیاوازی جیهان بێ. ئەمریکییەکان هەستیان بەوە کردووە کە کاریگەرییە ئابوورییەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا تەنیا لە چین و ڕۆژهەڵاتی ئاسیا نامێنێتەوە، لە کاتێکدا هەزاران کۆمپانیا و کارگەی چینی پارچە بۆ کۆمپانیا ئەمریکییەکان بەرهەم دەهێنن.

چین لە کاتێکدا بەرەنگاری کۆرۆنا دەبێتەوە کە تازە لە شەڕێکی بازرگانیی گەورە لەگەڵ ئەمریکا ڕزگاری ببوو. ناوەندی لێکۆڵینەوەی (تریڤیۆم)ی چینی لە ڕاپۆرتێکدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە بە بەراورد لەگەڵ زیانەکانی شەڕی بازرگانیی چین و ئەمریکا، تێکچوونی تۆڕەکانی دابەشکردن بەهۆی کۆرۆناوە زیانێکی گەورەتریان بە ئابووریی چین گەیاندووە.

بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی ناوەندی (دان و برادستریت) ئەو ناوچانەی چین کە بەهۆی ڤایرۆسەکەوە کاریگەرییان لەسەر دروستبووە، میوانداری 49 هەزار و 884 لقی کۆمپانیا بیانییەکان دەکەن کە 9500 لقیان سەر بە کۆمپانیا ئەمریکییەکانن. ئەو ناوچەیەی کە سیستەمی قەرەنتینە دەیگرێتەوە 60 ملیۆن کەسی تێدا نیشتەجێیە.

هاتیندرا چەتوڤێندی، شارەزای پێشووی تۆڕەکانی دابەشکردن لە کۆمپانیای مایکرۆسۆفت، بە (واشنتن پۆست)ی ئەمریکی دەڵێ: "ئاساییبوونەوەی دۆخەکە قۆناغ بە قۆناغ ڕوودەدات. شەش بۆ هەشت هەفتەی دەوێ هەتا هەموو شتەکان بێنەوە سەر ڕێچکەی ئاسایی خۆیان".

چین کە خاوەن ئابوورییەکی 14 ترلیۆن دۆلارییە، داماوە لە نێوان ڕێگری لە بڵاوبوونەوەی زیاتری ڤایرۆسەکە و پاراستنی گەشەی ئابووریی وڵاتەکەی. لە هەندێک ناوچە، حکومەتی چین فەرمانی بە فەرمانبەر و کرێکارەکان کردووە بگەڕێنەوە سەر کارەکانیان، لە هەندێک ناوچەی دیکەش سەرقاڵی جێبەجێکردنی سیاسەتی ڕێگری لە بڵاوبوونەوەی زیاتری ڤایرۆسەکەن. لە هەندێک ناوچە تەنیا 26%ی کارگەکان دەستیان بە کارە ئاساییەکانی خۆیان کردووەتەوە.

سەرکردەکانی ئەورووپا بۆ (ڕووداو) باسی ئایندەی ناوچەکە پاش سولەیمانی دەکەن

# "ئەمریکا عێراق بەجێدەهێڵێ و دەبێ ئەورووپا بێتە پێشەوە"

**لە باڵەخانەی پەرلەمانی ئەورووپا دیبەیتێکم هەبوو لەگەڵ سێ کەسی کاریگەر لەسەر ناوەندی بڕیاردان لە یەکێتی ئەورووپا. لەو باڵەخانەیەدا کە لە شانەیەکی هەنگ دەچێ و بەردەوام ترافیکی سەتان سەردانکەری لەسەرە، باسی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی پاش کوژرانی قاسم سولەیمانیمان کرد. هەموو میوانەکان کۆک بوون لەسەرئەوەی کە قۆناخی پاش سولەیمانی مەرج نییە ئاسانتر بێ لە پێشتر و چاوەڕوانی ئاڵۆزیی زۆرتریش دەکەن. بەڵام لەوەدا کۆک بوون کە یەکێتیی ئەورووپا نابێ ڕێگە بدات عێراق بەتەواوەتی ببێتە دەوڵەتێکی پرۆکسیی ئێران، بەتایبەتیش کە وەک ئەوان دەیانگوت: چیدی مەسەلەی دەرچوون یان دەرنەچوونی ئەمریکا لە عێراق پرسیار نییە، بەڵکو پرسیار ئەوەیە کەی دەردەچێت؟**

هێمن عەبدوڵڵا
ڕووداو - برۆکسەل

لە وەڵامی ئەو پرسیارەمدا کە: "ناوچەکە پاش کوژرانی سولەیمانی سەقامگیرتر دەبێ؟" هەموو میوانەکان کۆک بوون لەسەر ئەوەی مەرج نییە سەقامگیرتر بێت. هانا نۆیمان، سەرۆکی شاندی هەمیشەیی پەرلەمانی ئەورووپایە بۆ وڵاتانی کەنداو کە دەبێتە بەرزترین دامەزراوەی ئەو پەرلەمانە بۆ کاروباری عێراق و سعودیە و قەتەر و ئیمارات و وڵاتانی دیکە. ئەو پێیوابوو: "ناوچەکە دوای سولەیمانی سەلامەتتر نییە. ڕاستە ئەو قەت ئەو پاڵەوانە نەبوو کە ئێران وێنەی دەکێشێت. کەسێکیش بوو فەرمانی کوشتنی زۆر خۆپیشاندەری دەرکرد، بەڵام ئێران دوو سێ ڕۆژی پێویست بوو تا شوێنگرەوەی بۆ دابنێت". وەک نۆیمان باسیکرد: "لە ناوچەکەدا سوپای پاسداران و هێزە پرۆکسییەکانی هەن لە فەڵەستین و لوبنان و سووریا و یەمەن و عێراق. ئەوان وەلائیان بۆ قاسم سولەیمانی نەبوو، بەڵکو بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان هەبوو. بۆیەش کوشتنی سولەیمانی کێشەکە چارەسەر ناکات. بەڵکو قۆناخێکی نوێی ململانێ دەستپێدەکات".

## "ئۆکتۆبوس"ەکەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست

سەبارەت بە ڕۆڵی سولەیمانی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ئازیتا کانکۆ، پەرلەمانتاری یەکێتیی ئەورووپا دەڵێ: "سولەیمانی وەکو ئۆکتۆبوسێک وابوو. دەیان قاچی هەبوو، هەر قاچێکی لە وڵاتێک بوو بۆ دروستکردنی توندوتیژی و ئاڵۆزی. بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە دوای ئەو چی ڕوودەدات؟ زۆر کەس پێیوایە نەکوژرابووایە باشتر بوو". کانکۆ کە ئەندامی کۆمیتەکانی کاروباری دەرەوە و ئاسایش و بەرگریی پەرلەمانی ئەورووپایە، سەبارەت بە ڕای خۆی لەبارەی کوشتنەکەوە دەڵێت: "لە پەرلەمانی ئەورووپا ڕەخنەمان لە ڕووداوی کوشتنەکە گرت. چونکە ڕاستە ئەو تیرۆریست بوو، بەڵام کوشتنەکەی بە پلانێکی ئەخلاقیی ورد نەبوو کە ئەورووپاش تێیدا بەشداربێت". هانا نۆیمانیش لەوەدا کۆکە لەگەڵ ئازیتا کانکا و دەڵێت: "کردەوەکە بەپێچەوانەی یاسا نێودەوڵەتییەکان بوو".

## گرێدانەوەی قاچەکان

بۆ پشتیوانی لە قسەکانی کانکا، پەرلەمانتارێکی دیکەی یەکێتیی ئەورووپا دەڵێت: "ئێستا پرسیارەکە ئەوەیە کە کێ دەتوانێ قاچەکانی ئۆکتۆبوسەکە پێکەوە گرێبدات؟ مێژوو پێماندەڵێ ئەوەی دێت لەوەی ڕۆیشتووە خراپترە. منیش لەوە دەترسم". کلێمێنس گرۆسێل کە ئەندامی کۆمیتەکانی کاروباری دەرەوە و کاروباری ناتۆیە لە پەرلەمانی ئەورووپا، دەڵێت: "ڕاستە سولەیمانی ناکۆکیی مەزهەبیی بەکاردەهێنا لەپێناو بەرژەوەندییەکانی ئێران، بەڵام هاوڕام لەگەڵ ئەوەی بە لەنێوبردنی کەسێک باوەڕەکە لەنێوناچێت. ئەو لە ڕوانگەی سەربازی و سیاسییەوە مێشکی پشت ڕووداوەکان بوو. نازانین شوێنگرەوەکەشی وەکو خۆیەتی یان نا". لەگەڵ ئەوەشدا گرۆشێل گەشبینە و دەڵێت: "بۆ ئێران کوشتنەکە ڕووداوێکی گەورە بوو، بەڵام ئێستا بیر لە گفتوگۆی ناڕاستەوخۆ دەکاتەوە لەگەڵ ئەمریکا. بۆیە هەرچەندە دەکرا لە زۆر شوێن کاردانەوەی زۆر توند لە ئێرانەوە هەبووبان، بەڵام دیارە بەرژەوەندیی هەردوولا لەوەدایە کە دانوستاندن بکرێ".



کلێمێن گرۆشێل، ئەندامی پەرلەمانی ئەورووپا:

### دەوڵەتی نوێی سەربەخۆ ناتوانن لە ناوچەکەدا بژین

## ئەمریکا حیساب بۆ ئەورووپا دەکات؟

ئازیتا کانکۆ ڕەخنە لە سیاسەتی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەگرێ و دەڵێت پرس بە هاوپەیمانە ئەورووپییەکانی ناکات: "ئەمریکییەکان تەنیا لە تویتەر دەڵێن پێویستە لەگەڵ ئەورووپییەکان کاربکەین، بەڵام ئەوەی بە کردار دەیکەن ئەوەیە کە بەشدارمان ناکەن و ئەمەش بێڕێزییەکی زۆرە. ئایا ئێمە شایانی ئەوەین؟ پێموایە بەڵێ شایانین. چونکە لاوازین و یەکدەنگ نین". ئەو پەرلەمانتارەی یەکێتیی ئەورووپا ڕوونتر لەسەر ئەو مژارە قسە دەکات و دەڵێت: "ئێمە وەک 27 وڵاتەکەی یەکێتیی ئەورووپا هاوهەڵوێست نین. فەرەنسا تاکلایەنە ڕەفتار دەکات. ئەورووپا بەجۆرێک مامەڵە ناکات کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ڕێزی لێبگیرێت. پێویستە ئەمە چاک بکەینەوە. چونکە ئەگەر وەک ئەورووپا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ڕۆڵمان هەبێ و دەسەڵاتمان هەبێ، لە هەموو دنیادا دەسەڵاتمان دەبێ".

## ئەورووپای پاش ئەمریکا

هانا نۆیمان بەمدواییانە سەردانی عێراقی کردووە و بەردەوام وەک سەرۆکی شاندی هەمیشەیی پەرلەمانی ئەورووپا بۆ کەنداو سەرکردەکانی ناوچەکە دەبینێ. ئەو دەڵێت پێویستە ئەورووپا بۆ قۆناخی پاش کشانەوەی ئەمریکا لە ناوچەکە خۆی ئامادە بکات: "چونکە پرسیارەکە چیدی ئەوە نییە کە ئەمریکا دەکشێتەوە یان نا؟ بەڵکو ئەوەیە کە کەی دەکشێتەوە؟" سەبارەت بە ڕۆڵی نوێی یەکێتیی ئەورووپا نۆیمان دەڵێت: "شتێک کە دەبێ ئەورووپا ڕۆڵی تێدا هەبێ لە عێراق، مەسەلەی چاکسازییە. وەک دەزانن تەنانەت دوای کوژرانی سولەیمانیش، خۆپیشاندانەکان بۆ چاکسازی هەر بەردەوامن". ئەو پەرلەمانتارەی یەکێتیی ئەورووپا دەڵێت: "عێراقییەکان هەموویان داوای یەکپارچەیی عێراق دەکەن. سوننە و شیعە و تەنانەت هەندێک کوردیش دەڵێن دەستتێوەردانمان ناوێ. نە لە ئێرانەوە و نە لە ئەمریکاوە".



دیبەیتی هێمن عەبدوڵڵا، پێشکەشکاری بەرنامەی گەڕیدە لەگەڵ سێ پەرلەمانتاری پەرلەمانی یەکێتیی ئەورووپا (فۆتۆ: ڕووداو)

## کوردستان ببێتە دەوڵەت؟

یەکێک لەو پرسیارانەی لە میوانەکانی دیبەیتەکەم کرد، سەبارەت بە ئەگەری سەرلەنوێ کێشانەوەی نەخشەی ناوچەکە بوو کە ڕەنگە ببێتە هۆی دروستبوونی دەوڵەتی کوردستانیش. کلێمێن گرۆشێل بەڕاشکاوی دەڵێ: "من بڕوام بە دروستکردنی دەوڵەتی نوێی سەربەخۆ نییە. چونکە ئەو دەوڵەتە نوێیانە ناتوانن بژین و بەردەوام بن. بەڵام پێویستە خەڵکی عێراق لەخۆیان بپرسن کە دەیانەوێ چارەسەرێکی تەوافوقی بدۆزنەوە یان هەر لەسەر ئەو قەیرانەی ئێستا بەردەوام بن؟" هانا نۆیمانیش دەڵێ: "هەرچەندە عێراقییەکان خۆیان بڕیار دەدەن، بەڵام بڕوا ناکەم دابەشکردنی عێراق شتێکی یارمەتیدەر بێت، بەڵکو کێشەکان قووڵتر دەکاتەوە. ئەوە هەڵەی ئەمریکییەکان بوو کە عێراقیان لەسەر بنەمای سێ پێکهاتەی جیاواز دروستکردەوە. بۆیە باشترە لەجیاتی بیرکردنەوە لەو گفتوگۆیانە، کار لەسەر مەسەلەی خزمەتگوزاری و چاکسازی لە بواری ئەمنی و بوارەکانی دیکەی ژیانی خەڵک بکەین".

نۆیمان دەڵێت: "دەبێ ڕێگەیەک بدۆزینەوە کە خەڵک پێکەوە بژین و ئەو هەستەیان هەبێ کە دەتوانن بەشداربن لە پرۆسەی بڕیارداندا. هەروەها هەرێمی کوردستان لە باکووری عێراق نموونەیەکە بۆ چۆنێتیی پێشخستنی خزمەتگوزارییەکان". بەڵام ئازیتا کانکۆ کە سەرکردەی پارتێکی فلامیی سەربەخۆییخوازە و دەیانەوێ لە بەلجیکا جیاببنەوە، دەڵێت: "پێویستە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست شتێکی گەورەتر لە بەرژەوەندیی تاکەکەسیان هەبێ تا هەستبکەن دەبێ پێکەوەبن. گرنگە مافی ئەو کوردانە لەبەرچاو بگیرێ کە لەسەر سنووری تورکیا دەژین. دروست وەکو فلامییەکانی هەرێمی فلاندەر لە بەلجیکا". ئەو پێیوایە "نابێ برینەکان تەنیا ڕووپۆش بکەین، ئەگینا لەژێرەوە بۆگەن دەکەن. نەخشەی جیۆپۆلەتیکی بۆخۆی خۆی دەکێشێتەوە و ئێمە ناتوانین هیچی لەبارەوە بکەین".



هانا نۆیمان، بەرپرسی دۆسیەی کەنداو لە پەرلەمانی ئەورووپا:

### دابەشکردنی عێراق کێشەکان قووڵتر دەکاتەوە

# ئەمریکا، ڕووسیا و ئێران.. سێگۆشەی ململانێ لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست



ڕووداو- هەولێر

ئەمریکا، ڕووسیا و ئێران سێ شێوازی جیاواز لە هاریکاریکردنی ئەمنی لەگەڵ هاوبەشەکانیان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست پەیڕەو دەکەن. ڕاپۆرتێکی ناوەندی (کارنیگی)ی ئەمریکی باسی ئەوە دەکات کە چۆن ئەو سێ شێوازە جیاوازە کاریگەریی گەورەیان لەسەر ئاسایش و بنیاتنانەوەی حکومەتەکان لە ناوچەکە دەبێ.

## هاریکارییە ئەمنییەکانی ئێران

کۆماری ئیسلامیی ئێران بەردەوام هەوڵی پەلهاویشتنی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست داوە کە ئامانجی بنەڕەتی لێی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی ئێرانە، بۆ ئەوەش لە زۆربەی حاڵەتەکاندا پشت بە ئەکتەرەکانی دەرەوەی دەوڵەت دەبەستێ.

ڕاپۆرتەکەی کارنیگی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە تێکدانی سەروەریی وڵاتان ئامانجی ئێران نییە، بەڵام: "هاریکارییە ئەمنییەکانی ئێران بۆ ئەکتەرە هاوبیرەکانی خۆی بە زەروورەت ئەو دەوڵەتانە بەلاوەدەنێ کە دژی ئامانجەکانین، ئەم ڕوانگەیە هاریکارییە ئەمنییەکانی ئێران بۆ لوبنان، عێراق، یەمەن و سووریا دیاری دەکات".

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، سێ ئامانجی سەرەکی لە پشت هاریکارییە سەربازییەکانی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەن: بەرەوپێشبردنی ئایدیا ئایینی، کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی شۆڕشی ئیسلامی لە ناوچەکەدا، کەمکردنەوەی نفووزی ئەو حکومەتانەی کە دژی شۆڕشی ئیسلامین و بەهێزکردنی ئەو ئەکتەرە نادەوڵەتییانەی کە پەرە بە ئایدیاکانی ئێران دەدەن، لەوانەش حیزبوڵڵا، کەتائیبی حیزبوڵڵا، عەسایبی ئەهلی حەق و ڕێکخراوی بەدر.

زۆربەی هاریکارییە ئەمنییەکان لە ڕێگەی هێزی قودسی سوپای پاسدارانەوە پێشکەش بە هاوبەشەکانی ئێران لە ناوچەکە دەکرێن. وەک ڕاپۆرتەکە ئاماژەی بۆ دەکات "سوپای پاسداران خۆی لەسەر بنەمای دژایەتیکردنی چاودێریی دەوڵەت بەسەر دامەزراوە مۆدێرنەکان دامەزراوە". سوپای پاسداران بەرهەمی کۆبوونەوەی ئەو گرووپە میلیشیاییانەیە کە پێش ڕووخانی شا بۆ پشتگیری لە دەسەڵاتێکی ئایینی دامەزرابوون، هەر بۆیە وجودی ئەو سوپایە لە خۆیدا تێکدەری دەسەڵاتی دەوڵەتە.

ئێران ڕۆڵی جەوهەریی لە دامەزراندنی حیزبوڵڵای لوبنان لە 1982دا هەبووە، هەر بۆیەش بەرژەوەندییەکانی ئەو ڕێکخراوە گرێدراوە بە بەرژەوەندییەکانی ئێرانەوە، ئەوەش نەک هەر لەو حاڵەتەی کە بەرژەوەندییەکانی ئێران لەگەڵ "تموحە نیشتمانییەکانی لوبنان"دا یەکناگرێتەوە، بەڵکو ئەوە بۆ "بەرژەوەندییەکانی حیزبوڵڵا لە ناوخۆی لوبنانیش" هەمان شتە، بۆیە جێبەجێکردنی ئەو بەرژەوەندییانەی ئێران دەوردانەوەی بەرژەوەندییەکانی حکومەتی بەیروتی لێدەکەوێتەوە.

زۆربەی میلیشیا عێراقییەکانی میحوەری خۆڕاگری، بە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە ڕێکخراوی بەدرەوە دروستبوون کە لە ساڵی 1982 وەک باڵی سەربازیی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامیی عێراق بە هاوکاری سوپای پاسداران دامەزرا. ڕاپۆرتەکەی (کارنیگی) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە هاوپەیمانێتی ئایدیۆلۆژیی نێوان ئێران و ئەو میلیشیایانە و هاریکارییە ئەمنییەکان وایکردووە "ئێران نفووزێکی زۆری لە حکومەتی عێراقدا هەبێ، لەوێشەوە یەکانگیریی دەوڵەتی عێراق تێکبدات".

## هاریکارییە ئەمنییەکانی ڕووسیا

ڕووسیا دووەم گەورەترین فرۆشیاری چەکە لە جیهاندا، بۆیە هاریکارییە سەربازییەکان یەکێک لەو ئامرازانەن کە مۆسکۆ بۆ جێبەجێکردنی تموحەکانی خۆی بەکاری دەهێنێ، بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست.

ڕاپۆرتەکە دەڵێت ڕووسیا چوار ئامانجی سەرەکی هەیە کە بەو هاوکارییە سەربازییانە وەدییان دەهێنێ:

**یەکەم:** دەستکەوتی ئابووری لە ڕێگەی فرۆشتنی چەک، ڕاهێنان و هاوکاریی سەربازی.

**دووەم:** بەهێزکردنی ڕژێمە سەرکوتکەرەکانی ناوچەکە کە پەیوەندیی دۆستانەیان لەگەڵ ڕووسیا هەیە.

**سێیەم:** جڵەوکردنی ئیسلامگەرایی.

**چوارەم:** بەرەوپێشبردنی ڕۆڵ و پێگەی ناوچەیی ڕووسیا بەوەی کە هانی وڵاتان دەدات پشت بە سەنگی دیپلۆماسی و ئەمنیی ڕووسیا ببەستن.

**پێنجەم:** لاوازکردنی پێگەی ئەمریکا لە ناوچەکە.

ئێستا ڕووسیا هێزی زەمینی و ئاسمانی و ڕاهێنەری سەربازی لە سووریا، لیبیا و ڕۆژهەڵاتی ئۆکراینا هەیە، لەگەڵ وڵاتانی سەقامگیری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش هەوڵی وازۆکردنی گرێبەستی فرۆشتنی چەک و پیشەسازیی سەربازی دەدات، لەوانەش تورکیا، سعودیە، میسر، لوبنان و عێراق.

ڕاپۆرتی ناوەندە ئەمریکییەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ڕووسیا بۆ فراوانکردنی سنووری نفووزی خۆی لە ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست پلانێکی سێ هەنگاوی جێبەجێ دەکات کە یەکەم هەنگاویان فرۆشتنی چەکە. هەفتەی ڕابردوو، وەزارەتی بەرگریی عێراق ڕایگەیاند کە دانوستاندنەکان بۆ قووڵکردنەوەی هاوکاریی سەربازییەکانی نێوان ئەمریکا و عێراق بەردەوامن، لە کاتێکدا بە گوتەی بەرپرسێکی سەربازیی باڵای عێراقی کە قسەی بۆ (ئەسۆشیێتید پرێس)ی ئەمریکی کردووە، حکومەتی عێراق داوای لە سوپای وڵاتەکەی کردووە لە شەڕی داعشدا داوای هاریکاری لە ئەمریکا و هاوپەیمانان نەکەن.

هەنگاوی دووەم ناردنی هێزە بەکرێگیراوەکانە کە "لەلایەکەوە تێگەیشتنێکی بەرفراوانتر لەبارەی واقیعی وڵاتەکان بە ڕووسیا دەدەن، بێ ئەوەی ڕووسیا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە ململانێکان تێوەگلابێ". نموونەی ئەو هەنگاوەیان هێزەکانی واگنەرن لە لیبیا، سووریا و سوودان کە ئەرکی سەرەکییان: "پاسەوانیکردنی سەرکردەکان، ڕاهێنانی هێزەکان و ناساندنی چەکی ڕووسییە".

هەنگاوی سێیەم ناردنی هێزی سەربازیی ڕووسیایە "کە ئەرک و بەشدارییان لە قەیرانەکاندا بەپێی ناوچەکە دەگۆڕێ، وەک ئەوەی لە کەیسی سووریادا دەیبینین. ئەرکی بەرایی ئەو هێزانە ڕاهێنان و فێرکردنی هێزە خۆجێییەکانە لەسەر بەکارهێنان و چاککردنەوەی سیستەمی چەکەکانی ڕووسیا. هەرچەند لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقا کە ئاستی پێکدادانەکان زۆر بەرزە، هێزەکانی ڕووسیا بە ڕاستەوخۆش لە شەڕەکاندا بەشداری دەکەن، وەک ئەوەی لە سووریا هەیە".

## هاوکاریی سەربازیی ئەمریکا

بەشێوەیەکی نەریتی ئەمریکا سێ ئامانجی سەرەکی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هەبووە. یەکەمیان گەرەنتیکردنی ڕێڕەوێکی پارێزراوی گواستنەوەی نەوت و غاز، دووەمیان پاراستنی هاوسەنگیی هێز بە جۆرێک کە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکای تێدا پارێزراو بێ و دوایین ئامانجیش پاراستنی سەقامگیری ناوچەکەیە.

ڕاپۆرتەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە دوایین ئامانجیان (واتە پاراستنی سەقامگیریی ناوچەکە) لەگەڵ ئامانجەکەی ئێراندا یەکناگرێتەوە، کە "بە لایەنی کەمەوە لە کورتخایەندا دەیەوێ سەروەری لاواز بکات و ناسەقامگیری پەرەپێبدات".

واشنتن لە ساڵی 2001وە، دەستی بە هەڵمەتێکی بەرفراوانی شەڕی دژی تیرۆر لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کردووە کە ئامانج لێی ڕێگریکردن بووە لە دووبارەبوونەوەی هێرشی هاوشێوەی 11ی سێپتەمبەر، بۆ ئەوەش ئەمریکا دەبووایە سنووری ئەو ناوچانەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەرتەسک بکاتەوە کە بە ناوچەی "بێ حوکمڕانی" ناسراون و گرووپە جیهادییەکان بۆ خۆشاردنەوە و پلاندانان سوودیان لێوەردەگرن.

ئەمریکا بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانە پشت بە کۆمەڵێک میکانیزم دەبەستێ، لەوانەش پشتگیری ئۆپەراسیۆنەکانی هێزەکانی هاوپەیمانان، ڕاهێنانی و مەشق، بەرەنگاربوونەوەی مادە هۆشبەرەکان و تاوانی ڕێکخراو و چەکە کیمیاییەکان، هاریکاریی مرۆیی، پرۆگرامەکانی پەروەردە و ئاڵوگۆڕی خوێندکاری سەربازی، دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان هێزە سەربازییەکاندا، بنیاتنان و پشتگیریکردن لە دامەزراوەکانی بەرگری و تۆمارکردن و گەڕان بە دوای کەسە شوێنبزرەکان.

یەکێک لەو ئامرازانەی ئەمریکا لە چوارچێوەی هاوکاریی سەربازیی خۆی بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەکاری دەهێنێ ئامرازی "فرۆشتنی چەک" و "تەکنەلۆژیای سەربازی"یە. وەک ڕاپۆرتەکە ئاماژەی بۆ دەکات، ئەمریکا جاران ئامرازە سەربازییەکانی خۆی بە وڵاتانی سەقامگیری ناوچەکە دەفرۆشت و پەیوەندییەکان لە چوارچێوەی "دەوڵەت و دەوڵەت"دا بوون.

بەڵام ڕووداوەکانی دەیەی ڕابردوو، ئەمریکای ناچار کردووە بەو ڕوانگەیەدا بچێتەوە و بەپێی ئەو هەڕەشانەی ڕووبەڕووی بەرژەوەندییەکانی دەبنەوە مامەڵە بکات، وەک چۆن لە سووریا و یەمەن ناچار بووە پشت بە هێزە وەکیلەکان ببەستێ (هێزەکانی سووریای دیموکرات و هێزەکانی نزیک لە حکومەتی یەمەن و هاوپەیمانێتی عەرەبی).

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، لە 2008 بۆ 2011، ئەمریکا ڕێگەی بە گواستنەوەی چەک بە بڕی 45 ملیار دۆلار بۆ سعودیە داوە، لە 2011 بۆ 2015ش ڕێگەی بە گواستنەوەی 17 ملیار دۆلار چەکی فرۆشراو بەو وڵاتە داوە. لە ساڵی 2003وە، لە چوارچێوەی پرۆگرامی فرۆشتنی چەک بە سوپا بیانییەکان (FMS)، بە بڕی زیاتر لە 23 ملیار دۆلار چەکی بە عێراق فرۆشتووە، ئەوە جگە لەوەی وەزارەتی بەرگریش 2.3 ملیار دۆلاری بۆ ڕاهێنان و پڕچەککردنی هێزە عێراقییەکان تەرخان کردووە.



ئۆپەراسیۆنی ئیدلب پەیوەندیی مۆسکۆ و ئەنقەرە ئاڵۆز دەکات

# کێ لە ئیدلب چی بەردەکەوێ؟

شارەزایەکی کاروباری تورکیا لە پەیمانگەی واشنتن:

### ئەردۆغان و پۆتین لەو قۆناغەدا پێویستیان بە یەکدییە، بۆیە خۆیان لە گرژیی زیاتر بەدوور دەگرن

ڕووداو- هەولێر

پێشڕەویی هێزەکانی لایەنگری حکومەتی سووریا و بۆردومانی هێزی ئاسمانیی ڕووسیا لە پارێزگای ئیدلب بەردەوامە. یەکێ لە لێکەوتەکانی ئەم ئۆپەراسیۆنە ئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکانی مۆسکۆ و ئەنقەرەیە. بەڵام شارەزایان بە دووری دەزانن تورکیا خۆی تووشی ڕووبەڕووبوونەوەی گەورە بکات، بەوپێیەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕووسیا لەوە هەمەلایەنتره کە تەنیا لەسەر ئیدلب تێکیان بدات.

## ئامانجی درێژخایەنی ڕووسیا

ڕووسیا بە درێژایی شەڕی نێوخۆی سووریا لە پشت ڕژێمی بەشار ئەسەد بووە. لە کۆتایی 2015 وە هاوکارییەکانی ڕووسیا ڕەهەندێکی ڕاستەوخۆتریان وەرگرت، کاتێک ڕووسیا بڕیاری دا هێزە ئاسمانییەکەی لە شەڕەکەدا بەشدار بێ. ئەو بەشدارییەی ڕووسیا باڵانسی هێزی بە قازانجی ئەسەد گۆڕی.

بە درێژایی چوار ساڵی ڕابردوو، ڕووسیا نەخۆشخانە، بازاڕ و شوێنە مەدەنییەکانی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئۆپۆزیسیۆن بۆردومان کردووە. ئامانج لەو تەکتیکە چۆڵکردنی ناوچەکان لەلایەن مەدەنییەکان و ڕێخۆشکردن بۆ پێشڕەویی هێزەکانی ئەسەد بووە.

بەڵام پشتگیریی ڕووسیا لە ئەسەد بەشێکە لە ستراتیژێکی بەرفراوان و درێژخایەنتر. ڕووسیا دوو بنکەی سەربازی لە سووریا هەیە کە یەکێکیان بنکەی ئاسمانیی حمێمیم و ئەوەی دیکەیان بنکەی دەریایی تەرتووسە کە دەرگایەکە بۆ ئەوەی ڕووسیا چاوی بەسەر دەریای نێوەڕاستەوە بێ.

پاڤڵ فێلگنهاوەر، شارەزای کاروباری سەربازیی ڕووسیا لە دامەزراوەی جەیمستاونی ئەمریکی، لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی (واشنتن پۆست)ی ئەمریکی دەڵێ: "کرملین ڕوانگەیەکی بەرفراوانتری هەیە کە تەنیا لە شەڕی نێوخۆی سووریادا کورت نابێتەوە. لەو دوو بنکەیەوە (حمێمیم و تەرتووس)، ڕووسیا هەژموونی خۆی لە سووریاوە بەرەو دەریای نێوەڕاست درێژ دەکاتەوە، بەڵام لە ڕوانگەی ڕووسیاوە، ئەو دوو بنکەیە دەبێ پارێزراو بن". وجوودی گرووپە توندڕەوەکان لە ئیدلب هەڕەشەیەکی بەردەوامە لەسەر ئەو دوو بنکەیە.

## ئامانجی سووریا

ڕژێمی ئەسەد هیچکات نەیشاردووەتەوە کە ئامانجیان گەڕاندنەوەی هەموو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئۆپۆزیسیۆن و سەپاندنەوەی دەسەڵاتی مەرکەزییە، بەڵام ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی ئیدلب مەترسی ئەوەشی بەدواوەیە کە هێزەکانی ڕژێم تووشی جەنگێکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ هێزەکانی تورکیا ببن، بەدەر لە پرسی گەڕاندنەوەی دەسەڵاتی ناوەندی بۆ ئەو ناوچانە، دیمەشق چاوی لە دەستکەوتە ئابوورییەکانیشە.

ئەیهەم کامیل، سەرۆکی پرۆگرامی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە گرووپی ئۆراسیا، بە ئاژانسی (بلومبێرگ)ی ئەمریکی دەڵێ: "ئەسەد دەیەوێ سنووری کۆنترۆڵی جوگرافیی خۆی لە ئیدلب و حەلەب فراوانتر بکات، ئەوەش هەم بۆ یەکلاکردنەوەی شەڕی نێوخۆیە و هەم بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی ڕێگا بازرگانییەکەی نێوان حەلەب و بەشەکانی دیکەی وڵاتە. بایەخی ئەمە بە تێپەڕینی کات زیاتر دەبێ. بە تایبەتیش لە کاتێکدا کە کێشەی لوبنان سەریهەڵداوە و کاریگەرییە ئابوورییەکەی بەسەر سووریاوە دەرکەوتووە".

بەپێی ڕێککەوتنەکەی 2018ی نێوان تورکیا و ڕووسیا، دەبووایە ڕێگای ستراتیژیی ئێم پێنج ڕادەستی حکومەتی سووریا بکرێت. ئەو ڕێگایە هەردوو پارێزگای دیمەشق و حەلەب بەیەکەوە دەبەستێ، بۆیە بە ڕێگایەکی بازرگانیی گرنگ دادەنرێ. ئەو مادەیەی ڕێککەوتنەکە و زۆربەی مادەکانی دیکە جێبەجێ نەکران.

## تەڵەیەک بۆ تورکیا

زیاتر لە ساڵێک بوو تورکیا و ڕووسیا لە چوارچێوەی ڕێککەوتنەکەی 2018ی سۆچی دۆخی ئیدلبیان کۆنترۆڵ کردبوو. لە چوارچێوەی ڕێککەوتنەکەدا تورکیا دەبووایە گرووپە توندڕەوەکانی سەر بە قاعیدە لە گرووپە میانڕەوەکان جیابکاتەوە و یارمەتی دروستکردن و پاراستنی ناوچەی ئارام بدات، بەڵام ئەنقەرە هیچکات نەیتوانی ئەو خاڵە جێبەجێ بکات و هێشتا هەیئەی تەحریری شام (بەرەی نوسرەی جاران) کە باڵی ڕێکخراوی قاعیدەیە لە سووریا، دەسەڵاتداری سەرەکیی ئەو پارێزگایەیە.

تورکیا بەپێی ڕێککەوتنێکی 2018ی لەگەڵ ڕووسیا 12 بنکەی چاودێری لە پارێزگای ئیدلب داناوە. سەرەتای مانگی شوبات، حکومەتی تورکیا هەزاران سەرباز و کەرەستەی سەربازیی قورسی ڕەوانەی پارێزگای ئیدلب کرد.

ئۆپەراسیۆنی ئیدلب زیاتر لە هەموو کاتێک ئەگەری پێکدادانی بەرفراوانی نێوان هێزەکانی ڕژێمی ئەسەد و هێزەکانی تورکیای هێناوەتە ئاراوە. ڕۆژی هەینی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن دووەم هەلیکۆپتەری سوپای سووریایان خستەخوارەوە، لە کاتێکدا چەند ڕۆژێک پێشتر هێزەکانی سووریا 14 سەربازی تورکیایان لە ئیدلیب کوشتبوو. ململانێی نێوان هێزەکانی ئەسەد و تورکیا مەترسی لەسەر بەرژەوەندییەکانی ڕووسیا لە سووریا دروستدەکات و ناکۆکییەکانی نێوان مۆسکۆ و ئەنقەرە فراوانتر دەکات.

سۆنەر چاگاپتای، شارەزای تورکیا لە پەیمانگەی واشنتن، دەڵێت تورکیا لەناو هەموو دراوسێکانیدا تەنیا لە ڕووسیا دەترسێ، چونکە "لە نێوان سەدەی 15 بۆ 20 ئەو دوو وڵاتە نزیکەی 20 جەنگیان کردووە کە لە هەموویاندا ڕووسیا براوەی کۆتایی بووە"، هەر بۆیە "سەرکردەکانی تورکیا سوورن لەسەر ئەوەی لە قەیرانی ئێستای ئیدلبدا خۆیان لە گرژکردنەوەی دۆخەکە بەدوور بگرن".

بەڵام چاگاپتای پێیوایە نە پوتین و نە ئەردۆغانیش ناوێرن لەو قۆناغەی ئێستا زۆر بڕۆن، لەبەر ئەوەی تورکیا لە لیبیا پێویستی بە هەژموونی ڕووسیایە بۆ ئەوەی هەنگاوەکانی داهاتووی ژەنەراڵ خەلیفە حەفتەر، سەرۆکی سوپای نیشتمانیی لیبیا لە دژی حکومەتی ویفاقی نیشتمانی جڵەو بکات.

لەلایەکی دیکەوە ڕووسیا دەیەوێ پەیوەندییەکانی ئێستای لەگەڵ تورکیا بپارێزێ، لەبەر ئەوەی ئەو پەیوەندییانە هەلی ئەوە بۆ مۆسکۆ دەڕەخسێنن کە درزەکانی ناو ناتۆ گەورەتر بکەن، بۆیە "پێدەچێ کرملین پەی بەوە بردبێ کە ئامانجە درێژخایەنە ستراتیژییەکانی باشتر دەستەبەر دەبن ئەگەر ڕێککەوتنێکی نوێ لەبارەی ئیدلبەوە بۆ ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆکی تورکیا پێشنیاز بکات".

لەو سۆنگەیەشەوە یەکێک لە بژارەکان ئەوەیە کە دوای ئەوەی هێزەکانی ئەسەد دووسایدی ئێم پێنج و ئێم چواریان لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی ئیدلب کۆنترۆڵ کردەوە، ڕێگە بە تورکیا و میلیشیاکانی بدەن دیوی باکوور و ڕۆژئاوای پارێزگاکەیان لەژێر دەستدا بمێنێتەوە.

## قەیرانی کۆچبەران

هیچکام لەم کێشمەکێشە سیاسییانە دڵی ئەو 800 هەزار ئاوارەیە خۆشناکات کە بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی نەتەوە یەکگرتووەکان لە سەرەتای کانوونی یەکەمەوە و بەهۆی هێرشی ڕژێم بۆ ئیدلب، ماڵ و حاڵی خۆیان جێهێشتووە و ڕوویان لە سنوورەکانی باکووری پارێزگاکە کردووە.

پارێزگای ئیدلب پێش دەستپێکی شەڕی نێوخۆی سووریا یەک ملیۆن کەس دانیشتووی هەبوو، بەڵام لە نۆ ساڵی شەڕی نێوخۆی سووریادا زیاتر لە دوو ملیۆن خەڵکی دیکە ئاوارەی ئەو پارێزگایە بوون.

پێش دەستپێکردنەوەی شەڕی ئیدلب، ڕێکخراوە مرۆییەکان کۆمەڵێک کەمپیان لە نزیک سنوورەکانی تورکیا بۆ ئاوارەکان دروستکردبوو، بەڵام بەهۆی لێشاوی ئاوارەکانەوە، ئێستا لە هەر خێوەتێکدا 30 بۆ 35 کەس دەژین، ژمارەیەکی زۆر لەو خێزانانە کە قسەیان بۆ (ڕۆیتەرز)ی بەریتانی کردووە، ئامادە نین بگەڕێنەوە ئەو ناوچانەی ئەسەد کۆنترۆڵی کردوونەتەوە.



بەهۆی شەڕی ئەمدواییەی ئیدلبەوە 800 هەزار کەس ئاوارە بوون (فۆتۆ: AFP)



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# پێناسەکردنەوەی شۆڕش

عەلی بچکۆل، یەکێک لە دەستە سەرەتاییەکانی کۆمەڵە و ئەندامێکی گرووپەکەی خاڵە شیهاب لە ئێران و تەسلیمکردنەوەیان بە عێراق و هاوەڵی زیندان، هەروەها دوای ئازادبوونی و گەڕانەوەی بۆ ناو شۆڕش کە بووە ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بەرپرسی هەرێم و مەڵبەند. لە چرکەساتی دوای ئەنفال و ئاودیوبوونی شۆڕش بۆ ئێران، بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە تیایدا بەشێکی ئۆباڵی ئەنفال دەخاتە ئەستۆی حیزبەکەی، بەوەی ڕێگەیان لە خەڵک گرت و نەیانهێشت خۆیان ڕزگار بکەن تا وەک نێچیرێک کەوتنە بەردەستی سوپای دڕندەی بەعس. بەهۆی ئەو بەیاننامەیەوە لەلایەن بەشێک لە سەرکردایەتی یەکێتییەوە دەرفەتی ژیانی لە ئێران بۆ نەمایەوە و پەڕاگەندەی پاکستان بوو.

دوای ساڵانێکی زۆر ڕێگەی گەڕانەوەی درا بێتەوە کوردستان. ئەوکاتەی بۆ یەکەمجار هاتەوە، دیدارێکی درێژم لەگەڵ کرد و لە کۆتایی نەوەتەکاندا لە گۆڤاری (ئاران) بڵاومکردەوە. دوای تەواوبوونی دیدارەکەمان، دەستی گرتم و گوتی ئەمەیان هەر بۆ خۆت و نابێ بڵاوی بکەیتەوە "ئەوەی لە هەردوو شۆڕشەکەدا من بەچاوی خۆم بینیومە، ئەگەر بەوردی و وەک خۆی بینووسمەوە و بڵاوبکرێتەوە، ئیتر کورد بیر لە شۆڕش ناکاتەوە. خۆ ئەگەر وەربگێڕدرێتە سەر زمانەکانی تر و بەجیهاندا بڵاوبکرێتەوە، ئەوە دڵنیابە هیچ میللەتێک بیر لە شۆڕش ناکاتەوە". ئێستا کاک عەلی بچکۆل بیرەوەرییەکانی خۆی نووسیوەتەوە، بەداخەوە هێشتا دەستم نەکەوتووە و نەمخوێندووەتەوە و نازانم خۆی هیچ لەو ڕاستیانەی تۆمار کردووە، یان لەبەر نائومێدنەکردنی نەوەکانی داهاتوو هەر لە یادەوەریی خۆیدا شاردوونییەوە؟

بەڵام ئەوەی مایەی خۆشحاڵییە، ئەوەیە ماوەیەکە بەشێک لە کارەکتەرە دیارەکانی ناو شۆڕش و هێزە سیاسییەکان دەستیان داوەتە نووسینەوەی بیرەوەرییەکانیان و خەریکە کەلێنێک لە پێویستی نووسینەوەی مێژوو پڕ دەکەنەوە. هەرچەندە سەرنج زۆرن بەهۆی ئاڵۆزیی ڕووداوەکان و هەندێجار خۆدوورگرتن لە کێشە، هەروەها جۆرێک لە موراعاتکردنی یەکتری، بەشێک لە ڕاستییەکان دەشاردرێنەوە یان ئاوەژوو دەکرێن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لێرەو لەوێ کەسانێکیان ئازایانەتر پەنجە دەخەنە سەر برینەکان و وردتر دیوە پەنهان و شاراوەکان بۆ خوێنەر ڕوون دەکەنەوە.

پێشتر لە (بیرەوەریی پێشمەرگەیەک) کە یاداشتەکانی محەممەدی حاجی مەحموودە، پرسێک سەرنجی ڕاکێشابووم، بەڵام لەم ماوەیەی ڕابردوو لە کتێبخانەی برادەرێکدا چاوم کەوتە سەر کتێبێکی کۆن (بیرەوەرییەکانی سەید کاکە)، کە لە ساڵی 1989 لە دیوی ئێران نووسیویەتی. هەستمکرد بەهۆی ئەوەی لە گەرماوگەرمی دوای شکستی شۆڕش و دوای ئەنفال نووسیویەتی، دەشێ ڕووداوەکانی باشتر تۆمار کردبن. ڕوخسەتم لێخواست ئەم کتێبە ببەم و گوتم بۆشت ناهێنمەوە. دەستمکرد بەخوێندنەوەی، ئەوەی من بەدوایدا دەگەڕام و مەبەستم ڕووداوەکانی ئەنفال بوو، زۆر کەمتر بوون لەوەی بردمییەوە سەر هەمان ئەو پرسەی لە کتێبەکەی کاکە حەمەدا بۆم بووبووە پرسیار. ئەویش کوشتنی کورد بوو بە دەستی کورد، کوشتنی پێشمەرگە بە دەستی جاش، کوشتنی جاش بە دەستی پێشمەرگە، کوشتنی پێشمەرگە بە دەستی پێشمەرگە.

سەید کاکە وەک چۆن بەدڵێکی ساف و ڕۆحێکی پاکەوە بووە بە پێشمەرگە، ئاوهاش بەدڵێکی پاک و ڕۆحیەتێکی کوردانەی دوور لە ڕک و کینە و ستایشی کەس و داتاشینی تۆمەت بۆ کەسیتر، ئەوەی بینیویەتی و بیستوویەتی و بە عەقڵی ئەوکاتەی هەڵسەنگاندنی بۆی هەبووە، بەبێ ڕتووش نووسیویەتییەوە. لەبەر ئەو سادەیی و هەروەها لەبەر ئەوەی لەو ڕۆژگارەدا نووسیویەتی، دەتوانم بڵێم لە زۆر لەو یاداشت و بیرەوەریانە پڕ زانیاریتر و بەکەڵکترە کە دوای سی بۆ چل ساڵ ڕووداوەکانیان گێڕاوەتەوە. لە خوێندنەوەی دێڕ و لاپەڕەکانی ئەم بیرەوەرییانەوە لە قسەکەی کاک عەلی بچکۆل تێگەیشتم کە بۆچی ترسی ئەوەی هەبوو گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ناو شۆڕش، لەبری دروستکردنی ئیرادە، نائومێدی دروستبکەن.

سەید کاکە کوڕە جووتیارێکی دەشتی هەولێر لە دەستی ئاغا و زوڵمی ئاغاکان یاخی دەبێ و چیرۆکی ژیانی لە بەرپاکردنی شۆڕشێکەوە دژ بە دەرەبەگایەتی دەستپێدەکات و تا تێکەڵبوونی بە شۆڕشی میللەتەکەی، ململانێ ناوخۆییەکانی شۆڕش، بەریەککەوتنەکانی هێزە سیاسییەکان، شەڕی براکوژی، هەموو ئەوەی لە ساڵی 1961وە تا ساڵی 1988 بینیویەتی و تیایدا بەشدار بووە، یاداشتی کردووە. کتێبێکە دەتوانرێت وەک سەرچاوەیەکی بەکەڵک بۆ زۆر بابەتی مێژوویی وەک سەرچاوە سوودی لێ ببینرێت. هیوادارم دەزگایەکی چاپ و بڵاوکردنەوە سەرلەنوێ بە چاپێکی جوانتر و بە تیراژێکی زۆر سەرلەنوێ چاپی بکەنەوە، تا خوێنەر بە ئاسانی بتوانێ بەردەستی بخات.

ئەوەی لەو کتێبە و پێشتریش لە یاداشتەکانی کاکە حەمەی حاجی مەحموود دەیخوێنیتەوە، هەروەها ئەو زانیاریانەی تائێستا لە یادەوەریی بەشێک لەو کارەکتەرانەی تردا ماون و باس نەکراون، دەتخاتە بەردەم پرسێکی هەستیار کە پێویستە کورد دەستی بۆ بەرێت. ئەویش سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی شۆڕش و شۆڕشگێڕێتییە. لە تۆمارکردنی ڕووداوەکانی ناو کتێبەکەی سەید کاکە، لە ژمارەی ئەو شەڕانەی لە ساڵی 1961 تا ساڵی 1964 لە نێوان پێشمەرگە و جاش کراون، هەروەها ئەو شەڕانەی لە 64 تا 70 لەنێوان بەرەی (جەلالی و مەلایی) کراون لە دەشتی هەولێر، هەروەها ئەو شەڕانەی دواتر لەنێوان یەکێتی و پارتی، یەکێتی و شیوعی، یەکێتی و حسک، یەکێتی و بزووتنەوەی ئیسلامی ڕوویانداوە و ژمارەی ئەو قوربانیانەی سەید کاکە لەو شەڕانە لە هەردوو تەرەفی شەڕ تۆماری کردوون، دەگەیتە باوەڕێکی ترسناک کە زۆرینەی (شۆڕشگێڕەکان) بەدەستی یەکتر کوژراون.

ئەوەی لەم کتێبە یاداشتەدا تۆمارکراوە، بەشێکی کەمی پانتایی ڕووداو و ململانێکانی ناو شۆڕشە. محەممەدی حاجی مەحموودیش باس لە بەشێکی تری ناوچەیەکی جیاواز دەکات و ئەگەر سبەی هەر کاکێکی تر لەو کارەکتەرانەی ناو شۆڕش لە سنوورەکانی خۆیان بیرەوەری و یاداشتەکانیان بڵاوبکەنەوە، ئەوکات دیمەنێکی فراوانتر دەبینین. بەڵام هەر ئەوەی تا ئێستا ئەمان باسیان کردووە، بەسە بۆ ئەوەی دەیان توێژینەوەیان لەبارەوە بکرێت و مێژوونووسان بخاتە بەردەم هەڵوەستەی سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی ڕابردوومان. لێرەوە بۆت دەردەکەوێ کورد بە باش و بە جاشییەوە هەر خەریکی کوردکوشتن بوون. جاشەکان لەلایەن دەوڵەتەوە وەک دەسکەلا و ئامراز بەکاربراون بۆ کوشتنی پێشمەرگە. بەڵام دەبینی بەشێکی زۆری تەمەنی شۆڕش و حیزبەکانیش خۆتەرخانکردن بووە بۆ کوشتنی یەکتری. جاش پێشمەرگەی کوشتووە، پێشمەرگە جاش و پێشمەرگەی حیزبەکانی تریشی کوشتووە. هیچ فەوجێکی جاش نییە جاشی فەوجێکی تری کوشتبێت، ئەوان وەک جاش برابوون و لەناو خۆیاندا جاشبراکوژییان نەکردووە. بەڵام بیرەوەرییەکان ئەوەمان پێدەڵێن پێشمەرگە براکان زۆریان لەیەکتر کوشتووە. ئەگەر بەوردی ئامارێک بکرێت، دەردەکەوێت ئەوەندەی پێشمەرگە بەدەستی پێشمەرگە کوژراوە، هیچکات ئەوەندە پێشمەرگە بەدەستی جاش و سوپا نەکوژراون.

پێویستە کورد ئازایانە دەست بخاتە سەر ئەم برینە. پێویستە توێژینەوەی جۆراوجۆری لەسەر بکرێت و ڕەهەندە جیاجیاکانی شیبکرێنەوە. نەک هەر وەک پێویستییەکی تەواوکردنی مێژوو، بەڵکوو وەک پێویستییەکیش بۆ عیبرەت لێوەرگرتن. بۆ نەفرەت لێکردن و بۆ ڕێگری لە دووبارەبوونەوەی. هەروەها بۆ پێناسەکردنەوەی شۆڕش و شۆڕشگێڕێتی.



زریان ڕۆژهەڵاتی*
ziryan.rojhelati@rudaw.net

# کورد و جیهانی "ناڕۆژئاوایی"

یەکێک لە دیارترین باسەکانی ئەمساڵی کۆنفرانسی ئاسایش لە میونیخ، سەردەمی "ناڕۆژئاوا"ییە لە سیاسەتی جیهانیدا. هەرچەندە باسەکانی تایبەت بە کەمبوونەوەی کاریگەریی ڕۆژئاوا لەسەر جیهان تازە نین، بەڵام چەمکی "ناڕۆژئاوایی" دەستبردن بوو بۆ بابەتێکی گەورە کە پۆتانسیێلی گۆڕینی سیاسەتی جیهانی لەهەناودایە.

کورد لەکوێی جیهانی "ناڕۆژئاوایی" دایە؟ پێویستە لەم قۆناغەشدا چۆن بجووڵێتەوە؟ ئەمانە پرسیاری گرنگن، چونکە کاریگەریی ئەو گۆڕانەی کە ئێستا خەریکە ڕوودەدات، بۆ هەموو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و کوردستانیش شۆڕدەبێتەوە.

بابەتی سەرەکیی ئەمجارەی کۆنفرانسی میونیخ کە (14-16)ی ئەم مانگە بەڕێوەچوو "ناڕۆژئاواییبوون" لە سیاسەتی جیهانیدا بوو. چەمکی "ناڕۆژئاواییبوون" کە لە ڕاپۆرتەکەی وڵفگانگ شینگەر، سەرۆکی کۆنفرانسەکەدا باسکرا، دواتر لە گوتەی بەشێک لە بەرپرسانی ئەورووپیشدا ڕەنگیدایەوە. بەڵام وەزیری دەرەوەی ئەمریکا وەک زیادەڕۆیی ئاماژەی بۆ کرد.

لە ڕاپۆرتەکەی ئەمساڵی کۆنفرانسی میونیخ ئەوە بەڕوونی دیارە کە ڕوانگەی ناڕۆژئاواییبوون نەک لە دیدێکی جوگرافی، بەڵکوو لە ڕوانگەیەکی سیاسی- ئەمنی و بەپێی هەندێک پێوەری وەک:

1- پابەندبوون بە لیبراڵ- دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ..-2 ئابووریی بازاڕ.. -3 هاوکاریی نێودەوڵەتی لەڕێی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە سەیرکراوە.

جا ئەگەر بەپێی ئەو پێوەرانەی ڕۆژئاوا کە بۆ خۆیشیان جێگەی پرسیارن، تەماشای دنیای ئەمڕۆ بکەین، ناهەق نییە ئەگەر بڵێین دنیا زیاتر لە ڕۆژئاواییبوون بەرەو ناڕۆژئاواییبوون دەچێت. ڕژێم و دیدگای سیاسی، پۆپۆلیستی و نەتەوەگەرا و ناساز لەگەڵ مافەکانی مرۆڤ، لە ئەمریکا، چین و ڕووسیاوە بگرە هەتا ئەورووپا و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، مۆری خۆیان لە چارەکی یەکەمی سەدەی بیستویەک داوە. بنەماکانی ئابووریی بازاڕ و بازرگانیی ئازاد لەڕێی جەنگە ئابوورییەکانەوە کەوتوونەتە ژێر پرسیار. هاوکاریی نێودەوڵەتی لەڕێی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانەوە وەک جاران بڕ ناکەن و توانای چارەسەرکردنی کێشەکانی دنیایان نییە. بەپێی ڕاپۆرتەکەی کۆنفرانسی میونیخ، لە 193 وڵاتی ئەندامی نەتەوەیەکگرتووەکان، تەنیا 129یان لە وەختی خۆیدا پارەی ئەندامبوونیان دەدەن کە ئەمەش خۆی بایەخی ئەو دامەزراوەیە کەمتر دەکاتەوە. ئێستا ئیدی لە جیاتی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و نەتەوەیەکگرتووەکان، بۆ چارەسەکردنی کێشەکان زیاتر پەنا بۆ پەیوەندییە دووقۆڵی و چەند قۆڵییەکان و کۆنفرانسەکان دەبردرێت. لە هەمووشی گرنگتر ئەوەیە کە تێگەیشتنی ڕۆژئاوا لە پرسە ئەمنییەکان بەرەو گۆڕان دەچێت. ئەمریکا گەشەی تەکنۆلۆژیی چین و هۆشی زیرەک لەو وڵاتە، لە ڕووسیا بە مەترسیدارتر دەزانێت. ئەورووپا چین و ڕووسیا و ئەمریکا بە مەترسی بۆ سەر ئایندەی خۆی دەزانێت و لە خەمی داهاتووی خۆیدایە. ناتۆش کێشەی تێدایە. قەیرانی سووریا نەک لە نەتەوەیەکگرتووەکان، بەڵکوو لە ئاستانە و سۆچی، کێشەی لیبیاش نەک لە نیویۆرک، بەڵکوو لە بەرلین گفتوگۆی لەسەر دەکرێت.

ئێستا بە دڵنیاییەکی زیاترەوە دەتوانین بڵێین دنیا بەهێواشی و لەسەرخۆ بەرەو نەزمێکی تازە دەچێت کە لەوانەیە پێوەرەکانی، ئەوانەی ڕۆژئاوا نەبن!

## ڕەنگدانەوەی "ناڕۆژئاوایی" لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست

زۆرێک لە دەوڵەتانی ئێستای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەرهەمی قۆناغێکن کە هێزە ڕۆژئاواییەکان بەسەر سیاسەتی جیهانیدا زاڵبوون. لە کۆی 16 وڵاتی دیاری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە 11یاندا جۆرێک ڕژێمی سیاسی تۆتالیتەر هەن کە یان پادشایین یان کۆمارین. تەنیا پێنجیان جۆرێک دیموکراسییان تێدایە کە ئەوانیش جگە لە قوبرس و ئیسرائیل، لە پاشەکشەدان. زۆربەی وڵاتانی ناوچەکە لە ڕیزەکانی هەرەدواوەی مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسی و ئازادیدان. لانیکەم تا ئێستا، هەرجۆرە خواستێکی گۆڕانکاری لەم ناوچەیە بەبەرچاوی دنیا و لەژێر هەژموونی "نەزمی ڕۆژئاوایی"دا بە توندترین شێواز سەرکوتکراون، دواترین نموونەیان عێراقە کە لە ڕیزی دیموکراسییە گەنجەکانی ئەم ناوچەیە دادەنرێت! خۆی لە بنەڕەتدا ئەکتەرە سەرەکییەکانی جیهان زیاتر لە پێوەرە ڕۆژئاواییەکان، بەپێی هاوسەنگیی هێز و بەرژەوەندی لەگەڵ دەوڵەتانی ئەم ناوچەیە جووڵاونەتەوە. بەرهەمی ئەمەش زۆربوونی پەنابەران، کێشەی تیرۆر و تاوانی ڕێکخراوە کە لەسەر ڕۆژئاواش هەڕەشەن. ئێستاش کە خودی ڕۆژئاواییەکان باس لە سەردەمی ناڕۆژئاوایی لە دنیا دەکەن، لەوانەیە ورەی بەشێک لە سەرکردەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بۆ سەرکوتکاریی زیاتر بەرزتر بێتەوە و داشی ڕژێمە سیاسییەکانی ئەم ناوچەیە سوارتر بێت.

لە بنەڕەتدا ئەو پێوەرانەی کە ڕۆژئاوا باسیان دەکات، زیاتر بۆ ڕۆژئاوایە نەک هەموو جیهان. ئەوان بە کردەوە، زیاتر لە بڵاوکردنەوەی هەموو پێوەرە ڕۆژئاواییەکان، کاریان لەسەر ئەوانە کردووە کە دەسکەوتی ئابووری و سیاسیی خێراتریان هەیە. بێگومان بازرگانیی ئازاد لە جۆری ڕژێمە سیاسییەکان و مافەکانی مرۆڤ پڕبایەختر بووە بۆ ڕۆژئاوا. هەڵبەت دواجار ئەمانەش لەشێوەی کێشەکانی پەنابەران، تیرۆر و ڕێکخراوە تاوانکارییەکانەوە بەسەر ئەواندا شکاونەتەوە. ئەو دۆخەی کە ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەیە و ئەو کێشانەی کە لەم ناوچەیەوە بەرەو دنیا دەچن، لە ئەنجامی چاوپۆشیکردنی ڕۆژئاوایە لەو پێوەرانەی کە خۆی بانگەشەی بۆ کردوون. ئەو کاتەی کە ڕۆژئاوا هێزی سیاسی و سەربازیی هەبوو بۆ جێگیرکردنی پێوەرەکانی، زیاتر ڕێگای دانوستاندن و ڕێککەوتنی لەگەڵ ڕژێمە سیاسییەکانی ئەم ناوچەیە گرتەبەر و ئێستاش کە هێزەکەی لە داکشانداندایە، کارێکی ئەوتۆی پێناکرێت مەگەر جارێکی دیکە خۆی کۆبکاتەوە!

ناڕۆژئاواییبوون بە دیوێکی دیکەشدا گوزارشت لە کەمبوونەوەی باڵادەستیی سەربازی و سیاسیی ڕۆژئاوا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەکات. ئەمەش جگە لە جەنگی ناڕاستەوخۆ، ئەگەری پێکدادان و بەریەککەوتنی ڕاستەوخۆی دەوڵەتانیشی زیاتر کردووە. لە دەریاوە تا دەریا (کەنداو- دەریای مێدیتەرانە)، لە باشووری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەتا ملی باکووری ئەم ناوچەیە، زنجیرەیەک ناکۆکی و ململانێی بەهێز لە ئارادان کە ماتەوزەی جەنگیان تێدایە. بەپێی ڕاپۆرتی کۆنفرانسەکەی میونیخ، لە ساڵی 2020دا جگە لە سووریا، ئەگەری پێکدادان لە 10 ناوچەی دیکەی جیهان هەیە کە پێنجیان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئەفریقان!

ناڕوونیی سیاسەتی ڕۆژئاوا و تاڕادەیەکیش گۆڕانی ئەولەویەتەکانی، بووەتە هۆی ئەوەی ڕووسیا ببێتە یاریگۆڕی سەرەکی لەم ناوچەیەدا. لە کێشەی لیبیاوە بگرە هەتا سووریا، ئیسرائیل- فەلەستین، عێراق و ئێران، ڕووسیا یان یاریگۆڕی یەکەمە یان بەرەو بەهێزبوون دەچێت. دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش بایەخێکی زیاتریان بە ڕووسیا داوە و هەوڵیانداوە بەدوای هاوسەنگییەکدا بگەڕێن. ئیسرائیل کە یەکێک لەبەرچاوترین هاوپەیمانەکانی ڕۆژئاوایە لەم ناوچەیە، بەبێ هەماهەنگی لەگەڵ ڕووسیا هەرگیز ناتوانێ لە ئۆپەراسیۆنەکانی خۆی لەدژی ئێران لە سووریا بەردەوام بێت. کشانەوەی ئەمریکا لە عێراق لە کۆتایی 2011 و بڕیارەکەی ترەمپ بۆ کشانەوەی هێزەکانی لە سووریا، وای لە سعودیە و وڵاتانی ناوچەکە کرد بەشێوەیەکی جدیتر بیر لە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ڕووسیا و چین بکەنەوە.

بە لەبەرچاوگرتنی مامەڵەی ڕاستەوخۆی مۆسکۆش لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەکە و سیاسەتەکەی بۆ پاراستنی وەزعی مەوجود، دەتوانین بڵێین باڵادەستیی ڕووسیا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، دەتوانێت لەماوەی درێژخایەندا بە زیانی گەشەکردنی دیموکراسی و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لەم ناوچەیە بشکێتەوە.

## کورد و سەردەمی ناڕۆژئاوایی

سەردەمی ناڕۆژئاوایی پرسی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە دووڕییانێکدا داناوە. لەلایەک دەرفەت لەلایەکی دیکەش مەترسیی لەبەردەمدایە. پاشەکشەی سەختەهێزی ڕۆژئاوایی لەم ناوچەیە، سەرەتا ڕێگەی بۆ گەلەکۆمەیەکی ناوچەیی خۆشکرد کە بەتەمای پێچانەوەی کیانی هەرێمی کوردستان بوو لە 2017. دواتر ئەمە لە ڕۆژئاوای کوردستانیش ڕوویدا و بێدەنگییەکی نێودەوڵەتیش بەرامبەر سیاسەتەکانی تورکیا لەمەڕ کێشەی کورد بینرا. بەهەمانشێوە، سەری کێشەی کورد، هاوشێوەی گەلێک لە کێشەکانی دیکە لە ئێرانیش هەروا بە کپکراوی هێڵرایەوە.

کەمبوونەوەی باڵادەستیی ڕۆژئاوا لە جیهاندا دەتوانێت ڕێگا بۆ پێداویستی زیاتری ئەوان بە ئەکتەرە نادەوڵەتییەکانی وەکوو کورد لەم ناوچەیە خۆش بکات، بەڵام ئەمە دیوێکی دراوەیەکە و دەتوانێت ڕێگا بۆ بەهێزبوون و هاوکاریی زیاتری دەوڵەتانی ناوچەکە خۆش بکات کە ئەوەش بە زیانی کورد دەشکێتەوە. ئێستا کورد بەشێوەیەکی درووست هەوڵی ڕاگرتنی باڵانس لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکا- ڕووسیا، ئەورووپا و وڵاتانی ناوچەکە دەدات، بەڵام لەوانەیە ئەمە هەتا سەر بەکەڵک نەبێت.

پاشەکشەی پێوەرەکانی ڕۆژئاواش دەتوانێت ڕێگا بۆ درێژبوونەوەی تەمەنی ڕژێمە نادیموکراتییەکانی ئەم ناوچەیە خۆش بکات. ئەمەش بەردەوامیی کۆچ و پەنابەریی چینی نێوەڕاستی ئەم ناوچەیە و درێژەکێشانی کێشە سیاسی و ئەمنی و کۆمەڵایەتییەکانی لێدەکەوێتەوە. کاریگەریی گێژاوەکانی ئەم ناوچەیەش لەسەر پرسی کورد، دەتوانێت لەشێوەی بەردەوامیی ناکۆکییە نێوخۆیی و دەرەکییەکانی کورددا بەردەوام بێت.

ئیمانوێل ماکرۆن، سەرۆکی فەرەنسا لەسەر ئەم قۆناغی ناڕۆژئاواییە گوتوویەتی، ئەگەر مشووری خۆمان نەخۆین کەسانێکی دیکە دێن و لە جیاتی ئێمە بڕیارمان بۆ دەدەن. ئەمە بۆ کوردیش وایە. دواجار لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانیشدا بنەمایەک هەیە کە هیچکەس فریای ئەویتر نەکەوێت. دەبێ هەرکەس مشووری خۆی بخوات. ئامادەیی سیاسی و سەربازی بۆ ناڕوونییەکانی قۆناغی ناڕۆژئاوایی پڕبایەخە. ڕێگایەکی ئەمەش بە چاکسازییەکی ڕاستەقینە، دەزگامەندیی سیاسی و سەربازییدا تێپەڕ دەبێت.

***توێژەر لە ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو**

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.



رێبوار کەریم وەلی
rebwar2001@yahoo.com

# یەکەم مانۆڕی هاوسەرۆکەکان

## 1

سەرباری نامەی توند و تارادەیەکیش هەڕەشەئامێزی کۆسرەت رەسوڵ، سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای سیاسیی یەکێتی بۆ راگرتنی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی، ئەنجومەنەکە دوو جاری دیکەش دانیشت و کاری تێپەڕاندنی پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتیی کۆتایی پێهێنا. هەموو ماددەکانی پەیڕەوی ناوخۆ هەموار کرانەوە و هەندێ بڕگەشیان هێشتنەوە بۆ ئەوەی لە داهاتوویەکی نزیکدا، خاڵی کۆتاییان لەسەر دابنێن. هەر لە ئاستانەی تەواوبوونی دانیشتنەکان و تەنانەت هەڵبژاردنی هاوسەرۆکەکان، دوو هاوسەرۆکەکە (لاهوور جەنگی و بافڵ تاڵەبانی) زۆر زیرەکانە سەردانی کۆسرەت رەسوڵیان کرد بۆ ئەوەی وای پێشانبدەن کە دانیشتنەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و بەرپێگرتنیان لە دەسەڵاتی ئەواندا نییە و، داوایان لێکرد رۆژی شەممە سەرۆکایەتی کۆبوونەوە بکات بۆ هەڵپەساردنی دانیشتنەکان تا دەگەنە رێککەوتنێک! کۆسرەت رەسوڵ بەشداریی کرد و دانیشتنەکان هەڵپەسێردران، بەڵام جەوهەری کێشەکان هەر وەکو خۆیەتی.

هەنگاوی دووەمی هاوسەرۆکەکان بریتییە لەوەی هەوڵی پاراستنی ئەو دەسەڵاتانە بدەن کە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی بڕیاری لێدراوە. رەنگبێ وەکو ئەوەی کە خاوەنی زۆرترین دەنگەکانی کۆنگرە و زۆرترین ئەندامن لە ئەنجومەنی سەرکردایەتیدا، ئامادە نەبن مساوەمە لەسەر زۆر شت بکەن، بەڵام بە شێوەیەکی کاتی و بۆ قۆناغێکی راگوزەر، ئامادەییان تێدا دەبێت، بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ هەندێک میکانیزمی دیکەی بڕیار (وەکو مەکتەب سیاسی و دەستەی کارگێڕی) بۆ یەکێتی زیاد بکەن. تەنانەت دەسەڵاتێکی زۆریش بدەن بە ئەنجومەنی باڵای سیاسی. چونکە پلانەکە وایە کە تەمەنی ئەم ئەنجومەنە لەگەڵ تەمەنی کۆسرەت رەسوڵدایە و لەڕاستیدا لەویش زیاتر حیساب بۆ هیچ کەسێکی دیکە ناکەن.

ئەزموونی سیاسیی هاوسەرۆکەکانی یەکێتی دەریخستووە کە تەنانەت ئەگەر پارتیش پشتی نەگرێت، سڕینەوەی کۆسرەت رەسوڵ لە هاوکێشە سیاسییەکان و ململانێی هێز لەناوخۆی یەکێتی و کوردستان هێندە کارێکی ئاسان نییە و دوایین بەربەستی بە بنەماڵەییکردنی موتڵەقی یەکێتییە. هەر بۆیەشە رەنگبێ نەسیحەتکاران ئەوەیان بەگوێدا چرپاندبن کە تا ئەو کاتەی بارەکەیان لە پردەکە دەپەڕێننەوە، بە کۆسرەت رەسوڵ بڵێن (مامە)!

## ناوەندی بڕیار زیندوو دەبێتەوە؟

## 2

راستییەکەی ئەنجامی دانوستاندنەکان بگاتە هەر کوێیەک، چ یەکێتی دوو هاوسەرۆکی هەبێ یان زیاتر، یان ئەوەتا دەستەی سەرکردایەتی بێت یان ترۆیکا (سێ قۆڵی)، گرنگ ئەوەیە دەسەڵاتی کۆتایی لای بنەماڵەی تاڵەبانییە. لە کۆتایی 2012 کە تاڵەبانی نەخۆشکەوت، ئێرانییەکان پێشنیازی ترۆیکایان بۆ کردن (هێرۆ برایم ئەحمەد، بەرهەم ساڵح و کۆسرەت رەسوڵ) بۆ ئیدارەدانی یەکێتی. فەشەلی هێنا چونکە 1ی ئەیلولی 2016 هەردوو جێگرانی سکرتێری گشتی، ناوەندی بڕیاریان لە دژی ماڵباتی تاڵەبانی پێکهێنا. نووسەری بەیاننامەی ناوەندی بڕیار، بێئاگایی زۆرینەی سەرکردایەتیی یەکێتی و جێگرانی سکرتێری گشتیی لە سەروەت و سامان و ئیدارەدانی یەکێتی راگەیاند. رەنگبێ دوای جیابوونەوەی نەوشیروان مستەفا لە یەکێتی، ئەوە گەورەترین تەحەددای ناڕازییەکان بوو‌بێت کە عەرشی ماڵباتی تاڵەبانیی هەژاند.

بۆیە بۆ بەرتەرەفکردنی ئەو هەوڵە، لە نووسەری بەیاننامەکەوە دەستیانپێکرد و رێککەوتنێکیان بۆ لەباربردنی ناوەندی بڕیار لەگەڵدا ئیمزا کرد، هەر بۆیەش قەڵای ناوەندەکە کە ئومێدێکی زۆری لەسەر هەڵچنرابوو، لەناوەوەڕا فەتح کرا. ئەمە کاریگەرترین حەملەی ماڵباتی تاڵەبانی بوو بۆ لاوازکردنی پێگەی کۆسرەت رەسوڵ، هەنگاوەکانی دواتری ناڕازییەکان پتر پەیوەست بوون بە جێبەجێنەکردنی ئەو وەعد و بەڵێنانەی کە لە رێککەوتنە ژێربەژێرەکان دەدران و کاردانەوەی کاتی بوون.

پشتیوانیی کۆسرەت رەسوڵ لە ریفراندۆم، دروستکردنی هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و تەنانەت 16ی ئۆکتۆبەریش دەرهاویشتەی ململانێی ناوخۆی یەکێتی بوون بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی موتڵەقی بنەماڵەی تاڵەبانی لەناو یەکێتیدا.

ئێستا کۆنگرە، دواهەمین هەنگاوی بۆ هێنانەدی ئەو خەونە لەسەر سینییەکی زێڕ پێشکەشی بنەماڵەی تاڵەبانی کردووە. ئەو دوو ئامۆزایە دەتوانن لە داهاتوودا پێکەوە هەڵبکەن، یان پێویستیان بە ناوەندی گوشار دەبێ بۆ عەیاردانی یەکتری ئەوە قسەیەک و باسێکی دیکەیە، بەڵام ئەوەی روون و ئاشکرایە، ئەوەیە کە ئیتر ناوەندی بڕیار خودی بنەماڵەی تاڵەبانین.

## لە جیاتی کارەبا، غاز و نەوت!

## 3

دروستکردن، وێنەگرتن و بڵاوکردنەوەی هەندێک دیمەن بۆ شکاندنی کەسایەتیی سیاسییەکان هەر تایبەت نییە بە کوردستان، بگرە لە زۆر وڵاتی دنیا، وەکو چەکێکی کاریگەری موخابەراتی بۆ لێدانی نەیارەکان بەکاردێت. ئەو کارانە لە توانای شەخسێک و کەسێک بەدەرە و، بگرە کارێکی پلان بۆ داڕێژراوی موخابەراتییە و ئەو تەکنۆلۆژیایەی ئێستا وایکردووە، بوختانێک یان دروستکردنی ڤیدیۆیەک جا ساختەبێت یان راست، لە چەند سەعاتێکدا، ئەو کەسە لەبەردەم ملیۆنان کەسدا شەرمەزار بکات.

ئەوەی جێگای داخە، ئەوەیە کە لە کوردستان ساڵانە ملیۆنان دۆلار لەو سێکتەرەدا خەرج دەکرێت، هەر لەو ئافرەتانەوە بگرە کە بۆ ئەو کارە پارە وەردەگرن، تا ئەو هەموو ستاف و کارمەندەی کە ئەرکی وێنەگرتنی عەورەتی سیاسی و بەرپرسەکانیان پێ سپێردراوە. جارێ مەعلوم نییە لە کوردستان دەزگاکانی موخابەرات تا چ ئەندازەیەک چوونەتە ناو ژیانی کەسیی خەڵکەوە و کێ فیلمی لێ گیراوە؟ بەڵام ئەگەر بەشێکی ئەم کارە بریتی بێت لە داوێنپیسیی هەندێک کەس، ئەوا بەشەکەی دیکەی بەرنامەیەکی چڕە بۆ بەبارمتەگرتنی خەڵک و کۆیلەکردنیان، لە رێگەی هەڕەشەی بڵاوکردنەوەی ئەو گرتانەوە.

خەڵکی کوردستان لە کاتێکدا بە تامەزرۆییەوە کرتە لەسەر ئەو لینکانە دەکەن، کە لەو سەرمایەدا، بێ نەوت، کارەبا، ئاو و غاز بە دیار شاشەی کۆمپیوتەرەکانیانەوە دانیشتوون، بەڵام ئەوانە ئەسڵەن موهیم نین، چونکە تا چەند دەقیقەیەکی دیکە بەرپرسەکە بە رووتی دەبینن و هەناویان گەرم دەبێتەوە!



ئازاد وەڵەدبەگی
azadwaladbagi@gmail.com

# سەرهەڵدانی قەیرانێکی نوێ لە عێراق

هێزە ئەمەریکییەکان کە ساڵی 2003 بۆ رووخاندنی رژێمی بەعس هاتنە ناو عێراق، هەتا ساڵی 2011 ژمارەیان دەگەیشتە 170 هەزار سەرباز، بەڵام پاش رێککەوتنی ئەمنی لە نێوان عێراق و ئەمەریکا لە ساڵی 2008، بەشێکی زۆری ئەم هێزانە تا کۆتایی ساڵی 2011 کشانەوە. پاش هێرشی داعش لە ئابی 2014 سەرلەنوێ ئەم هێزانە لە چوارچێوەی هاوپەیمانێتی دژ بە داعش گەڕانەوە و ژمارەیان لە عێراق لە کاتی ئێستادا دەگاتە پتر لە پێنج هەزار کەس. سەرەتا، سوننەکانی عێراق کە بەهۆی هاتنی هێزەکانی ئەمەریکاوە دەسەڵاتی عێراقیان لەدەست دابوو، زۆر بە توندی دژایەتی مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکایان دەکرد. شیعەکانیش پاش ئەوەی کە دەسەڵاتی وڵاتیان بەدەستەوە گرت و جێی خۆیان قایمکرد، بەرەبەرە خوازیاری کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا بوون لە عێراق، چونکە بە ئاستەنگیان دەزانی بۆ دەسەڵاتە نوێیەکەی خۆیان و، رێککەوتنی ئەمنیی نێوان هەردوو وڵاتیش هەر بۆ ئەو مەبەستە بوو.

پاش جەنگی داعش لە ساڵی 2014 و فراوانبوونی نفووزی ئێران لە عێراق و توندتربوونەوەی ململانێی تاران-واشنتن (بەهۆی کشانەوەی ئەمەریکا لە رێککەوتنی ئەتۆمی) و بە وردیی پاش کوشتنی قاسم سولەیمانی و جدیتربوونی مەترسی مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لەسەر دەسەڵاتی شیعە لە عێراق و ئێران، لایەنە شیعییەکان هەوڵەکانی خۆیان بۆ وەدەرنانی هێزە ئەمەریکییەکان لە عێراق چڕتر کردەوە، هەربۆیە لە 2020/1/5 بڕیارێکی نامولزەمیان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەرکرد کە سێ خاڵی بنەڕەتی لەخۆدەگرێت: ناچارکردنی حکومەتی عێراق بۆ هەڵوەشانەوەی داوای هاوکاری لە هاوپەیمانێتیی دژ بە داعش و کۆتاییهێنان بە وجودی هێزە بیانییەکان لە عێراق، رێگری لەبەکارهێنانی ئاسمانی عێراق بە هەر هۆکارێک بێت و سکاڵای فەرمی عێراق بۆ بەردەم نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجومەنی ئاسایش دژ بە کرداری سەربازیی ئەمەریکا لەناو خاکی عێراق.

ناکۆکییە ستراتیژییەکان لەنێوان کورد، شیعە و سوننە لە کاتی دەنگدان بۆ پرۆژە بڕیاری کشانەوەی هێزە بیانییەکان (کە دیارە نووکی خەنجەرەکە رووی لە ئەمەریکایە) لە ئەنجومەنی نوێنەران بە روونی دەرکەوت، کورد و سوننە نەچوونە ناو دانیشتنەکە و بایکۆتیان کرد. ئەمەش دڵی شیعەکانی عێراق و حکومەتی ئێرانی لە کورد رەنجاند. نامانەوێ باسی ئەوە بکەین کە ئایا ئەم بڕیارە لەڕووی یاساییەوە چەند بایەخی هەیە، چونکە پێشتر دادگای باڵای فیدراڵی لە عێراق لە بڕیارەکانی ژمارە (57/ اتحادیە/2011) و (89/ اتحادیە/2019)ی خۆیدا ئەمەی براندووەتەوە و بڕیاری لەسەر ئەوە داوە کە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەسەڵاتی دەرکردنی بڕیاری تەشریعی نییە بەدەر لەو حاڵەتانەی کە لە دەقی دەستووردا دیاریکراوە.

ئەوەی کە لێرەدا مەبەستمانە باسی بکەین، ئەوەیە کە لە عێراقی تەژی لە ناکۆکی و ململانێ و قەیرانی جۆراجۆر، بابەتی کشانەوەی هێزە ئەمەریکییەکان لە عێراق بووەتە خاڵێکی نوێی ناکۆکی لەنێوان کورد و سوننە لەگەڵ شیعە. هەڵوێستی کورد و سوننە لەم بارەیەوە، ئەو راستییەی سەلماند کە کورد و سوننە دەرچوونی هێزە ئەمەریکییەکان بە مەترسی لەسەر ئایندەی خۆیان و فراوانتربوونی هەژموونی شیعە دەزانن، هەربۆیە مانەوەی ئەمەریکا وەک گەرەنتییەک دەبینن بۆ پاراستنی مافەکانیان و راگرتنی هاوسەنگیی هێز لەنێوان پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراق. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە هەتا ئێستا حکومەتێکی نیشتمانی لە بەغدا دروست نەبووە جێی متمانەی هەموو هاووڵاتیان بێت، بەڵکوو ئەوەی کە هەیە حوکمێکی تایفییە، واتە شیعەش بە شوێن هەمان ئادرێسە هەڵەکەی سوننەدا چوون لە ماوەی هەشتا ساڵ حوکمڕانییان لە عێراق.

ناکۆکیی ئەو سێ پێکهاتەیە لەسەر بابەتی کشانەوەی هێزە ئەمەریکییەکان نیشانەی ناکۆکیی ستراتیژیی ئەو سێ لایەنەیە و لە ئەگەری پێداگریی شیعە لەسەر ئەم بابەتە، پێدەچێ ناکۆکییەکان قووڵتر ببنەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی خولقاندنی قەیرانێکی نوێ لە عێراق و لە ئەگەری چارەسەرنەبوونی ئەم قەیرانە لە رێگەی گفتوگۆ و رێکاری سیاسی و نەگەیشتن بە چارەسەرێکی تەوافوقی، دوور نییە هێز و لایەنە عێراقییەکان (کورد، سوننە و شیعە) بە هاندانی دەرەکی و ئامادەیی چەک لە کایەی سیاسی عێراق، جارێکیتر بیانەوێ ئەم ناکۆکییە لە رێگای سەربازییەوە چارەسەر بکەن، ئەمەش وڵات بەرەو ئایندەیەکی نادیار دەبات.

لەم سەروبەندەدا، ئەمەریکییەکان رایانگەیاندووە کە نەک هەر بە نیازی کشانەوە نین لە عێراق، بەڵکوو هەندێ دەنگوباسیش هەیە کە بنکەکانیان لە هەرێمی کوردستان زیاتر دەکەن، ئەمەش لە ئەنجامدا قووڵتربوونەوەی ناکۆکی نێوان هەولێر- بەغدا و تارانی لێدەکەوێتەوە. هەربۆیە وا چاوەڕوان دەکرێ لە ئەگەری بەردەوامیی ئەم ناکۆکییە گوشارەکانی تاران و بەغدا لەسەر هەولێر زیاتر بێت و ناکۆکییە ستراتیژییەکانی نێوانیان پتر دەرکەوێت، بەڵام سەرەڕای بێمتمانەیی ستراتیژی پێدەچێت هاوکاریی تاکتیکی نێوانیان بەهۆی ئیلزاماتی دراوسێتییەوە بەردەوام بێت.

هەروا پێدەچێ لە ئەگەری قووڵتربوونەوەی ناکۆکی نێوان کورد و سوننە و شیعە، مانەوە و بەردەوامییان لە چوارچێوەی دامودەزگاکانی حکومەتی عێراقدا دژوارتر ببێت، کە لەسەر بنەمای سازانی نێوان ئەو سێ پێکهاتەیە دروستبووە. جگە لەمەش، دوور نییە کاریگەری نەرێنی لەسەر رەوتی پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراقی هەبێت، کە وا بڕیارە لەلایەن محەممەد تۆفیق عەلاوییەوە پێکبێت.



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# ئەمریکا ناتوانێ بکشێتەوە

ئەوروپییەکان گرەویان لەسەر دەرچوون یان لاوازبوونی ئەمریکا لە ناوچەکەی ئێمە و بەتایبەتیش لە عێراق کردووە. بۆیە دەیانەوێ ئەوروپا ئەو بۆشاییە لەڕووی سیاسی و ئەمنییەوە پڕبکاتەوە. ئەمەم لە قسەکانی سەرۆکی دۆسیەی کەنداو لە پەرلەمانی ئەوروپا بۆ دەرکەوت، کە رۆژانی رابردوو لە دیبەیتێکدا* بۆ (رووداو)، لە باڵەخانەی پەرلەمانی ئەوروپا، قسەی بۆکردم. هەرچەندە پەرلەمانی عێراق بڕیاری دەرکردنی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دا، بەڵام رۆژ بە رۆژ دەنگی سەرکردە عێراقییەکان بۆ رەتکردنەوەی ئەو بڕیارە بەرزتر دەبێتەوە. یەکەمین کەسیش کە پاش بڕیارەکەی پەرلەمان بەئاشکرا لەسەر پێویستیی مانەوەی ئەمریکا و هێزە هاوپەیمانەکانیان لە عێراق بۆ میدیا قسەی کرد، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، نێچیرڤان بارزانی بوو. بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە کە تەنانەت ئەگەر سەرکردە عێراقییەکانیش داوای نەکەن و هەڕەشەی داعشیش نەمێنێ، ئەمریکا بەجدییەتی و دەیەوێ لە عێراق دەرچێ؟

دوو شت هەن کە دەبێ بزانرێن: یەکەمیان ئەو ژمارانەی دەریدەخەن ئەمریکا لە بیست ساڵی رابردوودا چ خەرجییەکی لە جەنگ لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و شوێنەکانی دیکەی جیهان بەناوی "بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر"ەوە کردووە و ناکرێ ئەو هەموو خەرجییەی هەروا بڕوات، دووەمیش ئەو بەڵێنەی سەرۆک ترەمپ لەبەر ئاگادارنەبوون لەو ژمارانە بە دەنگدەرانی خۆی داوە و ئەو دووڕییانەی لەسەر رێگەی خۆکاندیدکردنەوەی تێیکەوتووە و لە ئێمە باشتر دەزانێت کە ناتوانێ، تەنانەت بە پێوەری بازرگانیش بێت، ئاوا بەئاسانی سفر هیچ بەدەستەوە لە ناوچەکە دەرچێت.

با بە ژمارەکان دەستپێبکەین: راپۆرتێکی (ئینستتیوتی واتسن)ی ئەمریکیم لەبەردەستە کە وێنەیەکی روونمان دەداتێ. بەپێی ئەو راپۆرتە، تاوەکو ساڵی 2020 کۆی خەرجییەکانی جەنگەکانی ئەمریکا کە لەدوای یازدەی سێپتەمبەرەوە بەناوی دژایەتیی تیرۆرەوە کردوویەتی، دەگاتە 6 تریلیۆن و 408 ملیارد دۆلار. ئەو خەرجییانە بەوە وردکراونەتەوە کە تریلیۆنێک و 959 ملیاردی لەلایەن پێنتاگۆنەوە بۆ بواری سەربازی خەرجکراوە، 131 ملیارد دۆلاری لەلایەن وەزارەتی دەرەوە وەک هاریکاریی USAID خەرجکراوە و 437 ملیارد دۆلاری بۆ هاریکاریی تەندروستی و بەتایبەتیش بۆ ئەو سەربازانەی بوونەتە خاوەن پێداویستیی تایبەت خەرجکراوە. لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە بۆ پاراستنی ئاسایشی نێوخۆی ئەمریکا تریلیۆنێک و 54 ملیارد دۆلار خەرجکراوە. جگە لەو خەرجییانەی دیکەش کە بەهۆی سووی راکێشانی پارە لە خەزێنەی دەوڵەت و شوێنەکانی دیکەوە بۆ باربووکردنی جەنگ کەوتوونەتە سەرشانی دەوڵەتی ئەمریکا، چاوەڕوان دەکرێ ئەگەر هەر ئێستا ئەمریکا لە تەواوی ئەو 80 دەوڵەتە بکشێتەوە کە شەڕەکانی تێدا بەڕێوەدەچێت، ئەوە یەک تریلیۆنی دیکەی بۆ ساڵانی داهاتوو پێویستە، تەنیا بۆئەوەی خزمەتی تەندروستیی بریندار و سەربازە گەڕاوەکانی جەنگەکانی پێ بکات. ئەوەی جیاوازیی نێوان ملیۆن و میلیارد و تریلیۆن بزانێ، دەزانێ ئەو ژمارانە خەیاڵین و ناکرێ دەوڵەتێکی وەک ئەمریکا بەبێ ستراتیژێکی درێژخایەن و بۆ هیچ دەستکەوتێک خەرجی بکات.

کێشەکە ئەوەیە ترەمپ کە بووە سەرۆکی ئەمریکا، بەو بەڵێنە دەنگی خەڵکی هێنا کە سوپای ئەمریکا لەو جەنگانە بکێشێتەوە و بیانهێنێتەوە ماڵەوە. دوای ئەوەی بووە سەرۆک، ترەمپ دەیزانی ئەمە وا ئاسان نییە، بەڵام بۆ بوونەوە بە سەرۆکی ئەمریکا لە خولی دووەمدا، دەبووایە و هێشتاش دەنگدەرەکانی قایل بکات کە بەڵێنەکەی خۆی جێبەجێ کردووە. ئەوەی کە هێزەکانی ئەمریکای لە رۆژئاوای کوردستان کشاندەوە و دوایی بەناوی پاراستن و بردنی نەوتی سووریاوە دیسان هێشتنیەوە، یەکێک بوو لەو مانۆڕ و شۆیانەی ترەمپ بۆ رازیکردنی دەنگدەرەکانی کردی. ئەوەش کە ترەمپ خۆی لە جەنگێکی نوێ لەگەڵ ئێران لادەدات، تەنیا بەو مەرجە نەبێ کە وڵاتانی دیکە لەڕووی داراییەوە سپۆنسەری بکەن، نیشانەی ئەوەیە کە ترەمپ دەزانێ خەرجییەکانی جەنگێکی دیکە بۆ ئەمریکا لەو ناوچەیەدا چەند قورس دەبن.

رەنگە تاران و پرۆکسییەکانی بیانەوێ ترەمپ بەر لە هەڵبژاردن بکەوێتە بەردەم بژارەی شەڕێکی بچووکی سنووردار. نموونەش ئەو قسانەیە کە سەرکردەی بزووتنەوەی نوجەبای سەر بە حەشد و پرۆکسیی ئێرانی کردی و گوتی بەمزووانە دەست بە چالاکییەکانیان لەدژی ئەمریکا دەکەن. پێدەچێ ئەوە بۆ ئیستیفزازکردنی ئەمریکا و دنەدانی بۆ ئەنجامدانی کردەوەی سەربازی بێت، بەڵام وەک دەردەکەوێ، ترەمپ تاوەکو دوای هەڵبژاردنەکان ئەوە ناکات. بۆ دوای هەڵبژاردنیش دەیەوێ لە ناوچەکەدا بمێنێتەوە و وردە وردە بەئاراستەی ئارامکردنەوەدا بیبات. تاوەکو بە وەبەرهێنان لە بواری ئابووریدا ئەوەی ساڵەهایە دەیچێنێ، بەرهەمەکەی بدوورێتەوە. دەبێ ببینین ئەمەی بۆ دەچێتە سەر یان نا، بەڵام ئەگەر سەرکەوێ بۆ کوردستان شتێکی باشە.

*** پوختەیەکی دیبەیتەکە لە لاپەڕە (17)ی ئەم ژمارەیەی رووداودا بخوێنەوە.**

**ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.**

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



## هێزا تورک: چیرۆکی هەڵاتنم لە تورکیا دەکەمە فیلم

10

خاوەنی ئیمتیاز: تۆڕی میدیایی رووداو
سەرنووسەر: سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر: ساڵح قادر rodan@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی
دیزاینەران: هونەر مەرجان، کاکە مەلا ئەسعەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات
نووسینگەی سلێمانی: دەروازە ستی
ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی
Tel: 0751 811 00 13 – 0750 486 34 12
rudaw@rudaw.net

### 700 هەزار بینەری هەبووە

# بینەری بیانی باسی شێخ دارا دەکەن

"لەکۆتاییدا کەسێک تیشکی خستووەتە سەر خەڵکێکی دڵخۆش لەو وڵاتە"

**ڕێباز عەلی**
**رووداو – هەولێر**

کورتە ڤیدیۆیەکی دارا شێخ حەسەن، پێشکەشکاری (رووداو) لە کاتی پێشکەشکردنی بوڵتەنەکانی کەشوهەوا دەبێتە جێی سەرنجی یەکێک لە بەناوبانگترین تۆڕە هەواڵییەکانی ئەمریکا و لە تویتەر و ئینستاگرامی خۆیان بڵاوی دەکەنەوە، ڤیدیۆکەش لە هەردوو تۆڕەکە زیاتر لە 700 هەزار کەس بینیویانە.

دەرکەوتنی دارا شێخ حەسەن وەکو پێشکەشکاری کەشوهەوا، یەکێکی دیکە بوو لە هەنگاوە گرنگەکانی تۆڕی میدیایی رووداو. بێژەری کەشناسی لە جیهاندا خاوەنی کەسایەتی تایبەتی خۆیانن. خەڵکی هەرێمی کوردستانیش بە کەسایەتی و نوکتە و قسە خۆشەکانی شێخ دارا ئاشنان. گرنگیی بوڵتەنەکانی شێخ دارا وەکو کەسێکی خاوەن ئەزموون و مێژوویەکی درێژ لە بواری کەشناسی لە هەرێمی کوردستان زیاتر سەرکەوت کاتێک شەپۆلێکی بەفربارین زۆربەی شارەکانی کوردستان و ناوچەکەی گرتەوە.

لەماوەی هەفتەی رابردوودا بوڵتەنی کەشوهەوا کە لە ستودیۆکانی رووداو لە سلێمانی پێشکەش دەکرێت، چەند جارێک شێخ دارا بوڵتەنەکەی بردە دەرەوەی ستۆدیۆ و لەنێو بەفرە زۆرەکەی دەوروبەری شاری سلێمانی بەشێوەیەکی راستەوخۆ پێشکەشی کرد. رۆژی پێنجشەممەی رابردوو لە کاتی کۆتاییهێنان بە بوڵتەنەکەی، شێخ دارا کەوتە بەر هێرشێکی توندی تۆپەڵە بەفر لەلایەن هەندێ گەنج کە بۆ شەڕە تۆپەڵ و بەسەربردنی کاتێکی خۆش چووبوونە دەرەوەی شار.


دارا حەسەن، رۆژانە لە دوو گەشتی هەواڵ لە سلێمانییەوە پێشبینییەکانی کەشوهەوا دەخاتەڕوو

دیمەنی هێرشی تۆپەڵە بەفری سەر شێخ دارا هەرزوو سەرنجی پرۆدیوسەرەکانی کەناڵی ABC NEWSی راکێشا و لە پلاتفۆرمە جیاوازەکانی تەلەفزیۆن و سۆشیاڵمیدیای کەناڵەکە بڵاویانکردەوە.

تا نووسینی ئەم بابەتە، تەنیا لە تویتەری ABC@ زیاتر لە 508 هەزار کەس ڤیدیۆکەی شێخ دارایان بینیوە و 690 جار ریتویت کراوەتەوە. لە ئینستاگرامیش زیاتر لە 200 هەزار کەس بینەری هەمان ڤیدیۆ بوون. ئەو تێکستەی کە لەگەڵ ڤیدیۆکە دانراوە دەڵێت: "بۆمبباران کرا: بێژەری هەواڵی تەلەفزیۆنێک بووە قوربانیی هێرشێکی تۆپەڵە بەفر لەکاتی پێشکەشکردنی راپۆرتێک دەربارەی کەشوهەوای زستان لە عێراق".

ئەوەی جێی سەرنجە، ئەو گفتوگۆیەیە کە لە تویتەر لەدوای بڵاوکردنەوەی ئەو ڤیدیۆیەی شێخ دارا لەلایەن ABC NEWSەوە درستبووە. زۆربەی ئەوانەی بەشدارییان لە گفتوگۆکەدا کردووە، رەخنە لە ABC دەگرن و دەڵێن ئەوە کوردستانە نەک عێراق. پیەر کە پێدەچێ لە ئەڵمانیا بێت، دەڵێت: "ئەوە کوردستانە و عێراق نییە". تۆماس دوبیتانتی تویت دەکات و دەڵێت: "سوپاس ABC کە خەڵکی عێراقتان وەکو خەڵکێکی نۆرماڵ پیشاندا".

هەندێک لەوانەی کە بەشدارییان لە گفتوگۆکاندا کردووە، پێدەچێ پێیان سەیر بێت کە خەڵک لەم ناوچەیە خەریکی کەیف و خۆشی بن. جیم داندی لە کالیفۆرنیای ئەمریکا دەڵێت: "خۆشحاڵم ببینم عێراقییەکان لەخۆشیدان". بەشداربوویەکی دیکەش تویت دەکات و دەڵێت: "لەکۆتاییدا کەسێک تیشکی خستووەتە سەر خەڵکێکی دڵخۆش لەو وڵاتە".

جێف شمیتیش لە ویلایەتی ئایۆوای ئەمریکاوە دەڵێت: "ئەمە پێشڤەچوونێکی زۆر باشە، چونکە 15 ساڵ پێش ئێستا ئەوانە خەریکی شتی دیکە بوون".

هەندێک بەکارهێنەری دیکە باس لە ئارامگریی دارا حەسەن دەکەن، بەکارهێنەرێک نووسیویەتی "زۆر ئارامە" و کەسێکی دیکە نووسیویەتی "بیرکردنەوەیەکی زۆر پرۆفیشناڵانەیە".

دارا شێخ حەسەن ماوەی 42 ساڵ لە بەڕێوەبەرایەتی فەرمانگەی کەشناسی و بوومەلەرزەی سلێمانی کاری کردووە، 21 ساڵ بەڕێوەبەری ئەو فەرمانگەیە بوو، لە تەممووزی 2018 خانەنشین کرا. ئەو بە پیاوی بارانەکە ناسراوە و پێشبینییەکانی بۆ کەشوهەوا وای کردووە بەردەوام خەڵک گوێی بۆ بگرن.

دارا شێخ حەسەن وەک پێشکێشکاری رووداو، رۆژانە لە دوو گەشتی هەواڵ لە سلێمانییەوە پێشبینییەکانی دەخاتەڕوو، بەیانیان کاژێر 9:45 خولەک، ئێوارانیش 16:45 خولەک.

ABC یەکێکە لە کۆنترین و گەورەترین تۆڕە هەواڵییەکانی ئەمریکا و جیهان. رۆژانە دەیان ملیۆن ئەمریکی بینەری پرۆگرامە جیاوازەکانی کەناڵەکەن. پەیجی تویتەری ABC نزیکەی 15 ملیۆن فۆڵۆوەری هەیە و لە ئینستاگرامیش زیاتر لە دوو ملیۆن فۆڵۆوەر.

"ئەمە پێشڤەچوونێکی زۆر باشە، چونکە 15 ساڵ پێش ئێستا ئەوانە خەریکی شتی دیکە بوون"

"بیرکردنەوەیەکی زۆر پرۆفیشناڵانەیە"

